کەرکووک... بە بڕیارێکی ڕاکان جبووری 180 خێزانی کورد کەوتوونەتە بەر شاڵاوێکی دیکەی تەعریب

تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

XEBAT

خەبات

ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (5781) چوارشەممە 3ی تەمموز 2019 «16» لاپەرە «500» دینار



بەپێی زانیارییەکان، پێش نیوەڕۆی دوێنێ سێشەممە 2019/7/2 هێزێکی سەر بەلیوای 61ی نووسینگەی سەرۆکوەزیران و تیمێکی بنکەی پۆلیسی عەرەفە چوونەتە سەر ژمارەیەک ماڵ لە گەڕەکی عەرەفە. ئەو هێزە عێراقییانە مۆڵەتی چەند ڕۆژێکیان بە ژمارەیەک مالّی گەڕەکەکە داوە، کە ئەگەر لەکاتی دیاریکراو خانووەکانیان چۆڵ نەکەن، ئەوا دەیانڕووخێنن.

لەمبارەیەوە هەڵوێستەیاری پەیامنێری کوردستان تیڤی دەڵێت: دانیشتوانی گەڕەکی عەرەفە موسەیەجە خەڵکی ئاوارەن و لەدوای پرۆسەی ئازادی عێراق لە ساڵی 2003 گەڕاونەتەوە بۆ کەرکووک. هەڵوێستەیاری گوتیشی: 180 خێزان لەئێستادا بەبڕیارێکی ڕاکان جبووری پارێزگاری ناشارعی کەرکووک کەوتوونەتە بەر شاڵاوێکی دیکەی تەعریب و دەرکردنیان لەکەرکووک.

د.بەشیر حەداد: مەترسی بڕینی بودجەی هەرێم لە 2019دا نییە

د.بەشیر حەداد جێگری دووەمی سەرۆکی پەرلەمانی عێراق لە دیمانەیەکیدا لەگەڵ بەشی کوردی دەنگی ئەمەریکا باس لەچەند تەوەرێک سەبارەت بە پرسە جیاوازەکان لە عێراق، هەروەها پرسی هەرێمی کوردستان دەکات.

سەبارەت بە قسەی ئەو پەرلەمانتارانەی عێراق کە حکوومەتی هەرێم پابەند نییە بە ڕادەستکردنی نەوت بە بەغدا؟ و دەنگۆی بڕینی موچەی فەرمانبەرانی هەرێم هەیە جارێکی تر؟ د.بەشیر حەداد دەڵێت: وەک دەزانرێت ئێستا شاندەکان لەنێوان هەولێر و بەغدا لە هاتوچۆدان بۆ گفتوگۆ، مەسەلەی بودجە بۆ ئەم ساڵی 2019یە کە چەند مانگێکی ماوە مەترسی بڕینی نییە چونکە ئەوە لەیاسای بودجەدا چەسپێنراوە، بەڵام ناتوانین بۆ ساڵی2020 گەرەنتی بدەین چۆن دەبێت؟ کە ئەم بڕە پارەیە دەمێنێ کەمتر یا زیاتر؟ چونکە ئەوە پەیوەندی هەیە بە بەرەوپێشچوونی ئەو گفتوگۆیانەی ئێستا لەنێوان بەغدا و هەولێر هەیە و ئەو ڕێککەوتنانەی کە چاوەڕوان دەکرێت ئەنجام بدرێت لەنێوان هەردوولادا. حکوومەتی هەرێم پابەندی خۆی دەربڕیوە بەڕادەستکردنی ئەو بڕە نەوتە، بەڵام خۆ ئەگەر ڕادەستیش نەکرا ئەمە لەیاسای بودجەدا چارەسەرکراوە کە لە حاڵەتێک ئەگەر هەرێمی کوردستان پابەند نەبوو ئەوا پارەی ئەو 250 هەزار بەرمیل نەوتە لە بودجەی هەرێمی کوردستان دەبڕدرێت و ئەوەی مایەوە دەیدرێتێ، ئێستاش هەروا دەکرێت، واتە حکوومەتی عێراقی هەموو بودجەی هەرێمی نەناردووە بەڵکو پارەی ئەو 250 هەزار بەرمیل نەوتەی لێ بڕیوە، ئەمەش دووبارە لەیاسا جێگەی بۆتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە داوا دەکەین هەرێمی کوردستان ئەم بڕە نەوتە ڕادەستی بەغدا بکات تا بۆ ساڵی 2020 ئەم کێشانە چارەسەر بکات.

زیاتر لە لاپەرە سێ بخوێنەوە



2

سەرۆکی هەرێمی کوردستان و شاندێکی نەتەوە یەکگرتووەکان دۆخی ناوچەکە تاوتوێ دەکەن



3

نەتەوە یەکگرتووەکان پشتگیری لە بەرنامەی حکوومەتی داهاتووی هەرێمی کوردستان دەکات

پەرلەمانتارێکی یەکێتی: دەبێت پەکەکە ئاڵۆزیی زیاتر دروست نەکات 3

ڕێبوار تاڵەبانی بۆ خەبات: دۆخی شارەکە ئاسایی بکرێتەوە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی پارێزگا لەناو کەرکووک دەکرێت

سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووک ڕایدەگەیەنێت، دۆخی کەرکووک ئاسایی بکرێتەوە، کۆبوونەوەی ئەنجومەنی پارێزگا لەناو کەرکووک ساز دەکرێت. ڕۆژی دووشەممە 2019/7/1 پارتی و یەکێتی بۆ ئاسایکردنەوەی دۆخی کەرکووک و دانانی پارێزگارێک کراوە.

ڕێبوار تاڵەبانی، سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووک، لەمبارەوە بە خەباتی ڕاگەیاند: تا ئێستا لەسەر کەسی دیاریکراو بۆ پۆستی پارێزگاری کەرکووک ئاگادار نەکراوینەتەوە، بەڵام دەزانم هەردوولا هاوڕان لەسەر ئاسایکردنەوەی دۆخی کەرکووک و دانانی پارێزگارێک پێکەوە ، پێشتر خواستەکە جیاواز بوو و یەکێتی داوای دەکرد کە پارێزگار پێش ئاسایکردنەوەی شار دابنرێت، پارتی داوای ئاسایکردنەوەی پێش پارێزگاری دەکرد، وا دەزانم ئێستا هەردوولا تەنازولیان کردووە و پێیان باشە هێڵێکی وەسەت هەبێت.

زیاتر لە لاپەرە دوو بخوێنەوە

د. ئەحمەد سەفار: بۆ ساڵی 2020 گۆڕانکاری لە بودجەی گشتیی عێراقدا دەکرێت

وەزارەتی دارایی عێراق ماوەی چەند ڕۆژێکە سەرقاڵی ئامادەکردنی پرۆژەیاسای بودجەی گشتیی عێراقە بۆ ساڵی 2020 نوێنەرێکی کوردیش لە لیژنەی دارایی پەرلەمانی عێراق دەڵێ، دیاریکردنی پشکی هەرێم بە ڕێککەوتن دەبێت لە نێوان هەرێمی کوردستان و عێراق. دکتۆر ئەحمەد سەفار، ئەندامی لیژنەی دارایی لە پەرلەمانی عێراق، بە مالپەڕی فەرمیی پارتی ڕاگەیاندووە: هەنگاوەکانی ئامادەکردنی پرۆژەیاسای بودجەی گشتیی عێراق بۆ ساڵی 2020 دەستپێکردووە، لە ئێستادا وەزارەتی دارایی و ئابووریی حکوومەتی عێراق سەرقاڵی ئامادەکردنی پرۆژەیاسای بودجەی ساڵی ئایندەیە و سێ نوێنەری لیژنەی دارایی و ئابووریی پەرلەمانیش لەگەڵ وەزارەتی دارایین بۆ ئامادەکردنی بودجە، هەفتانە چەند کۆبوونەوەیەک بەڕێوە دەچن و بڕیارە لە دوای مانگی ئەیلوولی ئەمساڵ پرۆژەیاسای بودجە ڕادەستی پەرلەمان بکرێت.

زیاتر لە لاپەرە دوو بخوێنەوە



4

ڕیفراندۆمی کوردستان دەبێتە تێزی ماستەری قوتابییەکی کورد لە پۆلۆنیا



6

لەماوەی 6 مانگدا بەهۆی ڕووداوی هاتوچۆوە 75 کەس گیانیان لەدەستداوە



7

بڕێکی زۆر بەناو دەرمانی ساختە و ڕێگەپێنەدراو لە کۆگایەکی شاراوە دەستیان بەسەرداگیرا



6

دابەشکردنی پارەی بەشداربووانی گوندی کۆری دەستپێدەکات



کۆنگرەی ناودارانی کورد لەشاری سنە دەستی بەکارەکانی کرد

3

سەرۆکی هەرێمی کوردستان و شاندێکی نەتەوە یەکگرتووەکان دۆخی ناوچەکە تاوتوێ دەکەن



خاتوو پلاسخارد دوا بەرز نرخاند.

بەڕێوەچوو، جەخت لەوە کرایەوە کە نەتەوە یەکگرتووەکان دەتوانێت ڕۆڵێکی بەرچاو لە دیالۆگی هەولێر - بەغدا و چارەسەرکردنی کێشەکانی عێراق بەگشتی و بەتایبەتی ئەوانەی پەیوەستن بە ناوچە کێشەلەسەرەکان و ماددەی 140ی دەستووری عێراقەوە، بەبینێت. لای خۆیەوە بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سوپاسی ڕێکخستنی کۆبوونەوەیان لەگەڵ ئەندامانی ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتمانی کرد و هیوای خواست ئەم جۆرە دیدارانە بەردەوام بن بەمەبەستی لەنزیکەوە ئاگاداربوون لە کێشەکانی عێراق بەگشتی و بەتایبەتی کێشەکانی هەولێر - بەغدا، لەمبارەیەوە ئامادەیی هەرێمی کوردستانی بۆ هەر دیالۆگێک نیشان دا بە شێوەیەک گرفتەکان بەپێی نەخشەڕێگەیەکی گونجاو چارەسەر بکرێن.

تاوتوێکردنی دۆخی هەرێمی کوردستان و هەنگاوەکانی پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێم، لایەنێکی دیکەی کۆبوونەوەکە بوو.

بەرز نرخاند.

لە کۆبوونەوەیەکی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستاندا لەگەڵ خاتوو جێنین هێنس پلاسخارد نوێنەری تایبەتیی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق و شاندێکی یاوەری کە پاشنیوەڕۆی دوێنێ سێشەممە 2019/7/2 لە هەولێر بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتمانی و ئەنجامی کۆبوونەوەکە و هەڵوێستی هەرێمی لە کۆبوونەوەکەدا



وەزیری نەوتی عێراق بۆ خەبات:

لە کێشەی ئەمەریکا و ئێران بێلایەن دەبین

خەبات/ مەریوان نەقشبەندی

وەزیری نەوتی عێراق سامر ئەلغەزبان لە لێدوانێکی تایبەت بە ڕۆژنامەی خەبات ئاماژەی بە مەترسییەکانی داخستنی گەرووی هورمز لەکەنداو کرد و گوتی: لەم تەنگژە مەترسیدارەی نێوان ئەمەریکا و ئێراندا عێراق بێلایەن دەبێت و لاگیری هیچ کام لەو دوو وڵاتە ناکات. لەدرێژەی لێدوانەکەیدا وەزیری نەوتی عێراق تەئکیدی لەسەر زەروورەتی بەردەوامبوونی گفتوگۆ لەنێوان هەولێر و بەغدا بۆ چارەسەرکردنی کێشە نەوتیەکانی نێوان هەردوولا کرد و تەئکیدی کردەوە کەوا تورکیا و هەرێمی هەرێمی کوردستان تاکە بەدیلی هەناردەکردنی نەوتی عێراق دەبن ئەگەر خوانەخواستە ڕێگای کەنداو بۆ هەناردەکردنی نەوت گیرا. هیواشی خواست لەنزیکترین کاتدا هەردوو حکوومەتی عێراق و هەرێم لەسەر کۆی گشتی سیاسەتی نەوتی عێراق ڕێکبکەون. لەبەشێکی تری لێدوانەکەیدا سامر غەزبان گوتی: ناو بەناو کێشەی دەستدرێژی کردنە سەر بۆریەکانی نەوت لە باشووری عێراق هەیە، بەڵام بەشێوەیەکی کاتییە و بەخێرایی چارەسەری دەکەین.

د. ئەحمەد سەفار: بۆ ساڵی 2020 گۆڕانکاری لە بودجەی گشتیی عێراقدا دەکرێت

وەزارەتی دارایی عێراق ماوەی چەند ڕۆژێکە سەرقاڵی ئامادەکردنی پڕۆژەیاسای بودجەی گشتیی عێراقە بۆ ساڵی 2020 نوێنەرێکی کوردیش لە لیژنەی دارایی پەرلەمانی عێراق دەڵێ، دیاریکردنی پشکی هەرێم بە ڕێککەوتن دەبێت لە نێوان هەرێمی کوردستان و عێراق. دکتۆر ئەحمەد سەفار، ئەندامی لیژنەی دارایی لە پەرلەمانی عێراق، بە مالپەڕی فەرمیی پارتی ڕاگەیاندووە: هەنگاوەکانی ئامادەکردنی پڕۆژەیاسای بودجەی گشتیی عێراق بۆ ساڵی 2020 دەستپێکردووە، لە ئێستادا وەزارەتی دارایی و ئابووریی حکوومەتی عێراق سەرقاڵی ئامادەکردنی پڕۆژەیاسای بودجەی ساڵی 2020 ن.



بودجەی ساڵی ئایندەیە و سێ نوێنەری لیژنەی دارایی و ئابووریی پەرلەمانیش لەگەڵ وەزارەتی دارایین بۆ ئامادەکردنی بودجە، هەفتانە چەند کۆبوونەوەیەک بەڕێوە دەچن و بڕیارە لە دوای مانگی ئەیلوولی ئەمساڵ پڕۆژەیاسای بودجە ڕادەستی پەرلەمان بکرێت.

ئەندامەکەی لیژنەیی دارایی دەشڵێت: بۆ ساڵی 2020 گۆڕانکاری لە بودجەی گشتیی عێراقدا دەکرێت و زیاتر گرینگی بە ئامانجەکان دەدرێت بۆ خەرجکردنی پارەی بودجە، واتە زیاتر ئەولەویەت بۆ وەبەرهێنان دەبێت و دەمانەوێ سوود لە وەبەرهێنان وەربگرێت و پارەی بودجە بۆ ئەو کەرتانە بێت، کە سوودیان بۆ خەڵکی عێراق هەیە.

پەیوەست بە پشکی بودجەی هەرێمی کوردستان، سەفار گوتی: ئەوەی پەیوەندی بە هەرێمی کوردستانەوە هەیە، ماددەیەکی تایبەتە لەنێو پڕۆژەیاسای بودجەی گشتیی عێراق و دەوستێتە سەر ڕێککەوتنی نێوان هەرێم و بەغدا، دانوستان لە نێوان هەرێمی کوردستان و حکوومەتی فیدراڵ دەستی پێکردووە بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتن، بەبێ ڕێککەوتنی نێوان هەردوولاش، پشکی هەرێمی کوردستان دیاری ناکرێت.

پەرلەمانتاریکی پارتی: 11ی مانگ کابینە پێکدێت

هێشتا هیچ لایەنێک ناوی کاندیدانی ڕادەستی مەسرور بارزانی نەکردووە

پڕۆسەی پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێمی کوردستان تەنیا چەند ڕۆژێکی ماوە و پەرلەمانتاریکی پارتیش دەڵێ، کۆبوونەوەی پێرێی نێوان پارتی و یەکێتی لەسەر پرسی کەرکووک جێگەی ئومێدە بۆ ئەوەی لە چەند ڕۆژی داهاتوودا یەکێتی ناوی کاندەکانی ڕادەست بکات بۆ کابینەی نوێ. زانا مەلا خالید، ئەندامی فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی کوردستان بە مالپەڕی فەرمیی پارتی ڕاگەیاندووە: کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە کاتی یاساییی خۆیدا پێکدێت و ئەو بابەتە لای پارتی یەکلابووەتەوە، ئەو پەیامە گەیەندراوەتە لایەنەکانی دیکەش کە دەیانەوێ بەشداری لە کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا بکەن، لەبەر ئەوەش تا 15ی مانگ پشووی پەرلەمان درێژ کرایەوە بۆ ئەوەیە تا ڕۆژی 11ی مانگ کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێکبێنین.

پەرلەمانتارەکەی پارتی دەشڵێت: ئەگەر برادەرانی یەکێتی لە یەک دوو ڕۆژی داهاتوودا ناوی کاندیدەکانیان ڕادەست کرد ئەوە پێکهێنانی حکوومەت زووتر دەبێت، چونکە لای پارتی و لایەنەکانی دیکەی بڕیارە بەشداری لە کابینەدا بکەن کێشە لەسەر دیاریکردنی کاندیدەکان نەماوە، لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا هیچ لایەنێک ناوی کاندیدانی ڕادەستی مەسرور بارزانی نەکردووە.

زانا مەلا خالید ئاشکراشی کرد: کۆبوونەوەی پێرێی نێوان شاندی پارتیمان لەگەڵ برادەرانی یەکێتی هەنگاوی باشی بڕیوە، لەبەر ئەوەشە پێشبینی دەکەین لە چەند ڕۆژی ئایندەدا یەکێتی ناوی کاندیدەکانیان ڕادەست کرد و پێکهێنانی حکوومەت بەسەرۆکایەتی مەسرور بارزانی بکەن، پارتی پابەندی ڕێککەوتنەکانیەتی لەگەڵ هەموو لایەنەکان، ئەگەر لایەنێک ناوی کاندەکانیان تا 11ی مانگ ڕادەست نەکات ئەوە کابینە پێکدێت و جێگەیان دەمێنێتەوە تا ئەوکاتەی ناوەکان ڕادەست دەکرێن، هەرچەندە من زۆر گەشبینم بەوەی یەکێتی بەشداری کارای دەبێت لە کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا.

هاوپەیمانان درێژە بە مەشق و ڕاهێنان و هاوکارییە لۆجستییەکانیان بۆ پێشمەرگەی کوردستان دەدەن

ڕێبوار تاڵەبانی بۆ خەبات: دۆخی شارەکە ئاسایی بکرێتەوە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی پارێزگا لەناو کەرکووک دەکرێت



دوێنێ سێشەممە 2019/7/2 لە دیوانی وەزارەتی پێشمەرگە، فەریق جەمال محەممەد سەرۆکی هەیئەی ئەرکان و بە ئامادەبوونی لیوا قارەمان کەمال جێگری سەرۆکی ئەرکان بۆ عەمەلیات و لیوا ڕوکن باسل محەممەد جێگری سەرۆکی ئەرکان بۆ ئیدارەو مییرە ، پێشوازی کرد لە تیمێکی باڵای هێزەکانی ئەمەریکاو هاوپەیمان بە سەرۆکایەتی جەنەراڵ کرینکۆڤیچ جێگری فەرماندەی هێزی هاوپەیمانان لە عێراق و سووریا.

لە کۆبوونەوەیەکدا، هەردوولا وێڕای باسکردنی بارودۆخی ئێستای عێراق و ناوچەکە ، جەختیان لەسەر پرۆسەی چاکسازی لە وەزارەتی پێشمەرگەو هەنگاوەکانی پرۆسەکە کردو بەردەوامبوون و بە ئەنجامگەیاندنی پرۆسەکەیان بە پێویست و گرنگ زانی. لە تەوەرێکی دیکەی کۆبوونەوەکەشدا، شاندی هاوپەیمانان دووپاتیان کردەوە ، لەسەر هەماهەنگی و پالپشتیان بۆ وەزارەتی پێشمەرگە بەردەوام دەبن و درێژە بە مەشق و ڕاهێنان و هاوکارییە لۆجستیەکانیان بۆ پێشمەرگەی کوردستان دەدەن. هاوکات هەماهەنگی بەردەوامی هەردوولاشیان بە کاریگەر زانی لە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆرو بەرپەرچدانەوەی داعش.

پاشان سەرۆکی هەیئەی ئەرکان، وێڕای سوپاسکردنی هێزەکانی هاوپەیمانان بۆ بەردەوامییان لەسەر هاوکاری و پالپشتیەکانیان بۆ وەزارەت و پرۆسەی چاکسازی و مەشق و بواری لۆجیستی، ئامادەیی وەزارەتیشی دەربڕی بۆ پتەوترکردنی ئەو پەیوەندی و هەماهەنگیانەو ، هەروەها ڕاشیگەیاند ، پێشمەرگەی کوردستان وەک هەمیشە ئامادەیە بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆرو ڕێگریکردن لە سەرهەڵدانەوەی ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعش.

بە یەک بڕیاری ئەنجومەنی پارێزگا هەموو ئەو بڕیار و گۆڕانکارییانەی لە کەرکووک کراوە هەڵدەوەشێتەوە


سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووک ڕایدەگەیەنێت، دۆخی کەرکووک ئاسایی بکرێتەوە، کۆبوونەوەی ئەنجومەنی پارێزگا لەناو کەرکووک ساز دەکرێت. ڕۆژی دووشەممە 2019/7/1 پارتی و یەکێتی بۆ ئاساییکردنەوەی دۆخی کەرکووک و دانانی پارێزگارێک بۆ ئەو شارە کۆبوونەوە، دەنگۆی ئەوە هەیە کە جۆرێک لێکتێگەیشتن و ڕێککەوتن لەنێوان هەردوو لایەن لەسەر دانانی پارێزگارێک کراوە.

ڕێبوار تاڵەبانی، سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووک، لەمبارەوە بە خەباتی ڕاگەیاند: تا ئێستا لەسەر کەسی دیاریکراو بۆ پۆستی پارێزگاری کەرکووک ئاگادار نەکراوینەتەوە، بەڵام دەزانم هەردوولا هاوڕان لەسەر ئاساییکردنەوەی دۆخی کەرکووک و دانانی پارێزگارێک پێکەوە ، پێشتر خواستەکە جیاواز بوو و یەکێتی داوای دەکرد کە پارێزگار پێش ئاساییکردنەوەی شار دابنرێت، پارتی داوای ئاساییکردنەوەی پێش پارێزگاری دەکرد، وا دەزانم ئێستا هەردوولا تەنازولیان کردووە و پێیان باشە هێڵێکی وەسەت هەبێت. تاڵەبانی نایشارێتەوە کە یەکێتی و پارتی لەگەڵ حزبە کوردستانییەکان پێکەوە بە شاندێک بچنە بەغدا بە دڵنیاییەوە ئاساییکردنەوەی دۆخی کەرکووک و دانانی پارێزگاریش ئاسان دەبێت، چونکە حکوومەتی فیدراڵیش تاڕادەیەک حەز بە ئاساییکردنەوەی دۆخی کەرکووک دەکات و چاوەڕوانی ڕێککەوتنی یەکێتی و پارتییە، بۆیە ئەمە باشە و بارودۆخەکەش ئاسایی دەبێتەوە. لەبارەی ئەوەی لەم چەند ڕۆژەدا کۆبوونەوەی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووک بەڕێوە دەچێت و ئەگەر بکرێ لە کۆی دەکرێت، سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووک ئاماژە بەوە دەکات: ئەگەر دۆخەکە ئاسایی بکرێتەوە، ئەوا کۆبوونەوە لە کەرکووک دەکرێت و بە یەک بڕیاری ئەنجومەنی پارێزگا هەموو ئەو بڕیارانە و گۆڕانکارییانەی لە کەرکووک کراوە هەڵدەوەشێتەوە.



yasinheja@yahoo.com وتارو ڕاپۆرتەکانتان لەسەر ئەم ناونیشانە بنێرن:
www.xebat.net
چوارشەممە 2019/7/3 ژمارە (5781)
خەبات

نەتەوە یەکگرتووەکان پشتگیری لە بەرنامەی حکوومەتی داهاتووی هەرێمی کوردستان دەکات



دوێنێ سێشەممە 2019/7/2 مەسرور بارزانی ڕاسپێردراوی پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە خاتوو جینین هێنس پلاسخارت نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق و شاندی یاوەری کرد. لەم دیدارەدا، وێڕای تاوتوێکردنی پێشهات و پەرەسەندنەکانی عێراق و ناوچەکە، پرۆسەی پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و پەیوەندی نێوان هەولێر و بەغدا و ڕەوشی ناوچەکانی تایبەت بە مادەی 140 تاوتوێ کرا و جەخت لە چارەسەرکردنی کێشەکان لەسەر بنەمای دەستوور کرایەوە.

لە دیدارەکەدا مەسرور بارزانی تیشکی خستە سەر ڕۆڵی نەتەوە یەکگرتووەکان بە ئاڕاستەی چارەسەرکردنی پرسە هەڵواسراوەکان، لەنێویاندا ئاساییکردنەوەی بارودۆخی کەرکووک و ئادەدانکردنەوەی ناوچە زیانمەندەکانی شەڕی تیرۆریستان داعش و ڕایگەیاند، چاودێری و سەرپەرشتکردنی پرۆسەکە لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکان بە پێویست دەزانرێت .

لەلای خۆیەوە نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق خۆشحاڵی خۆی بە هەنگاوەکانی پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و پێشڤەچوونەکانی نێوان هەولێر و بەغدا دەربڕی و پشتگیری نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هەوڵ و بەرنامەی حکوومەتی داهاتوو لە بواری چاکسازی و چارەسەرکردنی کێشە و پرسە هەڵواسراوەکان نیشان دا.

کۆنگرەی ناودارانی کورد لەشاری سنە دەستی بەکارەکانی کرد



دوێنێ سێشەممە 2019/7/2 کۆنگرەی ناودارانی کورد لە شاری سنە بە بەشداریی کۆمەڵێک لە کەسایەتی و هونەرمەند و ئەدیبان و میوانانی بیانی و جەماوەری هونەردۆست لە زانکۆی کوردستان لەو شارە دەستی بە کارەکانی کرد. ئەم کۆنگرەیە کە بۆ ماوەی دوو ڕۆژ درێژەی دەبێت ، تێیدا ڕێز لە25 نووسەر، ئەدیب، نووسەر و هونەرمەندی کورد لە باکوور، باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بواری جیاجیاکان و پێنج کەسایەتیی بیانیی کوردناس دەگیرێت.

بڕیارە لە پەراوێزی کۆنگرەی ناودارانی کورددا چەندین ڕێورەسم و کۆڕ و پانێڵی زانستی و هونەری و ئەدەبی بە بەشداریی ئەدیب و هونەرمەندان بەڕێوە بچێت.

لەبارەی بەڕێوەچوونی ئەم کۆنگرەیەوە کۆمەڵێک بیروڕای جیاواز هاتووەتە گۆڕێ و لەبارەی بەشداری و بانگهێشتی کۆمەڵێک هونەرمەند و ئەدیبی کورد کەلە باشوور و تاراوگە دەژین، بۆ وێنە مەزهەر خالقی هونەرمەندی گۆرانیبێژ و ناسراوی کورد کە ماوەی چل ساڵە نەگەڕاوەتەوە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لەو کۆنگرەیەدا بەشدارە بووەتە جێگەی باسوخواسی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و هەندێ وتار و بابەتی ڕەخنەیی لەمبارەوە نووسراوە.

لەم کۆنگرەیەدا لە هەرێمی کوردستانیشەوە کەسانێکی وەک: عەبدولفەتاح بۆتانی سەرۆکی ئەکادیمیای کوردی، لەنار و ئەدیب و هونەرمەندانیش، عومەر دزەیی، مەحەمەدعەلی قەرەداغی، ئەنوەر قەرەداغی، عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ، لەتیف هەڵمەت، د. نەجاتی عەبدوڵا، بەختیار عەلی و کوردستان موکریانی و چەند کەسی دیکەش بانگهێشت کراون.

پەرلەمانتارێکی یەکێتی:

دەبێت پەکەکە ئاڵۆزیی زیاتر دروست نەکات

ئەندامێکی پەرلەمانی کوردستان لە فراکسیۆنی یەکێتی ئاماژە بەوە دەکات، دروستکردنی هێزی پاراستنی جەوهەریی باشووری کوردستان لەلایەن پەکەکەوە لە بەرژەوەندیی کوردستان نییە ، بۆیە "دەبێت پەکەکە ئاڵۆزیی زیاتر دروست نەکەن و ڕەوشی ناوچەکە بخوێننەوە. باڵانبۆ محەمەد ، پەرلەمانتاری یەکێتی بە ئاژانسی باسنیوزی ڕاگەیاندوە: بوونی هێزی پاراستنی جەوهەری لە قازانجی دۆزی کورددا نییە و هەر ئاڵۆزییەک لە ناوچەکە کاریگەریی خراپ دروست دەکات و ناکرێت ئەم کەیسەیش بە یەکلایەنە سەیری بکرێت و دەبێ لەناو خۆماندا سازش بۆ یەکتری بکەین و ئاڵۆزییەکانی ناوچەکە لە بەرژەوەندیی کورددا نەبووە، ئەو مافانەی بە شەڕ بەدەستی هێناوە کەمتر بووە لەو مافانەی بە ئاشتی بەدەستی هێناوە، ئەوەش کە پەکەکە کردوویەتی، شتێکی باش نەبووە. ئەو پەرلەمانتارە کوردە ئاماژەی بەوەش کرد: دروستکردنی ئەو باڵە سەربازییە لەلایەن پەکەکەوە نە لە قازانجی کوردە و نە لە قازانجی خۆشیانە، چونکە کوردانی ڕۆژهەڵات ئۆپۆزسیۆنی ئێرانن، کەچی ئەوەندەی تورکیا بە پاساوی هەبوونی پەکەکە هێرش دەکاتە سەر باشووری کوردستان ، ئەوەندە ئێران هێرش ناکاتە سەر باشوور ، بۆیە پارتی کرێکارانی کوردستان دەبێ چاوێک بە ڕابردووی خۆیان و داهاتووی ناوچەکەدا بخشێننەوە، ئایا ئەوەی ئەوان دەیکەن لە بەرژەوەندیی کوردستانە یان بە زیانیەتی. باڵانبۆ محەمەد جەختیشی لەوە کردەوە: بەغدا لەسەر پرسی مووچە و داهاتی هەرێمی کوردستان خۆی بە خاوەن دەزانێت، بۆیە دەبێت لەسەر ئاڵۆزیی سنووورەکانیش قسەیەک بکات. ".

ڕاشیگەیاند: پارتی کرێکارانی کوردستان وەک کەیسێکی سیاسی لە باشووری کوردستان ڕەنگە گرفتیان نەبێت لە کەمپێکدا، یان لە ناوچەیەکدا کۆ ببنەوە، بەڵام نەبنە ئاڵۆزیی نێوان دوو وڵات، بەداخەوە ئەوەی ئێستا ئەوان دەیکەن بەرانبەر بە تورکیا ، نە لە بەرژەوەندیی خۆیانە و نە لە بەرژەوەندیی کوردستانە و ئەو سەربازانەی لەلایەن پەکەکەوە لە مانگێکدا دەکوژرێن، ناگاتە ئەو ڕێژەیەی کە بە ڕووداوی ئۆتۆمبێل لە تورکیا خەڵک لەناو دەچن، بۆیە دەبێت پەکەکە ئاڵۆزیی زیاتر دروست نەکەن و ناکرێت خەڵک بکرێنە قوربانی.

د.بەشیر حەداد: مەترسی بڕینی بودجەی هەرێم لە 2019دا نییە



د.بەشیر حەداد جێگری دووەمی سەرۆکی پەرلەمانی عێراق لە دیمانەیەکیدا لەگەڵ لە بەشی کوردی دەنگی ئەمەریکا باس لەچەند تەوەرێک سەبارەت بە پرسە جیاوازەکان لە عێراق، هەروەها پرسی هەرێمی کوردستان دەکات. سەبارەت بە قسەی ئەو پەرلەمانتارانەی عێراق کە حکوومەتی هەرێم پابەند نییە بە ڕادەستکردنی نەوت بە بەغدا؟ وە دەنگۆی بڕینی موچەی فەرمانبەرانی هەرێم هەیە جارێکی تر؟ د.بەشیر حەداد دەڵێت: وەک دەزانرێت ئێستا شاندەکان لەنێوان هەولێر و بەغدا لە هاتوچۆدان بۆ گفتوگۆ، وە مەسەلەی بودجە بۆ ئەم ساڵی 2019یە کە چەند مانگێکی ماوە مەترسی بڕینی نییە چونکە ئەوە لەیاسای بودجەدا چارەسەرکراوە کە لە حاڵەتێک ئەگەر هەرێمی کوردستان پابەند نەبوو ئەوا پارەی ئەو 250 هەزار بەرمیل نەوتە لە بودجەی هەرێمی کوردستان دەبڕدرێت و ئەوەی مایەوە دەیدرێتێ، ئێستاش هەروا دەکرێت، واتە حکوومەتی عێراقی هەموو بودجەی هەرێمی نەناردووە بەڵکو پارەی ئەو 250 هەزار بەرمیل نەوتەی لێ بڕیوە، ئەمەش دووبارە لەیاسا جێگەی بۆتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە داوا دەکەین هەرێمی کوردستان ئەم بڕە نەوتە ڕادەستی بەغدا بکات تا بۆ ساڵی 2020 ئەم کێشانە چارەسەر بکات.

دەربارەی تۆمارکردنی سکاڵاشەوە لەلایەن چەند پەرلەمانتارێکی کورد لە بەغدا جێگری سەرۆکی پەرلەمانی عێراق ڕایگەیاند: ئەمە کاری حکوومەتی عێراقە، ئەگەر حکوومەتی عێراق گلەیی لە حکوومەتی هەرێم هەبێت ئەو دەتوانێت سکاڵا لەسەر هەرێم تۆمار بکات، بەڵام ئێستا حکوومەتی عێراق هەبێت ئەو بڕیوە، ئەمەش دووبارە لەیاسا جێگەی بۆتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە داوا دەکەین هەرێمی کوردستان ئەم بڕە نەوتە ڕادەستی بەغدا بکات تا بۆ ساڵی 2020 ئەم کێشانە چارەسەر بکات.

دەربارەی تۆمارکردنی سکاڵاشەوە لەلایەن چەند پەرلەمانتارێکی کورد لە بەغدا جێگری سەرۆکی پەرلەمانی عێراق ڕایگەیاند: ئەمە کاری حکوومەتی عێراقە، ئەگەر حکوومەتی عێراق گلەیی لە حکوومەتی هەرێم هەبێت ئەو دەتوانێت سکاڵا لەسەر هەرێم تۆمار بکات، بەڵام ئێستا حکوومەتی عێراق هەبێت ئەو بڕیوە، ئەمەش دووبارە لەیاسا جێگەی بۆتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە داوا دەکەین هەرێمی کوردستان ئەم بڕە نەوتە ڕادەستی بەغدا بکات تا بۆ ساڵی 2020 ئەم کێشانە چارەسەر بکات.

دەربارەی تۆمارکردنی سکاڵاشەوە لەلایەن چەند پەرلەمانتارێکی کورد لە بەغدا جێگری سەرۆکی پەرلەمانی عێراق ڕایگەیاند: ئەمە کاری حکوومەتی عێراقە، ئەگەر حکوومەتی عێراق گلەیی لە حکوومەتی هەرێم هەبێت ئەو دەتوانێت سکاڵا لەسەر هەرێم تۆمار بکات، بەڵام ئێستا حکوومەتی عێراق هەبێت ئەو بڕیوە، ئەمەش دووبارە لەیاسا جێگەی بۆتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە داوا دەکەین هەرێمی کوردستان ئەم بڕە نەوتە ڕادەستی بەغدا بکات تا بۆ ساڵی 2020 ئەم کێشانە چارەسەر بکات.

دەربارەی تۆمارکردنی سکاڵاشەوە لەلایەن چەند پەرلەمانتارێکی کورد لە بەغدا جێگری سەرۆکی پەرلەمانی عێراق ڕایگەیاند: ئەمە کاری حکوومەتی عێراقە، ئەگەر حکوومەتی عێراق گلەیی لە حکوومەتی هەرێم هەبێت ئەو دەتوانێت سکاڵا لەسەر هەرێم تۆمار بکات، بەڵام ئێستا حکوومەتی عێراق هەبێت ئەو بڕیوە، ئەمەش دووبارە لەیاسا جێگەی بۆتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە داوا دەکەین هەرێمی کوردستان ئەم بڕە نەوتە ڕادەستی بەغدا بکات تا بۆ ساڵی 2020 ئەم کێشانە چارەسەر بکات.

دەربارەی تۆمارکردنی سکاڵاشەوە لەلایەن چەند پەرلەمانتارێکی کورد لە بەغدا جێگری سەرۆکی پەرلەمانی عێراق ڕایگەیاند: ئەمە کاری حکوومەتی عێراقە، ئەگەر حکوومەتی عێراق گلەیی لە حکوومەتی هەرێم هەبێت ئەو دەتوانێت سکاڵا لەسەر هەرێم تۆمار بکات، بەڵام ئێستا حکوومەتی عێراق هەبێت ئەو بڕیوە، ئەمەش دووبارە لەیاسا جێگەی بۆتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە داوا دەکەین هەرێمی کوردستان ئەم بڕە نەوتە ڕادەستی بەغدا بکات تا بۆ ساڵی 2020 ئەم کێشانە چارەسەر بکات.

دەگەڕێتەوە، لەساڵانی 2014، 2015، 2016، بەغداد بودجەی هەرێمی نەداوە ئەمە قەرزە لەسەر بەغدا ، هەروەها کێشی دەرهێنانی نەوت هی کۆمپانیاکان لەهەرێم ئەمەش قەرزە بەسەر بەغداوە ئەوەشی نەداوە، بۆیە بابەتی ئابووری هەموو بەیەک پاکێج لەگەڵ بەغدا پێویستە چارەسەر بکرێت، دواجار ئەگەر بەغدا قەرزار بوو بەشی خۆی بدات، ئەگەر هەرێمیش قەرزار بوو ئەویش بەشی خۆی بداتەوە. د.بەشیر حەداد گوتیشی: من نازانم مەبەستی ئەو پەرلەمانتارانە چیە؟ ئایا مەبەستەکە ئەوەیە کە پەیوەندی نێوان هەرێم و بەغدا تێکبدەن؟ یا دەیانەوێت پەرلەمانتارانی غەیرە کوردیش هانبدرێن دژی هەرێم؟ دەکرا بچن لەگەڵ حکوومەتی هەرێم قسە بکەن، نەک بێن لەبەغدا سکاڵا تۆمار بکەن کە پارەی حکوومەتی هەرێم چی لێدێت؟ خۆ لەهەرێمی کوردستان پەرلەمان هەیە ئەمەکاری ئەو پەرلەمانەیە کە لەحکوومەتی هەرێم بپرسێت ئەو بەشە بودجەیەی لەبەغداد بۆت هاتووە چیت لێکردووە؟

سعوودیە.. جارێکی دیکە فڕۆکەخانەی ئەبها لە لایەن حووسییەکانەوە کرایەوە ئامانج

بەردەبەیانی دوێنێ سێشەممە، جارێکی دیکە حووسییەکان، بە فڕۆکەی بێفڕۆکەوان هێرشانکردە سەر فڕۆکەخانەی ئەبهای باشووری سعوودیە. ئاژانسی هەواڵیی فەرمی سعوودیە بڵاوکردەوە، گوتەبێژی هاوپەیمانییەتی عەرەبی لە یەمەن، تورکی مالکی وتڕای پشتڕاستکردنەوەی هەواڵەکە رایگەیاندووە "لە ئاکامی هێرشەکەی بەرەبەیانی دوێنێی حووسییەکان بۆسەر فڕۆکەخانەی ئەبها ، هەشت هاووڵاتی سعوودی و هاووڵاتییەکی هیندستانی بریندارببوون". هەروەها تورکی مالکی ئاماژەی بەوەداوە کە حووسییەکان بە مەبەست فڕۆکەخانەی ئەبها دەکەنە ئامانج، چونکە ڕۆژانە ژمارەیەکی زۆر گەشتیار لە فڕۆکەخانەکەدا، گەشت دەکەن.


گوتەبێژی هاوپەیمانییەتی عەرەبی، تورکی مالکی گوتیشی: بەردەوامبوونی ئەو هێرشە تیرۆریستیانە بۆسەر فڕۆکەخانەی ئەبها ، پاڵپشتیکردنی ئێران بۆ میلیشیاکانی حووسی دەسەلێنێت.

هاوپەیمانییەتی عەرەبی ڕاشیگەیاندووە کە لە میانی سێ هەفتەدا، ئەمە سێیەمجارە کە فڕۆکەخانەی ئەبها باشووری سعوودیە لە لایەن حووسییەکانەوە دەکرێتە ئامانج. جێی باسە پێشتر گوتەبێژی حووسییەکان، یەحیا سەریع ڕاگەیاندبوو کە بەردەبەیانی دوێنێ سێشەممە، بە فڕۆکەی بێفڕۆکەوان هێرشیانکردووەتە سەر باشووری سعوودیە کە لە میانیدا، فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی ئەبها کراوەتە ئامانج. یەحیا سەریع ئاشکراشیکردبوو کە بە هۆی هێرشەکەوە، گەشتە ئاسمانییەکان لە فڕۆکەخانەی ئەبها ڕاوەستاوە.

شاسوار عەبدولواحید فراکسیۆنی حزبەکەی لە پەرلەمانی عێراق لەدەست دا

شاسوار عەبدولواحید، سەرۆکی جوواڵانەوەی نەوەی نوێ، بە یەکجاری فراکسیۆنی حزبەکەی لە پەرلەمانی عێراق لەدەست دا و ناوی فراکسیۆنەکەش گۆڕیدرا. بەپێی نووسراوێک کە ڕۆژی 2019/6/30 لەسەردو بە واژۆی ڕابوون مەعروف، سەرۆکی فراکسیۆنی نەوەی نوێ لە پەرلەمانی عێراق، سەرۆکی پەرلەمانی عێراق لەوە ئاگادار کراوەتەوە کە لەمەودوا ناوی فراکسیۆنەکەیان لە نەوەی نوێوە بۆ "ئایندە/ المستقبل" گۆڕیوە. لەم بارەیەوە سەرچاوەیەکی باڵا لە نەوەی نوێ ڕایگەیاندووە: فراکسیۆنی نەوەی نوێ لەبەغدا لەگەڵ پەرلەمانتارە نارەزاییەکانی فراکسیۆنەکە لە کوردستان، قسەیان کردووە، تا ناوی هەردوو فراکسیۆن بکەنە فراکسیۆنی ئایندە. بەپێی زانیارییەکانیش، بە گۆڕینی ناوی فراکسیۆنی نەوەی نوێ بۆ ئایندە، شاسوار عەبدولواحید بە یەکجاری فراکسیۆنی حزبەکەی لە پەرلەمانی عێراق لەدەست دەدات.

سەرۆک و جێگری سەرۆکی پەرلەمان پێشوازی لە شاندێکی بزاڤی دیموکراتیی ئاشوور دەکەن





دوێنێ سێشەممە 2ی تەمموزی 2019 د.ڤالا فەرید ئیبراهیم، سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان پێشوازیی کرد لە شاندێکی بزاڤی دیموکراتیی ئاشوور بەسەرۆکایەتیی یەعقوب گۆرگیس، جێگری سکرتێری بزاڤەکە و یاوەریی بەرپرسانی ئۆرگانە جیاوازەکانی بزاڤەکە.
لە دیدارێکدا کە فەرید یەعقوب ئیلیا، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لەسەر لیستی رافیدین ئامادەی بوو، یەعقوب گۆرگیس، جێگری سکرتێری بزاڤی دیموکراتیی ئاشوورى، بەناوی بزاڤەکەیانەوە پیرۆزبایی لە سەرۆکی پەرلەمان کردو بوونی ئافرەتێکی لەو پۆستە بالایە بەگرنگ و میژوویی زانی بۆ تەواوی پێکهاتەکانی کوردستان و عێراق و هیوای خواست ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و پێکەوەژیانەی کە لە نێوان سەرجەم نەتەوەو پێکهاتەکان لەهەرێمی کوردستاندا هەیە هەروا بەردەوام بێت. لای خۆیەوە، د.ڤالا فەرید، سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان وێرای بەخێرهێنانی شاندی میوان، ئاماژەی بە پێکەوەژیانی ئاشتییانەی نێوان سەرجەم نەتەوەو پێکهاتەکان لە هەرێمی کوردستان کردو رایگەیاند: ماف و ئیمتیازاتی پێکهاتەکان لەهەرێمی کوردستان بەیاسا پارێزراوە و یاسای ژمارە 5ی ساڵی 2015 کە لەپەرلەمانی کوردستان دەرچووە، تایبەتە بە ماف و ئیمتیازاتی پێکهاتەکان لەهەرێمی کوردستان و لە ڕەشنووسی دەستووری هەرێمی کوردستانیشدا جێگیر کراوە .
هەر دوێنێ سێشەممە هێمن هەورامی، جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، لە نووسینگەی تایبەتیی خۆی لە تەلاری پەرلەمان، پێشوازیی لە شاندێکی بزاڤی دیموکراتیی ئاشوور بە سەرۆکایەتیی یەعقوب گۆرگیس، جێگری سکرتێری بزاڤەکەو یاوەریی بەرپرسانی ئۆرگانە جیاوازەکانی بزاڤەکە کرد. لە دیدارێکدا هێمن هەورامی، جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، تەئکیدی لەسەر سیاسەتی هەرێمی کوردستان لە پاراستنی مافی نەتەوەو پێکهاتە جیاوازەکانی هەرێمی کوردستان کردەوەو ڕایگەیاند: کریستییانەکان پێکهاتەیەکی ڕەسەنی ئەم وڵاتەن و شەریکمانن، پاراستنی مافەکانیشیان وەک یەکێک لەبنەماکانی دیموکراسی سەیر دەکەین و بەئەرکی خۆشمانی دەزانین و گومانیشی تێدانییە کە مافی سەرجەم نەتەوەو پێکهاتە جیاوازەکانی هەرێمی کوردستان لە ڕەشنووسی دەستووری هەرێمی کوردستاندا لەبەرچاو گیراوە.
شاندی میوان وێرای پیرۆزباییکردن لە جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان بەبۆنەی دەستبەکاربوونی لە پۆستەکەی، ستایشی سیاسەتی هەرێمی کوردستانیان کرد لە ڕەخساندنی زەمینەیەکی لەبار بۆ پێکەوەژیانی ئاشتییانە لەنێوان نەتەوەو پێکهاتەکانی هەرێمی کوردستان و ڕایانگەیاند، ئەوان چارەنووسیان بەچارەنووسی هەرێمی کوردستانەوە بەندەو شانازی بەو تەباییە دەکەن کە لەگەڵ گەلی کورد هەیانە.

ڕیفراندۆمی کوردستان دەبێتە تێزی ماستەری قوتابییەکی کورد لە پۆلۆنیا



هاوار مورتکەیی

لێهات سەلاح ڕەشید قوتابییەکی کوردە لە پۆلۆنیا، توانی سەرکەوتووانە و بە پلەی نایاب گەنگەشەی ماستەرنامەکەی بکات لە زانکۆی زانستە مرۆڤی و ئابووریەکانی شاری لوج، تێزی ماستەرەکەی لێهات لەژێر ناونیشانی "شەرعیەتی سیاسیی ڕیفراندۆمی2017ی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان" بوو، لێهات لە ماستەرنامەکەیاندا باسی فاکتەرە میژوویی، سیاسی و ئابوورییەکان دەکات کە بوونەتە هۆکاری سەرەکی ئەوەی کە کورد وەکو نەتەوەیەک پەنا بۆ ئەنجامدانی ڕیفراندۆمیی سەربەخۆیی ببات.
هەروەها لێهات لێکۆڵینەوەی کردووە لەبارەی ڕیفراندۆم لەڕووی دەستووری و یاسای نێودەوڵەتییەوە و لە ئەنجامدا ئەوەی بۆ دەرکەوتووە کە ریفراندۆم هیچ گرفتێکی دەستووری و یاسایی نەبووە، لە کۆتاییشدا باسی کاردانەوە ناوخۆیی و هەرێمی و نێودەوڵەتییەکانی کردووە بۆ ئەم پرسە هەستیارەو پێشبینییەکانی خستووەتەڕوو کە پێشبینی دەکات کورد بتوانێت لە ئایندەیەکی نزیکدا کار بە ئەنجامی ڕیفراندۆم بکات و مافی سروشتی خۆی وەربگرێت.
جێگای ئاماژەیە، کە ئەمە دووەم بڕوانامەی ماستەرە لێهات توانیویەتی وەربگرێت. ماستەری یەکەمی لە هەمان زانکۆ لە بەشی زانستی زمان و ئەدەبیاتی ئینگلیزی وەرگرتووە.
لێهات سەلاح ڕەشید پێش گەڕانەوەی بۆ کوردستان سەردانی نووسینگەی نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستانی کردووە لە وارشۆ و کۆپیەکی لە هەردوو توێژنەوەکانی ماستەری بەدیاری پێشکەش بە نووسینگەی نوێنەرایەتی کردووە.
لای خۆیەوە زیاد ڕەئوف، نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە پۆلۆنیا دەستخۆشی و پیرۆزبایی لێکرد بۆ نووسینی ماستەرنامەیەک لەسەر باسێکی گرنگی وەک ریفراندۆم لە پۆلۆنیادا و هیوای سەرکەوتنی بۆ خواستووە لە هەمو بوارەکانی ژیاندا بۆ خزمەتی نیشتیمان و بەدەستهێنانی مافە ڕەواکانی گەلەکەمان.

تەرەمپ نیگەرانە لەبارەی کشانەوە لە ئەفغانستان

سەرۆکی ئەمەریکا، دۆنالد تەرەمپ ڕایگەیاند، دەیەوێت سەربازانی وڵاتەکەی لە ئەفغانستان بکێشێتەوە، بەڵام پێی وایە کە کێشانەوەی سەربازان بێ پێکهێنانی تۆڕێکی هەواڵگریی بەهێز لەو وڵاتەدا، دەرئەنجامی خراپی دەبێت. دۆنالد تەرەمپ لە لێدوانێکیدا بۆ کەناڵیFox News ڕایگەیاند، چەندین کێشەیان لەبەردەمدایە لەبارەی پلانی کشانەوەی سەربازانی ئەمەریکا لە ئەفغانستان.
سەرۆکی ئەمەریکا ڕاشیگەیاند، وەک پێشتریش باسیان کردووە، بیر لە کێشانەوەی سەربازانی وڵاتەکەیان دەکەنەوە لە ئەفغانستان و گوتی: دەمەوێت سەربازەکانمان بکێشمەوە، بەڵام دەبێت بەرلە کشانەو، هەواڵگرییەکی زۆر بەهێز بەجێبهێڵین. دۆنالد تەرەمپ گوتیشی: لەوێ زۆر شت هەیە کە دەبێت بشاردرێنەوە. ئەوێ وەک تاقیگەیەک وایە بۆ تیرۆریستان. من پێی دەڵێم هارفاردی تیرۆریستان. سەرۆکی ئەمەریکا ئاماژەی بەوەش دا کە ئەگەر بەبێ ئامادەکاریی پێویست ئەفغانستان بەجێبهێڵن، ڕەنگە لەو وڵاتە زەمینە بڕەخسێت بۆ بەهێزبوونی تیرۆریستان و هێرش بکەنە سەر ئەمەریکا.

بەمەبەستی پەسندکردنی چەند یاسایەکی گرنگ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق وەرزی یاسادانانی بۆ ماوەی مانگێک درێژکردەوە



دوێنێ سێشەممە 2019/7/2 ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لەدانیشتنێکدا بە زۆرینەی دەنگی ئەندامانی وەرزی یاسادانانی بۆ ماوەی مانگێک درێژکردەوە.
لەمبارەیەوە فەرمانگەی ڕاگەیاندنی پەرلەمانی عێراق ڕایگەیاندووە: سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بە درێژکردنەوەی ماوەی دووەم وەرزی یاسادانانی خولی چوارەم بۆ ماوەی مانگێک، بەمەبەستی پەسندکردنی چەند یاسایەکی گرنگ کە پێوەستن بە دۆخی هاووڵاتیانەوە.
هاوکات سەرۆکایەتی پەرلەمانی عێراقیش بڕیاری درێژکردنەوەی وەرزی یاسادانان بۆ ماوەی مانگێک بۆ ئەوەی دەگەڕێننەوە لەپێناو گفتوگۆ و کارکردنە لەسەر ئەو پرۆژانە یاسا و بڕیارانەی پەیوەندییان بە بار و گوزەران و ژیانی هاووڵاتیانەوە هەیە لەگەڵ کاریگەرکردنی ڕۆڵی چاودێریی و بەردەوامیدان بە کاری لیژنەکان.

ئیسرائیل: ئەو هەڵانەی ئێران دەیکات ڕەنگە پەلکێشی بکات بۆ جەنگ



وەزیری دەرەوەی ئیسرائیل، یسرائیل کاتز کاردانەوەی بەرامبەر ئێران کە بڕی دیاریکراوی یۆرانیۆمی پیتێنراوی کۆگاکراوی تێپەڕاندووە، نیشاندا و ئاشکرایکرد "ئەو هەڵانەی تاران دەیکات ڕەنگە بۆ جەنگی پەلکێش بکات". یسرائیل کاتز لە لێدوانێکدا بۆ ڕادیۆی قودس، هەڵسەنگاندنی کرد بۆ تێپەڕاندنی بڕی دیاریکراوی یۆرانیۆمی پیتێنراوی کۆگاکراو لە لایەن ئێرانەوە.
کاتز باسی لەوەکرد کە تێپەڕاندنی ئەو بڕە دیاریکراوە لە یۆرانیۆمی پیتێنراوی کۆگاکراو لە لایەن ئێرانەوە "ئاماژەیەکی هۆشداریە" بۆ ئەوروپا و ڕایگەیاند: بەخێوکردنی پلانگەکەی ئێران، نابێتە هاوکار لە چارەسەرکردنی کێشەکە. سیاسەتی توند و سزاکان، لەپاڵ ئەوەشدا پشتیوانییکردن لە سیاسەتی ئەمەریکا دژبە ئێران لە ماوەیەکی کورتدا ئەوە دەردەکەوێت کە ئەم پلانگە لە کاغەز دروستکراو بووە.
وەزیری دەرەوەی ئیسرائیل جەختی لەوەش کردووەتەوە تەنانەت ئەگەر بڕێت و وڵاتەکەی بە تەنهاش بمێنێتەوە، ڕێگە نادات ئێران بڕێتە خاوەن چەکی ئەتۆمی و ڕایگەیاندووە: ئەو هەڵانەی کە لە ناوچەی خۆڵەمێشیدا دەیانکات، ڕەنگە ببێتە هۆی پەلکێشکردنی بۆ ناوچەی سوور، واتە گوورزی گەورەی بەرکەوێت و بەرەو جەنگی ببات.

ئیسپانیا داوا دەکات نوێنەرایەتییەکانی کەتەلۆنیا لە دەرەوە دابخرێن

بەهەزاران کەتەلۆنی لەبەردەم پەرلەمانی ئەوروپا خۆپیشاندانیان ئەنجام دا



دامەزراوەی حکوومی پارێزەرایەتی کە کاروبارە یاساییەکانی حکوومەتی ئیسپانیا بەڕێودەبات، داواکارییەکی پێشکەش بە دادگای باڵای کەتەلۆنیا کردووە و داوایکردووە نوێنەرایەتییەکانی هەرێمی کەتەلۆنیا لە هەریەک لە ئەڵمانیا، بەریتانیا، ئیرلەندا و سویسرا، دابخرێن. لە داواکارییەکەدا کە بە هەوڵی وەزارەتی دەرەوەی ئیسپانیا کراوە، داواکراوە نوێنەرایەتییەکانی هەرێمی ئۆتۆنۆمیی کەتەلۆنیا لە هەریەک لە بەرلین، لەندەن و جنێڤ دابخرێن. لە داواکارییەدا ئاماژە بەوەکراوە ئەو نوێنەرایەتییانە دژبە دەستوورن و زیان بە بەرژەوەندییەکانی ئیسپانیا و سیاسەتی دەرەوەی دەگەیەنێت.
لەلایەکی دیکەشەوە دوێنێ سێشەممە بەهۆی ئەوەی ڕێگە نەدرا سێ پەرلەمانتاری کەتەلۆنیا لەیەکەم دانیشتنی پەرلەمانی ئەوروپا بەشداری بکەن، بەهەزاران کەتەلۆنی لەبەردەم پەرلەمانی ئەوروپا خۆپیشاندانیان ئەنجامدا. سێ پەرلەمانتارەکەی کەتەلۆنیا کە لەهەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی ئەوروپا دەرچوون، یەکێکیان ئێستا لەزیندانی ئیسپانیادایە و دوو پەرلەمانتارەکەی دیکەش لەبەلجیکا دادگای دەکرێن. جێی باسە لەساڵی2017 هەرێمی کەتەلۆنیا ریفراندۆمی بۆ سەربەخۆی ئەنجامدا، زیاتر لە سەدا90 خەڵکی ئەو هەرێمە بە بەڵێ دەنگییان بۆ سەربەخۆیی کەتەلۆنیا دا، دوای ریفرادۆمەکەش حکوومەتی ئیسپانیا بەشێکی زۆری بەرپرسانی هەرێمی کەتەلۆنیایی سزاداو ژمارەیەکیش لەبەرپرسانی کەتەلۆنیا بەندکران و پۆژدیۆن سەرۆکی ئەوکاتی هەرێمی کەتەلۆنیا و ژمارەیەکی دیکەیان بەرە ولاتی بەلجیکا چوون و لەوێ نیشتەجێ بوون.

www.xebat.net
چوارشەممە 2019/7/3 ژمارە (5781)

کاردانەوەی ئەمەریکا لەهەمبەر تێپەڕاندنی سنووری یۆرانیۆمی پیتێنراو

دۆنالد ترەمپ: ئێران یاری بە ئاگر دەکات

کۆشکی سپی: ڕێگەنادەین ئێران چەکی ئەتۆمی بەدەستبهێنێت



سەرۆکی ئەمەریکا، دۆنالد ترەمپ لە کاردانەوەی ئێراندا کە ئاشکرایکردبوو، سنووری یۆرانیۆمی پیتێنراوی کۆگاکراوی تێپەڕاندووە، ڕایگەیاند: یاریی بە ئاگر دەکەن. دۆنالد ترەمپ لە میانی بەشداربیکردن لە ڕێورەسمێکدا لە کۆشکی سپی، هەڵسەنگاندنی بۆ بڕیارەکەی ئێران کرد کە سنووری دیاریکراوی یۆرانیۆمی پیتێنراوی تێپەڕاندووە. سەرۆکی ئەمەریکا جەختی لەوەکردەوە کە ئەو بڕیارکەی ئێران مایەی قبوڵکردن نییە و گوتی: ئەوان یاریی بە ئاگر دەکەن.

هەروەها دوای ئەوەی ئێران ڕایگەیاند کە سنووری یەدەگی یۆرانیۆمی پیتێنراوی بۆ سەرووی بڕی ڕێگەپێدراو زیادکردووە، هەریەکە لە کۆشکی سپی و وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا ڕاگەیەنراویان لەوبارەوە بڵاوکردەوە. نووسینگەی گوتەبێژی کۆشکی سپی لە ڕاگەیەنراوێکدا ڕایگەیاند، ڕێگەدان بە ئێران بۆ پیتاندنی یۆرانیۆم بە هەر بڕێک، هەڵەیەکی گەورەیە و بانگەشەی ئەوەی کرد، تاران بەرلە ڕێککەوتنی ئەتۆمیش هەلومەرجی ڕێککەوتنەکەی پێشێلکردبوو.

لە ڕاگەیەنراوەکەی کۆشکی سپیدا هاتووە: پێویستە بگەڕێینەوە بۆ ئەو ستانداردانەی ڕێگری لە پیتاندنی یۆرنیۆم و دەستخستنی چەکی ئەتۆمی دەکەن لە لایەن ئێرانەوە. هەرگیز ڕێگەنادەین ئێران چەکی ئەتۆمی بەدەستبهێنێت. ڕاگەیەنراوەکە هەروەها جەختیکردووەتەوە، زۆرترین فشار لە ئێران دەکەن و پێویستە ڕێژیمی ئێران دەستبەرداری ئامانجە ئەتۆمییەکانی بێت.

لە لایەکی دیکەشەوە وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا، مایک پۆمپیۆ بانگەوازی لە ئێران کرد کە سنووری یەدەگی یۆرانیۆمی پیترێنراو نەبەزێنێت. مایک پۆمپیۆ تۆمەتی ئەوەی خستە پاڵ ئێران کە لە ناوچەکە هاوکاری تیرۆر دەکات و گوتی: نابێت هیچ ڕێککەوتنێکی ئەتۆمی دەرفەتی ئەوە بڕەخسێنێت ئێران لە هیچ ئاستێکدا یۆرانیۆم بپێتێنێت. وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا بە ئاماژەدان بە بڕیارەکانی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی لە 2006دا لەبارەی پیتاندنی یۆرانیۆم سەرنجی خستە سەر ئەوەی کە ئەو بڕیارانە هێشتاش کارپێکراون.

مایک پۆمپیۆ بە گوتنی ئەوەی: ئیدارەی ترەمپ داوا لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی دەکات دەست بکاتەوە بە جێبەجێکردنی پێوانگەکانی ڕێگەگرتن لە تەشەنەسەندنی چەکە ئەتۆمییەکان بەسەر ئێراندا، بانگەشەی ئەوەی کرد ئێرانێکی خاوەن چەکی ئەتۆمی دەبێتە هەڕەشەیەکی گەورە بۆسەر ناوچەکە و سەرتاسەری جیهان.

وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا، مایک پۆمپیۆ ئاماژەی بەوە داوە "بەتەواوەتی پابەندە بە ڕێزگرتن لە ڕێککەوتنە ناوەکییەکەی ساڵی 2015ەوە داوا لە ئێران دەکات بەبێ دواکەوتن پاشگەزبێتەوە لەوەی کردوویەتی و خۆی بەدووربگرێت لە هەر ڕێوشوێنێکی دیکە کە بێتە هۆی ئەوەی پابەندبوونی بە ڕێککەوتنە ناوەکییەکە بخاتە جێی گومانەوە. هەر لە بەیاننامەکەدا ماکرۆن ئاشکرای دەکات کە لە ڕۆژانی داهاتوودا کۆمەڵێک هەنگاو دەنێت تاوەکو دڵنیابێتەوە لەوەی ئێران پابەندە بە بەرپرسیارێتیەکانیەوە.



ماکرۆن هۆشیاری دەداتە ئێران لەسەر هەر پێشێلکارییەکی دیکە لە ڕێککەوتنە ناوەکییەکەدا

فەڕەنسا هۆشیاری دەداتە ئێران و دەڵێت دەبێت ئێران خۆی بەدووربگرێت لە گرتنەبەری هەر ڕێوشوێنێکی دیکە کە ڕێککەوتنە ناوەکییەکەی ساڵی 2015 بخاتە جێی گومانەوە، ئەمەش دوای ئەوەی ئێران ئەو ڕێژەیەی تێپەڕاند کە بەپێی ڕێککەوتنە ناوەکییەکەدا بۆی دیاریکراوە لە عەمبارکردنی یۆرانیۆمی پیتێنراو. بەپێی هەواڵێکی بەشی کوردی دەنگی ئەمەریکا، سەرۆکی فەڕەنسا ئیمانوێل ماکرۆن لە بەیاننامەیەکدا ئاماژەی بەوە داوە "بەتەواوەتی پابەندە بە ڕێزگرتن لە ڕێککەوتنە ناوەکییەکەی ساڵی 2015ەوە داوا لە ئێران دەکات بەبێ دواکەوتن پاشگەزبێتەوە لەوەی کردوویەتی و خۆی بەدووربگرێت لە هەر ڕێوشوێنێکی دیکە کە ببێتە هۆی ئەوەی پابەندبوونی بە ڕێککەوتنە ناوەکییەکە بخاتە جێی گومانەوە. هەر لە بەیاننامەکەدا ماکرۆن ئاشکرای دەکات کە لە ڕۆژانی داهاتوودا کۆمەڵێک هەنگاو دەنێت تاوەکو دڵنیابێتەوە لەوەی ئێران پابەندە بە بەرپرسیارێتیەکانیەوە.

هەدەپە: وەڵامی ئەو عەقڵیەتە دەدەینەوە کە یەک بە یەکمان دەکاتە دوژمنی یەکتری



هاوسەرۆکی هەدەپە، سەزایی تەمەللی بانگەشەی ئەوەی کرد کە تورکیا ناتوانێت بە سیستەمی حکوومەتی سەرکۆمارییەوە بەردەوام بێت و گوتی: تورکیا لەگەڵ قەیرانەکاندا مەملانێیەتی و تا دێت پەلکێشی نێو قەیرانی زیاتر دەکرێت، ئەگەری نییە بەم سیستەمەوە لەو قەیرانانە دەربچین.

سەزایی تەمەللی لە میانی کۆبوونەوەی فراکسیۆنی پارتەکەی لە پەرلەمانی تورکیا وتارێکی پێشکەشکرد و وەبیریهێنایەوە کە 26 ساڵ بەسەر ڕووداوەکانی سیواسدا تێپەڕیووە و گوتی: 33 گیانەکەمان لەبیرنەچوونەتەوە و بیرمان ناچێتەوە. بەردەوام دەبین لە لێپێچینەوە لەبارەی ئەو عەقڵیەتە کۆمەڵکوژییەوە. تا کاتێک دادپەروەری بەدەست دێت، کۆڵنادەین. هاوسەرۆکی هەدەپە ڕاشیگەیاند کە پێویستە دەستبەجێ لە پەرلەمان "کۆمیسیۆنی بەدواداچوونی ڕاستییەکان" پێکبهێنرێت و دەبێت بوێرانە هەنگاو بەرەو ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی بنرێت و گوتی: هەڵکوتانە سەر مالێک لە جەیلانپینار و ئەو ستەمەی ئەنجامدراوە، جارێکی دیکە تێگەیشتنی ئەم دەسەڵاتەی نیشانداوە. لەڕاستیدا بە ڕووخاندنی دیوارەکانی و هەڵکەندنی دەرختەکان و تێکدانی مااڵەکان و دەستگیرکردنی خەڵکی، جارێکی تر خۆیان نیشاندا.

سەزایی تەمەللی هەروەها ئاماژەی بە ژمارەیەک لێدوانی سەرۆکی ئەمەریکا، دۆنالد ترەمپ لە چوارچێوەی لووتکەی G-20 کرد و گوتی: ئەم پەیوەندییە ناپاکانە جار جارە بەم جۆرە خۆیان دەردەخەن. ئێمەش لێرەوە دەڵێین، کورد بەبێ تورک و تورک بەبێ کورد پێی ناکرێت. ئێمە سەدان ساڵە پێکەوەین. سەرلەنوێ هەر بەیەکەوە جوانترین وەڵامی ئەو عەقڵیەتە دەدینەوە کە یەک بە یەکمان دەکاتە دوژمنی یەکتری. داهاتووی سووریا، عێراق و تورکیا پەیوەستە بەیەکەوە. دەبێت ئاشتیی بەیەکەوە بەرهەم بێت. ئەوانەی بە چاوی 'دوژمنی سروشتی 'تەمەشای گەلی کورد دەکەن لەم مێزی ئاشتیی و دیموکراسییەدا شوێنیان نییە. هاوسەرۆکی هەدەپە باسی لەوە کرد کە دەسەاڵتی ئاک پارتی بە کێشە و ناچارەسەری گۆشکراوە و گوتی: دەسەاڵتی خۆی لەسەر چارەسەرنەکردنی بابەتی کورد دادەنێت.

هاوسەرۆکی هەدەپە داوای وازهێنانی کرد لەو حساباتانەی لەسەر سووریا و عێراق دەکرێن و گوتی: دەزانین کە ئەو تێگەیشتنە نوێیەی عوسمانی نێمەی ڕاپێچی کۆی کردووە. ماوەیەک 'مندااڵنی تورە' هەبوون. کەسانێک هەبوون بەنیاز بوون لەگەڵ ئەو مندااڵنەدا بەیەکەوە بچن بۆ نوێژکردن لە مزگەوتی ئەمەوی لە سووریا. ڕۆژی ڕابردوو دەرچووە و دەڵێت 'سێ ساڵە بێ دەنگ بووم.' تۆ هەر بێ دەنگ بە، باسی چی دەکەیت؟ لە سروج و ئەنقەرەوە زۆر باش دەزانین کە کاتێک تۆ قسە دەکەیت چی ڕوویدا. لەبەرئەوە ئیدی لە سیاسەتی نوێدا شوێن بۆ ئەوانە نییە کە ئەو سیاسەتە دەرەکییەیان بەسەر وااڵتدا سەپاند و ئەوانەشی لەسەر ئەو تێگەیشتنەن.

وەزیری دەرەوەی ئیسرائیل سەردانی ئیماراتی کرد و لەگەڵ کاربەدەستە خۆجێییەکاندا کۆبۆوە



وەزیری دەرەوەی ئیسرائیل، یسرائیل کاتز، بەمەبەستی بەشداریکردن لە کۆنفرانسێکدا کە نەتەوەیەکگرتووەکان سازیکردووە، سەردانی ئیماراتی کرد کە وااڵتەکەی پەیوەندیی دیپلۆماسیی لەگەڵیدا نییە. بەپێی ڕاگەیەنراوێک کە لەلایەن وەزارەتی دەرەوەی ئیسرائیلەوە بااڵوکراوەتەوە، یسرائیل کاتز بەمەبەستی بەشداربیکردن لە کۆنفرانسی ژینگەدا کە لەلایەن نەتەوەیەکگرتووەکانەوە سازکراوە، سەردانی ئەبوزەبی پایتەختی ئیماراتی کردووە و لەگەڵ کاربەدەستە خۆجێییەکاندا کۆبۆوەتەوە.

لە ڕاگەیەنراوەکەدا ئەوەش هاتووە، کاتز و کاربەدەستە تاوتوێی کاریگەریی ئێران لە ناوچەکە و پەیوەندییەکانی نێوان تەلئەبیب و ئەبوزەبییان کردووە. هاوکات وەزیری دەرەوەی ئیسرائیل لە ئەبوزەبی لەگەڵ سکرتێری گشتیی نەتەوەیەکگرتووەکان، ئەنتۆنیۆ گۆتێرێس، کۆبۆوەتەوە.

یسرائیل کاتز لەبەردەم مزگەوتی شێخ زاید لە ئەبوزەبی وێنەیەکی یادگاریی گرتووە و لە ڕوونکردنەوەیەکدا ئاماژەی بەوەکردووە هەست بە جۆش و خرۆش بەهۆی بوونی لە دوبەی دەکات و ڕایگەیاندووە "ئەم سەردانەم نیشانەیەکی گرنگی پێشکەوتنی پەیوەندییەکانی نێوان ئیسرائیل و وااڵتانی بەرژەوەندییەکانی دیکەوە". جێی باسە پێشتریش ژمارەیەک لە وەزیرە ئیسرائیلییەکان، سەردانی ئیماراتیان کردبوو کە وااڵتەکەیان پەیوەندیی دیپلۆماسیی لەگەڵیدا نییە.

فەرمانەکەی سەدر سەبارەت بە هەڵوەشاندنەوەی سەرایا سەلام جێبەجێ دەکرێت



دوای ئەوەی سەرکردەی ڕەوتی سەدر، موقتەدا سەدر فەرمانی دا بە هەڵوەشاندنەوەی گرووپی سەرایا سەلام سەربە حەشدی شەعبی، فەرماندە لە سەرایا سەلام، ئەبو یاسر ڕایگەیاند کە فەرمانەکەی موقتەدا سەدر جێبەجێ دەکەن. ئەبو یاسر لە ڕاگەیەندراوێکیدا ئاماژەی بەوەداوە کە "بۆ جێبەجێکردنی هەنگاوەکانی موقتەدا سەدر سەبارەت بە چاکسازیی و پاراستنی سەروەریی عێراق، ڕایدەگەیەنم کە فەرمانی هەڵوەشاندنەوە و داخستنی بارەگاکانی سەرایا سەلام جێبەجێ دەکەین". ناوبراو ئەوەشی وەبیرهێناوەتەوە کە "سەرایا سەلام یەکێکبوو لەو پێکهاتە سەربازییانەی کە لە بەرەکانی شەڕدا پابەندی فەرمان و بڕیارەکان بووە، لەگەڵ ئەوەشدا گرنگە متمانەمان هەبێت بە هەنگاوە چاکسازییەکانی موقتەدا سەدر و لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە بەرژەوەندی عێراق بخەینە سەرووی بەرژەوەندییەکانی دیکەوە". جێی باسە پێشتر سەرکردەی ڕەوتی سەدر، موقتەدا سەدر جیابوونەوەی خۆی لە سەرایا سەلام ڕاگەیاندبوو، هەروەها فەرمانی هەڵوەشاندنەوە و داخستنی بارەگاکانی سەرایا سەلامی دەرکردبوو. لە چوارچێوەی بڕیارنامەکەدا، ئەو بارەگایانەی کە ناوی حەشدی شەعبییان لەسەرە لە سەرجەم شارەکاندا دادەخرێن، هەروەها حەشدی شەعبی دەخرێتە پاڵ سوپای عێراق و لەژێر فەرمانەکانی فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکاندا کاردەکات و سەرۆکی دەستەی حەشدی شەعبیش لە لایەن سەرۆکوەزیرانەوە دەست نیشان دەکرێت.

جێی باسە ڕۆژی دووشەمە 1ی تەمموزی 2019 عادل عەبدولمەهدی سەرۆک وەزیرانی عێراق فەرمانی دیوانی ژمارە 237ی تایبەت بە چەکدارانی حەشدی شەعبی دەرکرد و تیایدا ڕایگەیاندووە کە بەلەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندی گشتی و بەپێی ئەو دەسەاڵتەی بەپێی دەستوور پێیدراوە و بۆ بەهێزکردنی هێزەکانی حەشدی شەعبی لە ناوخۆ و دەرەوە ژمارەیەک بڕیاری داوە. سەرۆک وەزیرانی عێراق ڕاشیگەیاندووە: هەموو هێزەکانی حەشدی شەعبی وەک بەشێکی دانەبڕاو لە هێزە چەکدارەکان کاردەکەن و هەموو یاسا و ڕێساکانی هێزە چەکدارەکانیان بەسەردا جێبەجێ دەبێت و لەژێر فەرمانی فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکاندا دادەبن و سەرۆکی دەستەی حەشدی شەعبی بەڕپرسیان دەبێت کە لەلایەن فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکانەوە دادەنرێت.

ئاماژەشی بەوەداوە کە "گروپەکانی حەشدی شەعبی دەستبەرداری هەموو ئەو ناوانە دەبن کە لە کاتی شەڕی داعشدا بەکاریانهێناوە و دەگۆڕێن بە ناوی سەربازی وەک (فیرقە، لیوا، فەوج...هتد)، ئەمەش حەشدی عەشایەری و هەر پێکهاتەیەکی تر دەگرێتەوە و ئەندامەکانی ئەو پلە سەربازییانەیان دەبێت کە لەناو هێزە چەکدارەکاندا کاری پێدەکرێت". سەرۆک وەزیرانی عێراق دەڵێت: پێکهاتەکانی حەشدی شەعبی و ئەندامەکانی کۆتایی بە هەموو پەیوەندییەکی سیاسی و پابەندبوونیان لەگەڵ هەر حزب و لایەنێکدا دەهێنن. لە کۆتایی فەرمانەکەشدا ڕاگەیەندراوە کە ڕۆژی31 ی تەمموزی 2019 دواوادەیە بۆ دانانی ڕێنمایی پێویست بۆ کۆتاییهاتنی کارکردن بەپێی ئەم ڕێنماییانە.

هەواڵەکانتان بۆ ئەم ناونیشانە بنێرن: Hawal.xabat@yahoo.com
www.xebat.net
چوار شەممە 2019/7/3 ژمارە (5781)
خەبات

دابەشکردنی پارەی بەشداربووانی گوندی کۆری دەستپێدەکات



بەڕێوەبەری گشتی وبەرهێنانی هەولێر ڕایگەیاند، بەشداربووانی گوندی کۆری لە ئەمڕۆ چوارشەممەوە دەتوانن سەردانی بانکی نیشتەجێبوونی هەولێر بکەن بۆ وەرگرتنەوەی پارەکانیان.

سامان عارەب، بەڕێوەبەری گشتی وبەرهێنانی هەولێر لەکاتی بەشداریکردنی لە بەرنامەی نامەکانتان گەیشتنی ڕادیۆی ڕووداودا گوتی: بەشداربووانی گوندی کۆری لە ئەمڕۆ چوارشەممەوە دەتوانن سەردانی بانکی نیشتەجێبوونی هەولێر بکەن بۆ وەرگرتنەوەی پارەکانیان.

عارەب، گوتەشی: گەڕاندنەوەی پارەی بەشداربووانی گوندی کۆری بە گوێرەی لیستی ساڵی2014 دەبێت، واتە بەو ناوەدەدرێتەوە کە سەرەتا تۆمارکراوە، لەبەر دروستنەبوونی قەڵەبالغیش بە گوێرەی پیتی ئەبجەدی پارەکە دەدرێتەوە.

گوندی کۆری لە ساڵی2014 بەپێی ڕێککەوتنێکی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و کۆمپانیایەکی کۆریای باشوور لە هەولێر لە سەر ڕووبەری هەزار و 592 دۆنم زەوی، وەک هاوکارییەک بۆ کرێنشینان بڕیاری دروستکردنی درا، کە بڕیتیبوون لە شەش هەزار و 512 یەکەی نیشتەجێبوون، بەشێک لەو خانووانە دابەشکران، بەڵام حکومەتی هەرێمی کوردستان بەبڕیارێک دابەشکردنی خانووەکانی دیکەی ڕاگرت.

بارەگایێ بارزانی ل مالباتا خودێ ژێ ڕازی محەمەد تاهیر گوندکەیی دپرسیت



ئاگەهداربوون لسەر ڕەوشا مالباتا خودێ ژێ ڕازی محەمەد تاهیر محەمەد سالح گوندکەیی، سەباح بەیتوللا بەرپرسێ لقێ 9 و ب نوێنەرایەتیا بارەگایێ بارزانی و شاندەکێ کارگێریا لقێ 9 و بەرپرسێ لێژنەیا ناوچا ڕزگاری سەرا مالباتا خودێ ژێ ڕازی محەمەد تاهیر محەمەد سالح گوندکەیی دا و هەڤخەمیا بارەگایێ بارزانی گەهاندنە وان کو ب ڕوویدانەکا دلتەزین پێنج ل ئێک خێزان ب ڕوویدانا ئوتومبیلێ ببوونە قوربانی و دوو ژی بریندار ببوون، هەمبەر ڤێ ڕوویدانا مەزن ژی بەرپرسێ لقێ 9 پرسە و سەرەخوشییێن بارەگایێ بارزانی گەهاندنە وان و گۆت: ڤێ ڕوویدانا دلتەزین دلێ مرۆڤایەتییێ هەژاند و بو خەمەک بو هەر مالباتەکا کوردستانی و نەخاسمە دوان ڕۆژێن جەژنێ دا، لەوما جارەک دن پرسە و سەرەخوشییێن خوە ل ئێکە ئێکە ل ڤێ مالباتا هێژا دکەین و ل خودایێ مەزن دخوازین کو وان ب بحەشتا خوە شاد بکەن و دویماهیک موسیبەت بیت و ئەوێن بریندار ژی ب ساخ و سەلامەتی بزڤرنەڤە.

ژلایێ خوڤە ژی مالباتا خودێ ژێ ڕازی سوپاسیا بارەگایێ بارزانی و بەرپرسێ لقێ 9 و شاندا یاوەر کر بۆ ڤێ سەردانێ.

لە ڕێگەی پڕۆژەیەکەوە حکوومەتی هەرێم زیادەڕۆییی سەر کەرتی کارەبا ناهێڵێت

بەڕێوەبەری گشتیی کارەبای هەولێر ڕایگەیاند، بۆ نەهێشتنی زیادەڕۆییی سەر کەرتی کارەبا، حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ماوەی 18 مانگی داهاتوودا سیستەمی پێوەری زیرەک بۆ ماڵان و شوێنە بازرگانی و پیشەسازییەکان دەبەستێت.



حوسێن حەمەد، بەڕێوەبەری گشتیی کارەبای هەولێر بە دەگاکانی ڕاگەیاندنی ڕاگەیاندوە: لە ماوەی چەند ڕۆژێ ڕابردوودا لە سنووری ناوچەی پیشەسازیی باشوور لە هەولێر دەستمان کردووە بە بەستانی پێوەری زیرەکی کارەبا لەبری ئەو پێوەرە کۆنەی کە پێشتر کاری پێ دەکرا.

هەروەها بەڕێوەبەری گشتیی کارەبای هەولێر دەڵێت: سیستەمەکە زیادەڕۆیی لەسەر کەرتی کارەبای کوردستان ناهێڵێت، بەهۆی ئەوەی پێوەرەکان لەسەر ستوونەکان دەبن، نەک لەناو ماڵان و کۆمەڵێک ڕۆتینیاتیش لە وەزارەتی هەرێمی کوردستان لە ماوەی 18 مانگی داهاتوودا سیستەمی پێوەری زیرەک بۆ ماڵان و شوێنە بازرگانی و پیشەسازییەکان دەبێت، واتە بەو ناوەدەدرێتەوە کە سەرەتا تۆمارکراوە، لەبەر دروستنەبوونی قەڵەبالغیش بە گوێرەی پیتی ئەبجەدی پارەکە دەدرێتەوە.

بڕیارێکی نوێ لەبارەی پێوەری ئاوی ماڵان دەدرێت

خەبات- سەید فاتیح

بەرزنجی: ئەندازیار ئاری ئەحمەد بەڕێوەبەری ئاوی هەولێر دەکات، بڕیارێکی نوێ لەبارەی پێوەری ئاوی ماڵان دراوە و سزادانی ئەو کەسانەی پێوەرەکەیان نەبەستووە بۆ ماوەی دوو مانگ دەرێتەوە.

ئەندازیار ئاری ئەحمەد بەڕێوەبەری ئاوی هەولێر بۆ خەبات گوتی: ماوەی چوار ساڵە بڕیاری بەستنی پێوەری ئاوی ماڵان دراوە، بەپێی بڕیارەکە لەم مانگەوە هەرکەسێک پێوەری نەبەستبێ، دەبوایە بۆ هەر مانگێک بڕی 100 هەزار دینار سزا درابووایە واتا بۆ خولێک کە دوو مانگ دەکات 200 هەزار دینارە، بەڵام ئەو بڕیارە بۆ دوو مانگی دیکە درێژکرایەوە لە سەرەتای ئەم مانگەوە تا 2019/9/1 هەر کەسێک پێوەرەکە نەبستێ ئەوا بە بڕی 200 هەزار دینار سزا دەدرێت.



گوتیشی: پرۆژەی بەستنی پێوەری ئاوی ماڵان بۆ یەکسانییە لە دابەشکردنی ئاو بەسەر هاوواڵتیان، بەڵام دوای چوارسااڵ هێشتا پێویستە هەموو هاوواڵتیان پێوەرەکانیان هەبێت.

پۆلیسی دهۆک دەستگیرکردنی چەند تۆمەتبارێکی مەترسیداری ڕاگەیاند

پۆلیسی دهۆک دەستگیرکردنی چەند کەسێکی ڕاگەیاند کە دووانیان هاوسەرەکانی خۆیان کوشتووە و باندێکی فێڵ و ساختەکردنیش لەناو دەستگیر کراوەکان بوونیان هەیە.

هێمن سلێمان، بەرپرسی ڕاگەیاندنی پۆلیسی دهۆک، دۆسیەی کوشتنی سێ کەسی ڕایگەیاند کە یەکێکیان لە ناو شاری دهۆکدا، ئافرەتێک بە هاوکاری پیاوێک کە دەستی لەگەڵدا تێکەڵکردووە پیاوەکەی خۆی کە تەمەنی 38 ساڵ بووە کوشتووە و تەرمەکەی لە قەزای کۆمەڵگای خانکێ لە قەزای سێمێڵ فڕێداوە.



بەرپرسی ڕاگەیاندنی پۆلیسی دهۆک لەو بارەیەوە گوتی: دوای دۆزینەوەی تەرمەکە و دەستپێکردنی لێکۆڵینەوەکان ئەو دوو تۆمەتبارە دەستگیرکران و دانیان بە تاوانەکەدا ناوە و بەپێی مادەی 406ی سزدانی عێراق دادگایی دەکرێن.

لەبارەی کەیسێکیتری کوشتنەوە ناوبراو گوتی: کەسێکی تر کە دانیشتوی دهۆکە و بەتۆمەتی کوشتنی خێزانەکەی خۆی و فڕێدانی لاشەکەی لە نزیکی شاری موسڵ دەستگیرکراوە و دانی بە تاوانەکەیدا ناوە و بە پێی مادەی 405ی سزادانی عێراقی دادگایی دەکرێت.

باندێکیش دەستگیرکراوە کە لە چوار کەس پێکهاتوون بە زۆر و فێڵکردن پارەیان لە خەڵک وەرگرتووە و کاری ساختەکاریان کردووە و دوای دەستگیرکردنی کەسێکیان دانی بە تاوانەکەیاندا ناوە و دواتر ئەوانی تریش دەستگیرکراون دواتر سەرجەمیان دانیان بە تاوانەکانیاندا ناوە.

سلێمانی... 540 کیلۆ هەنگوینی ئێرانی خراپ دەستیبەسەرداگیرا



قایمقامییەتی سلێمانی ڕایدەگەیێنێت، لەلایەن لیژنەی سێی سەر بە لیژنە هاوبەشەکانەوە دەست بەسەر بڕێکی زۆر هەنگویندا گیراوە کە شیاوی خواردن و بەکارهێنان نییە. لە ڕاگەیێندراوێکدا قایمقامی سلێمانی ڕایدەگەیێنێت لە ئەنجامی سەردان و پشکنینە بەردەوامەکانی لیژنەی سێی سەر بە لیژنە هاوبەشەکان بۆ ئەو کاڵا و شمەکانەی لەلایەن هاونیشتمانیانەوە بەکاردەهێنرێت، دەرکەوتووە ئەو پێشانگەی ولاتی ئێران لە ماجدی مۆڵ کردوویەتییەوە، بڕی 540 کیلۆ هەنگوینی گوماناوی هەیە و بە هاونیشتمانیانی دەفرۆشن.

لەبارەی جۆری ئەو هەنگوینەی دەستیبەسەرداگیراوە قایمقامییەتی سلێمانی ئاماژە بەوە دەکات هەنگوینەکە دەست بەسەرداگیراوەکە دوو جۆرە، جۆرێکیان بەشانەوە هاوردە کراوە، بەپێی ڕێنماییەکانی وەزارەتی کشتوکاڵ هاوردەکرنی هەنگوین بە شانەکەیەوە ڕێگە پێدراو نییە لەبەر ئەوەی مەترسی گواستنەوەی میرووی زیانبەخشی لێدەکرێت جۆرەکەی دیکەی هەنگوینەکە لە تەنکەدایە و نمونەی ڕەوانەی تەندروستی سلێمانی کراوە بۆ پشکنین. ئەنجامی پشکنینەکە ئەوەی دەرخستووە کە شیاوی خواردن بەکارهێنان نییە بۆیە بە بڕیاری قائیمقامی سلێمانی هەردوو جۆرە هەنگوینەکە لەناودەبرێت.

لەماوەی 6 مانگدا بەهۆی ڕووداوی هاتوچۆوە 75 کەس گیانیان لەدەستداوە

دوێنێ سێشەممە 2019/7/2 کاروان محەمەد وتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی پارێزگای سلێمانی لەکۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ئاماری ڕووداوەکانی 6 مانگی ڕابردووی ساڵی 2019ی ڕاگەیاند. ناوبراو ڕایدەگەیاند لە ماوەی شەش مانگی ڕابردوودا 540 ڕووداوی هاتوچۆ لە سنووری پارێزگاکە تۆمارکراوە و 75 کەس گیانیان لەدەستداوە و 1459 کەسیش بریندارببوون. دەشڵێت زۆربەی ئەو کەسانەی گیانیان لەدەستداوە، سەرنشینی ئۆتۆمبێلەکان بوون کە 41 کەس بوون، هەروەها زۆرترین حاڵەتی گیان لەدەستدان لە دەرەوەی شاری سلێمانی بووە کە 54 کەس بووە. سەبارەت بە جۆری ئۆتۆمبێلەکانیش ئاشکرایکرد، 417 ئۆتۆمبێلیان لەجۆری تایبەت بوون و 183 ئۆتۆمبێلیان بارهەڵگر و 132 ئۆتۆمبێلیان گشتی و 56 ماتۆڕ سکیل و 14 ئۆتۆمبێلی بیانی بوون. کاروان محەمەد وتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی پارێزگای سلێمانی گوتیشی: لەماوەی 6 مانگی ڕابردوودا لە سنووری پارێزگای سلێمانی، بەهۆی ڕووداوەکانی هاتوچۆوە 1459 هاوواڵتی بریندارببوون، بەراورد بە ساڵی پاریش ڕێژەکە کەمی کردووە، بەشێوەیەک تەنها لە شەش مانگی سەرەتای2018 دا 1555 هاوواڵتیی بریندار بوون. ڕاشیگەیاند لە ماوەی شەش مانگی ڕابردووداا135 هەزار و 630 پسوڵەی سەرپێچی بۆ شۆفێرانی سەرپێچیکار کراون، داهاتی شەش مانگی ڕابردووی بەڕێوەبەرایەتییەکەش زیاتر لە 67 ملیار دینار بووە.



www.xebat.net
چوار شەممە 2019/7/3 ژمارە (5781)

تەمەنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان درێژ دەکرێتەوە



سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی هەولێر، سلێمانی و دهۆک لەگەڵ دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان و لیژنەی یاسایی پەرلەمانی کوردستان کۆبوونەوە بە مەبەستی پێدانی پێشنیاز بۆ دریژکردنەوەی وادەی کارکردن لە ئەنجوومەنی پارێزگاکان کە کەوتووەتە بۆشایی یاساییەوە. دوای کۆبوونەوەکە، سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای هەولێر، عەلی رەشید لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانییدا گوتی: وەکو هەر سێ سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی پارێزگاکان، لەگەڵ دەستەی سەرۆکایەتی و لیژنەی یاسایی و ناوخۆ لە پەرلەمانی کوردستان کۆبوونەوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی بۆشایی یاسایی ئەنجوومەنەکان بۆ ئەوەی ئەم بۆشاییە جێبەجێ بکرێت، پەرلەمانی کوردستانیش لە کۆبوونەوەی خۆیدا لەگەڵ فراکسیۆنەکانی ناو پەرلەمان گفتوگۆ لەسەر پێشنیازەکانی ئێمە دەکات بە مەبەستی هەموارکردنی بەشێک لە یاسای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان. لای خۆیەوە سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی، ئازاد حەمەدئەمین رایگەیاند: لەسەر کۆی یاسای ژمارە 3ی ساڵی 2009 ئەنجوومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان گفتوگۆمان کرد، بەشێکی زۆر لە ماددە و برگەکان پێویستی بە هەموارکردنەوە هەیە، بابەتێکە رۆژانە خەڵک کاری پێی دەبێت، ماوەی یاسایی کۆتایی هاتبوو، بەڵام بە هۆی بارودۆخی هەرێمی کوردستان نەتوانرا لە خولی پێشوودا چارەنووسی ئەنجوومەنی پاریزگاکان دیاری بکرێت و ئەمڕۆ رێککەوتین لەسەر ئەوەی کە پەرلەمانی کوردستان دوای ئەوەی کۆبوونەوەیەک ئەنجام دەدات لەگەڵ فراکسیۆنەکان و لەوێ بڕیار دەدەن کە چارەسەرێک بۆ ئەم بابەتە بدۆزرێتەوە بۆ ئەوەی بۆشایی یاسایی دروست نەبێت.

هەروەها سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای دهۆک، فەهیم عەبدوڵلا گوتی: تەوەری سەرەکی کۆبوونەوەکەمان لەگەڵ دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان و لیژنەی ناوخۆیی و یاسایی پەرلەمانی کوردستان، بۆشایی یاسایی ئەنجوومەنی پارێزگاکان بوو، کۆبوونەوەکەمان ئەرێنی بوو، بەو هیوایەی کە لە ماوەیەکی کورتدا ئەو کێشەیە چارەسەربکرێت.

دوێنێ سێشەممە 2ی تەمموزی 2019 لە بارەگای لقی 24ی سەفینی پارتی، هیوا ئەحمەد مستەفا ئەندامی سەرکردایەتی پارتی و بەرپرسی لقی 24ی سەفین، پێشوازیکرد لە ستافی نوێی ئەنجوومەنی ئافرەتانی سەفین. لە دانیشتنێکدا بەرپرسی لق، پیرۆزبایی دەستبەکاربوونی لە ستافی نوێی ئافرەتان کرد و هیوای سەرکەوتنی بۆ خواستن، بۆ بەرەوپێشبردنی کاری رێکخراوەیی و گرنگیدان بە بواڕەکانی ئافرەتان و زیاتر بەرەو پێشبردنیان لە سنوورەکەدا و پالپشتی و پشتیوانی بۆ دووپات کردنەوە.

هەر لە دانیشتنەکەدا بەرپرسی لقی 24 ڕۆژلی ئافرەتانی لە شۆڕشە یەک لەدوایەکەکانی کوردستان بەرزنرخاند، بیری خستنەوە کە ئافرەت هاوشانی پیاو ڕۆلی سەرەکی گێڕاوە لە دەستەبەرکردنی دەستکەوتەکانی نەتەوەکەمان و بۆیە پێی ڕاگەیاندن کە پارتی هەمیشە داکۆکیکاری سەرسەختی دەستەبەرکردنی مافەکانی ئافرەتان بووە، پشتیوانی تەواویان لێدەکات.

لای خۆشیانەوە ئەنجوومەنی ئافرەتانی سەفین سوپاسی ئەو پێشوازییە گەرمەی بەرپرسی لقیان کرد، هیوایان خواست کە هاوکاری لەگەڵ لقەکە بۆ زیاتر خزمەتکردن بە ئافرەتان و کارکردنی جدی بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانیان لەسنووری چالاکییان.



بەرپرسی لقی 24: پارتی هەمیشە پالپشتی لەدەستەبەرکردنی مافی ئافرەتان کردووە

پرسە و سەرەخۆشی

بەناوی خودای گەورە و میهرەبان
بەڕێز ئیبراهیم کوێخا هەمزە خۆشناو
بەدڵگرانییەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی خاتوو (زەینەب)ی کچتانمان پێگەیشت. خۆمان بە هاوبەشی خەمی بەڕێزتان و خانەوادەکەتان دەزانین و سەرەخۆشی ئاراستەی ئێوە و خزم و دۆستانتان دەکەین.
لە خودای گەورە داواکارین ئارامی و دڵنەوایی بە هەموو لایەک ببەخشێت و خوالێخۆشبوو بە بەهەشتی بەرینی خۆی شاد بکات.
انا لله وانا اليه راجعون
بارەگای بارزانی

سلێمانی... تەرمی هاوواڵتییەک لە ماڵەکەیدا دۆزرایەوە

گوتەبێژی پۆلیسی سلێمانی بە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی ڕایدەگەیەنێت شەوی ڕابردوو لە گەڕەکی ڕیعایە تەرمی هاونیشتیمانییەک لە ماڵەکەی خۆیدا دۆزرایەوە.
دوێنێ سێشەممە نەقیب سەرکەوت ئەحمەد، گوتەبێژی پۆلیسی سلێمانی ڕایگەیاندوە: درەنگانی شەوی ڕابردوو تەرمی هاوواڵتییەکەی تەمەن 50 ساڵ لە ماڵەکەی خۆیدا دۆزرایەوە و هیچ ئاسەوارێکی گوللە یان چەقۆ بە جەستەیەوە دیارنییە.
سەرکەوت ئەحمەد ئاماژەی بەوەدا تەرمی ئەو هاووڵاتییە بەڕێکراوە بۆ پزیشکی دادی سلێمانی بۆ ئەوەی هۆکاری گیانلەدەستدانەکەی بزانرێت.

بڕێکی زۆر بەناو دەرمانی ساختە و ڕێگەپێنەدراو لە کۆگایەکی شاراوە دەستیان بەسەردا گیرا

خەبات- سەید فاتیح
بەرزنجی: لیژنەی بالای بەدواداچوونی دەرمان کە پێکهاتووە بە سەرۆکایەتی قایقامیەتی قەزای ناوەندیی هەولێر و بەڕێوەبەرایەتی کۆنترۆڵی جۆری دەرمان، بەڕێوەبەرایەتی نەهێشتنی تاوانی ڕێکخراو سەر بە ئاژانسی پاراستن و بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی هەولێر و بە هاوکاری پۆلیسی شارەوانی، کۆگایەکی نەپێنیی دەرمانی ساختە و ڕێگەپێنەدراویان لە هەولێر دەست بەسەر داگرت.
ئەم کۆگایە کە دەکەوێتە سەر ڕێگای هەولێر ـ گۆیژە، بڕی 20 تۆن دەرمانی ساختە و ڕێگەپێنەدراو و نەشیاوی تێدابوو.
بەشێکی زۆری ئەو بەناو دەرمانانە تایبەت بوو بەهێزکردنی توانای جنسی پیاوان و ئافرەتان بەشێکیش تایبەت بوون بە دابەزاندنی کێش. هەموو دەرمانەکان لەلایەن لیژنەکەوە دەستیان بەسەردا گیرا و خاوەنەکەشی دەست بەسەر کرا و پەڕاوی لێکۆڵینەوەی بۆ کراوەیەوە ڕەوانەی بەردەم بەڕێز دادوەری لێکۆڵینەوە کرا.



شەقڵاوە... بە تۆمەتی دزیکردن تۆمەتبارێک دەستگیر کرا



دوێنێ سێشەممە 2019/7/2 بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هەولێر ڕاگەیاندراوێکی لە پەیجی فەرمیی خۆی، لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووک بڵاو کردەوە، تێیدا موقەدەمی پۆلیس ئیسماعیل عومەر، ئەفسەری نووسینگەی نەهێشتنی تاوانی شەقڵاوە ڕایگەیاندووە: ئاگادار کرایەوە بە بوونی دوو ڕووداوی دزیکردن لە سنووری بنکەکەمان، ئێمەش دۆسیەی لێکۆڵینەوەمان بۆ ئەم ڕووداوە کردەوە و توانیمان لە ماوەیەکی کەمدا تۆمەتبار دەستگیر بکەین.
باس لەوەش کراوە: تۆمەتبار بە ناوی ڕ، د، م تەمەن40 ساڵ، دوای دەستگیرکردنی دانی بە تاوانەکەیدا ناوە، کە ئۆتۆمبێلێکی لە جۆری تۆیۆتا هایلۆکس دزی بوو، دواتر بە هەمان ئۆتۆمبێل بڕێکی زۆری مادە کحوولییەکان لە شەقڵاوە دزی بووە. ئاماژە بەوەش کراوە، پەڕاوی لێکۆڵینەوەی بۆ ڕێکخراو و ڕەوانەی بەردەم دادوەر کرا، دادوەریش بڕیاری دا بە بەندکردنی تۆمەتبار بە مادەی 444 لە یاسای سزادانی عێراقی.

دووکان... کارمەند و پزیشکانی نەخۆشخانە گردبوونەوەیەکی ناڕەزاییان ڕێکخست



بەهۆی بڕینی دەرمالەی شۆینی کار و ژیانەوە، ڕۆژی سێشەممە 2019/7/2 کارمەند و پزیشکانی نەخۆشخانەکانی دووکان گردبوونەوە و دەوامیان وەستاندووە و گردبوونەوەیەکی ناڕەزییان ڕێک خستووە. نەورۆز محەمەد، یەکێک لە نوێنەرانی پزیشک و کارمەندە ناڕازییەکانی سنووری دووکان بە باسنیوزی ڕاگەیاندوە: بە بیانووی هەبوونی ئۆتۆمبێلی هاتوچۆوە، لە سەرەتای ئەمسالەوە دەرمالەی هاتوچۆمان بۆ خەرج ناکرێت، لە کاتێکدا کە ئێمە بە ئۆتۆمبیلی حکوومەت هاتوچۆ ناکەین. گوتیشی: هاوکات ئەو دەرمالەیە بۆ زۆرێک لە شوێنەکانی دیکە خەرج دەکرێت، بۆیە ئێمەش بە مافی خۆمانی دەزانین داوای گەڕاندنەوەی بکەین. نەورۆز محەمەد باسی لەوەش کرد: زۆربەی نەخۆشخانە و بنکەکانی سنووری دووکان داخراون و بەشداربیان لەو گردبوونەوەیەدا کردووە و بەردەوامیش دەبین تا بەڵێنی گەڕانەوەی دەرمالەکەمان پێدەدەن.

ڕێنماییەکانی خوێندنی باڵا لە هەرێمی کوردستان دەگۆڕدرێن

بەڕێوەبەری گشتیی توێژینەوە و پەرەپێدان لە وەزارەتی خوێندنی باڵای حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕایدەگەیەنێت، لە دواکۆبوونەوەی ئەنجوومەنی وەزارەتدا، بڕیار درا بە گۆڕینی ڕێنماییە کۆنەکانی خوێندنی باڵا لە هەرێمی کوردستان و بڕیاریشە بۆ ئەمساڵ لە چەند زانکۆیەکی ئەهلی خوێندنی باڵا بخوێنرێت بە گوێرەی پێوەرە زانستییەکان.
ئاکرەیی ڕوونیشی کردەوە: بۆ خوێندنی دکتۆرا بۆ ساڵی 2020/2019 دەبێت قوتابی دوو سەرپەرشتیاری هەبێت، یەکێک لە دەرەوەی عێراق و یەکێکیش لە ناوەی هەرێمی کوردستان یان عێراق.
لەبارەی خوێندنی ماستەریشەوە، بەڕێوەبەری گشتیی توێژینەوە و پەرەپێدان ئاماژەی بەوە دا: پێشتر2500 کاندید وەرگیرابوون، بەڵام توانستی زمانیان نەبوو، بۆیە نەبوونە قوتابی، بەڵام ئەنجوومەنی وەزارەت بڕیاری داوە ڕێنمایی تایبەت بۆ قوتابیانی ماستەر دەربکات بۆ ئەوەی دەست بە خوێندن بکەن لە ڕێگای لیژنەیەکەوە، کە لە جێگری گشت سەرۆک زانکۆکان و ڕاوێژکاران پێک هاتووە.
دەشڵێ: ئەو کەسانەی کە لە دەرەوە دەخوێنن و کۆنفرەیان لە خوار 60ەوەیە، بە هیچ جۆرێک نازناوی زانستییان پێ نادرێت، بەڵکوو تەنها هاوسەنگیی بڕوانامەیان بۆ دەکرێت.

بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی چەمچەماڵ لە ماوەی 10 ڕۆژ 56 تۆمەتباری دەستگیر کرد

بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیسی سلێمانی ئاشکرای کرد، بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیسی چەمچەماڵ لە ماوەی 10ڕۆژی ڕابردوودا، توانیویانە 56 تۆمەتبار دەستگیر بکەن.
دوێنێ سێشەممە 2019/7/2 بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیسی سلێمانی ڕاگەیاندراوێکی لە پەیجی فەرمیی خۆی، لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووک بڵاو کردەوە، تێیدا باس لەوە کراوە، هێزەکانی بەشی پۆلیسی چەمچەماڵی سەر بە بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیسی سلێمانی، لەماوەی 10 ڕۆژی ڕابردوودا 56 تۆمەتباریان بەپێی چەند ماددەیەک لەیاسای سزادانی عێراقی دەستگیر کردووە، کە بەم شێوەیە: تۆمەتبارێک بەپێی ماددەی 406 لە یاسای سزادانی عێراقی دەستگیر کراوە، کە بەهۆی کێشەیەکی کۆمەڵایەتییەوە لە 2019/6/15 لە ناحیەی شۆرشی سەر بە قەزای چەمچەماڵ ژن و پیاوێک کوژران، ئێستا تۆمەتبار ز، س، ل دەستگیر کراوە.
هەروەها 9 تۆمەتبار بەپێی ماددەی 405/31 لە یاسای سزادانی عێراقی دەستگیر کراون، ئەو تۆمەتبارانەش تەقەیان کردووە. 9 تۆمەتباری دیکەش بەپێی ماددەی446 لەیاسای سزادانی عێراقی دەستگیر کراون، کە دزییان لە هاوواڵتییان کردووە.
دوو تۆمەتبار بەپێی ماددەی 456 لە یاسای سزادانی عێراقی دەستگیر کراون، کە تۆمەتباران بە فێڵ پارەیان لە هاوواڵتییان بردووە. 35 تۆمەتباری دیکە بەپێی چەند ماددەیەکی دیکە لەیاسای سزادانی عێراقی دەستگیر کراون، کە لەدادگاکانەوە فەرمانی گرتنیان هەبووە و لەلایەن بەشی پۆلیسی چەمچەماڵەوە دەستگیر کراون و پەڕاوی لێکۆڵینەوەیان بۆ ڕێکخراوە. دەست بەسەر دوو ئۆتۆمبێل و چوار چەک گیراوە، جۆرەکانیشیان: دوو دەمانچە، دوو کلاشینکۆف کە لەکێشەکاندا بەکار هێنراون.

لەندەن.. کچە کوردێک خوێندنەوەیەکی خێرا بۆ پەرتووکی "گەورەترین خیانەت" دەکات



ساسان دەرویش/ بەریتانیا

زۆر لە کەسایەتی سیاسی و بالآدەستەکانی دونیا و سەرکردەکان و ڕۆشنبیران و نووسەران لەسەر ڕیفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان و کارەساتی 16ی ئۆکتۆبەر قسەیان کرد و نووسی و لە نێو ئاژانسەکانی جیهانی بڵاوبوویەوە، بەدەر لە هەموو ئەمانەش تۆیژەرانی بواری میژوو و ڕووداوەکانی سەردەم و جەنگ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بیروبۆچوونی خۆیان نووسی و بە بەڵگەکردنی ڕووداوەکان وەک میژوویەک و نووسینەوەیان لە دووتوێی پەرتوکەکانیان کارێکی میژوویییان بۆ نەوەی داهاتوو کردووە کە جاروبار دەکەونە بەر دیدی خوێنەران.



شیلان ئاستەیی

کوردانی تاراوگە دەبێت بەرامبەر دۆزی ڕەوای میللەتەکەیان چاوکراوەتر بن

سەرەتا شیلان ئاستەیی بە گرنگی زانی کوردانی تاراوگە چاوکراوە بن لە نووسینەوەی میژوو لەلایەن نووسەران و ڕۆژنامەڤانی جیهانی و گوتی: سوپاس بۆ ڕۆژنامەی خەبات کە پیشەنگە لە تۆمارکردنی ڕووداوەکانی میژووی کورد و کوردستان و بەدواداچوونی بە تایبەتی لە تاراوگە بەهۆی هەبوونی نووسینگەی خەبات لە هۆڵەندا، لە کەم و زۆر ئەم بابەتانە دەخاتە ڕوو. زۆر گرنگە بۆ ئێمەی گەلی کورد زۆر لە جاران چاوکراوەتر بین لەسەر دۆزی ڕەوای نەتەوایەتیمان بەتایبەتی لە تاراوگە لە دەستنیشانکردنی دۆستەکانمان و بەدواداچوون لەسەر بیروبۆچون و هەڵوێستەکانیان لەمەڕ پرسەکانی نەتەوەییمان و ئەو نووسینانەی کە بۆ میژوو دەنووسنەوە ئاگاداریان بین و لە سیمینار و پانێلەکانیان بەشداربین و بە سەرنج و تێبینیەکانی خۆمان بابەتەکانیان بۆ دەوڵەمەند بکەین تا هەڵەی زەقیان بەسەردا تێنەپەڕیت و بۆ ئێمەی کوردیش لە میژووی ئەواندا بەخراپ بنووسرێتەوە و نیگەران بین، بۆیە دەڵێم دەبێت کوردانی تاراوگە چاوکراوەترین بۆ دۆزی ڕەوای میللەتەکەیان، بەیەک هەڵوێستی و یەک وتاری دەگەینە ئامانجە پیرۆزەکەمان کە سەربەخۆیی بۆ کوردستانە.

ڕیفراندۆم و 16ی ئۆکتۆبەر لە پانێلێکدا لە لەندەن

پاشان شیلان ئاستەیی باسی لە وردەکاری پانێلەکە و بەشداربونیانی کرد و گوتی: ئەگەر بێینە سەر باسکردنی پانێلەکە کە لە دوومانگی ڕابردوودا بوو لەلایەن سەنتەرێکی ڕوسی، کە سەنتەرێکی لێکۆڵینەوە و بەدواداچونە بۆ ئەم جۆرە بابەتانە، بەهەمان شێوەش ئەم پانێلە بۆ پڕۆفیسۆری ئەمریکی بە ناوی دێڤد فیلیپس بوو کە لە شاری لەندەن سازکرا و ئەوەی بزانم ئێمەی کورد تەنها 4کەس ئامادەبووین و بانگهێشت کرابووین لەلایەن سەنتەری ناوبراو کە پێکهاتبووین لە عرفان عەزیز کە خۆی دکتۆراکەی لەسەر ڕیفراندۆم وسەربەخۆیی کوردستانە، خەسرەو ئاژگەیی و دکتۆر محەمەد شەریف مامۆستا لە زانکۆی لیستر و بەندە شیلان ئاستەیی، باقی خەڵکێکی زۆری کەسایەتی ئەکادیمی کە زۆربەی زۆریان لە ڕۆژنامەڤان و تۆیژەرانی سیاسی و میژوونووسان و زۆرێکیش لەوان دیپلۆماتی کونسولی و باڵیۆزخانەکان ئامادەبوون. نووسەر بابەتێکی تێروتەسەلی لەسەر دۆزی کورد و کێشەکانی میللەتەکەیان، بەیەک هەڵوێستی و یەک وتاری دەگەینە ئامانجە پیرۆزەکەمان کە سەربەخۆیی بۆ کوردستانە.

ڕیفراندۆم و 16ی ئۆکتۆبەر لە پانێلێکدا لە لەندەن

پاشان شیلان ئاستەیی باسی لە وردەکاری پانێلەکە و بەشداربونیانی کرد و گوتی: ئەگەر بێینە سەر باسکردنی پانێلەکە کە لە دوومانگی ڕابردوودا بوو لەلایەن سەنتەری ڕوسی، کە سەنتەرێکی لێکۆڵینەوە و بەدواداچونە بۆ ئەم جۆرە بابەتانە، بەهەمان شێوەش ئەم پانێلە بۆ پڕۆفیسۆری ئەمریکی بە ناوی دێڤد فیلیپس بوو کە لە شاری لەندەن سازکرا و ئەوەی بزانم ئێمەی کورد تەنها 4کەس ئامادەبووین و بانگهێشت کرابووین لەلایەن سەنتەری ناوبراو کە پێکهاتبووین لە عرفان عەزیز کە خۆی دکتۆراکەی لەسەر ڕیفراندۆم وسەربەخۆیی کوردستانە، خەسرەو ئاژگەیی و دکتۆر محەمەد شەریف مامۆستا لە زانکۆی لیستر و بەندە شیلان ئاستەیی، باقی خەڵکێکی زۆری کەسایەتی ئەکادیمی کە زۆربەی زۆریان لە ڕۆژنامەڤان و تۆیژەرانی سیاسی و میژوونووسان و زۆرێکیش لەوان دیپلۆماتی کونسولی و باڵیۆزخانەکان ئامادەبوون. نووسەر بابەتێکی تێروتەسەلی لەسەر دۆزی کورد و کێشەکانی کوردستان دەبێ لە ئێستا بە دواوە زیاتر دۆست و لایەنگری خۆی دروست بکات لە ڕێگای ژێرخانی ئابووری و زانست و پەلکێشکردنی وڵاتانی تر بۆ کوردستان هەنگاو بنێت. ئەمە بیر و بۆچوونی کەسانی دۆستی کوردە بە دۆزی کورد کە ئاوەها قسە دەکەن لە بەرژەوەندی ئێمە و کەچی ئێمەش هیچ هەنگاو نانێین بۆ ئەوەی بە یەکگرتوویی هەنگاو ببڕین بۆ وەدیهاتنی خەونی شەهیدەکانمان و نەهێشتنی ئەو هەموو زوڵمەی کە میژووی داگیرکاران و خۆمان بەخۆمان کرد، لە ئێستادا هەستانەوەیەک بێت بۆ بەهێزکردنی کوردستان و لە بەردەم میژوو و نەوەکانمان ویژدانی خۆمان ئاسودە بکەین.

گەورەترین خیانەت بوو بە ناونیشانی پەرتوکێکی ئەمەریکی

لە کۆتایدا شیلان ئاستەیی باسی لە گرنگی و بەدواداچونی کوردی کرد بۆ ئەو چاپەمەنیانەی کە لەسەر کورد و کوردستان بڵاودەبنەوە لە ناوەندە بااڵکانی وڵاتان و گوتی: زۆر بە لامەوە گرنگ خستەڕوو بەگشتی و بەتایبەتی ڕیفراندۆم و16ی ئۆکتۆبەر لەگەڵ ئەمانەشدا باسی لە کێشەی پارچەکانی تری کوردستان کرد و لەلایەن ئامادەبوان زۆر پرسیار ئاراستەی نووسەر کرا و بە وردی و پشتبەستن بە بەڵگەنامەی گرنگ وەڵامی ئەدانەوە. نووسەر لەبەشێکی باسەکەیدا ئاماژەی بەوەکرد کە هۆکاری نەگەیشتنی کورد بەئامانجەکانی تەنها خۆیەتی، لە یەک نەبوون و یەک نەگرتن و خیانەت کردن لەخۆ. لە بەشێکی قسەکانی تریشیدا گوتی: ئەمەریکا پشتی لە کورد کرد کە نەدەبوو وایبکردایە، ئەو گوتی کوردەکان دەڵێن ئێمە دۆستمان نییە تەنها چیاکانمان نەبێت، منیش دەڵیم هەرچەندە ئەمەریکاش دۆستی نییە تەنها کوردی هەیە و لە کۆتایشدا بە ئامادەبووانی گوت دەبێت چی بکرێت تا کورد بە ئامانجەکانی بگات کە نووسەر پێیوابوو کە کورد دەبێ ئابووری و تێکەڵی خۆی تەنها لەگەڵ ئەمریکا وئەوروپا نەبەستێت.

دێڤد فیلیپس، نووسەری پەرتووک

بوو کە بەشداری ئەم پانێلە بکەم و لە نزیکەوە لەسەر بیروبۆچوونی بیگانە و دۆستەکانمان شتێکم لەلا گەاڵڵە بێت بزانم لە بەردەم ئەم گۆڕانکارییانەی دنیا هەست بە چ دەکەم لە قسە و گفتەکانیان بۆ کورد. خۆشبەختانە بەشداربووم و دانەیەک لە پەرتوکەکەشم بە واژووی نووسەر خۆی دەستکەوت لە هەمان سەنتەری ڕوسی بە ناونیشانی "گەورەترین خیانەت" کە بریتیە لە 236 لاپەڕە و خستنەڕووی چەندین وێنەی گرنگی میژووی ڕووداوەکانی ڕیفراندۆم و خیانەتی 16ی ئۆکتۆبەر و سوکایەتیکردن بە ئااڵی کوردستان و داگیرکردنی شاری کەرکوک. خۆشحاڵی خۆی دەربڕی کە توانیبێتی کەمێک لە خەم و ئازاری گەلێکی زوڵم لێکراو و چەند ملیۆن کەسی بێ دەوڵەت وەکو کورد بە جیهان بناسێت کە لە نێوەڕۆکەکەیدا زۆر باسی گرنگی تیدایە لەسەر کورد و پارچەکانی کوردستان و ئەمەش لە زاری خۆیانەوە بۆ خۆیان کە باشتر لە دۆزی کورد بگەن تەنها وشەی کە چەندین جار دەیگوتەوە دەبێت کورد یەکگرتوو بێت و هەر لە سەرەتای سنوردانانی ڕۆژهەاڵتی ناوەڕاست ئەوان دەیانتوانی زۆر بە ئاسانی ئەو سنورانە تێک بشکێنن، بەاڵم لەبەر یەک نەبوون و خیانەتی ناوخۆیی خۆیان نەگەیشتوون بە خەونەکانیان.

لە کۆتاییدا هیوای خواست ئەم سەدەیە بۆ ئەوان ڕوناکی بێت و لە تاریکی ڕزگاریان بێت. لە کۆتایشدا بە هیوام وەڕگێڕانی کورد یاخود هەر دەزگا و سەنتەرێکی پەیوەست بە وەرگێڕانی پەرتوک کتێبخانەی کوردی لەم پەرتوکە گرنگانە بە زمانی پاراوی کوردی بێبەش مەکەن کە سوودی گرنگی بۆ نەوەکانمان هەیە.

کیسی هێلکەدان چییە و چۆن چارەسەر دەکرێت؟



ئا/ وریشەعومەر

سورمێ یەکێک لەو مامانە ڕێپێدراوە شارەزایانەی کوردستانە کە چەندین ئافرەت لەسەر دەستی ئەو منداڵیان بووە. سورمێ ماوەیەکی زۆر لای کۆرپەیەکان وانەی وەرگرتوە دەربارەی منداڵبوون. لەوەاڵمی خەبات دەربارەی دروست بوونی کیسی هێلکەدانی ئافرەتان بەم جۆرە دەدەوێ:

* هۆکارەکانی دروستبوونی کیسی هێلکەدان چین؟

– کیسی هێلکەدان بریتییە لە کیسی ورد کە لەسەر هێلکەدان دروست دەبێت. یەکێکە لە باڵوترین نەخۆشییەکانە لەئافرەتاندا، بەهۆی تێکچوونی هۆرمۆنەکان لە نێوان کچان و ژنان دا بەتایبەتی لە نێوان تەمەنی 18 بۆ 44 ساڵی تووشی ئەم حاڵەتە دەبن، بۆ تەمەنی کچێک کە هێشتا سووڕی مانگانەی نییە دەستنیشانکردنی ئاسان نییە، بۆ ئەو کچانەشی کە سووڕی مانگانەیان هەیە، پێویستە دایکی کچکە ئاگاداری ئەوە بێت ئایا سووڕی مانگانەی کچەکەی لە کاتی خۆیدایە یان نا، چونکە ئەم کیسە دەبێتە هۆی زیادبوونی مووی دەموچاو و تێکچوونی ڕوخسار و وردانە زیاتر دەبێت. کەمی جوڵە یەکێکی تر لەو هۆکارانەی ئەم کیسە دروست دەکات. یەکێکە لە باڵاوترین نەخۆشییەکانە لەئافرەتاندا، بەهۆی تێکچوونی هۆرمۆنەکان لە نێوان کچان و ژنان دا بەتایبەتی لە نێوان تەمەنی 18 بۆ 44 ساڵی تووشی ئەم حاڵەتە دەبن، بۆ تەمەنی کچێک کە هێشتا سووڕی مانگانەی نییە دەستنیشانکردنی ئاسان نییە، بۆ ئەو کچانەشی کە سووڕی مانگانەیان هەیە، پێویستە دایکی کچکە ئاگاداری ئەوە بێت ئایا سووڕی مانگانەی کچەکەی لە کاتی خۆیدایە یان نا، چونکە ئەم کیسە دەبێتە هۆی زیادبوونی مووی دەموچاو و تێکچوونی ڕوخسار و کێشەی هۆرمۆناتی موو. کاتێک کەسێک کێشی زۆر بێت دەردانی هۆرمۆنەکانی زیاد دەکات، ئەمەش دەبێتە هۆی دواکەوتنی سووڕی مانگانە، کە سووڕی مانگانەش دواکەوت موی ڕوخسار زیاد دەکات، ئەمەش وەک زنجیرەیەکە بەدوای یەکدا دێت.

* چۆن ئەو زنجیرە بشکێنێین؟

– ڕێگای تێکشانی ئەم زنجیرەیە بریتییە لە جوڵە و ڕجیم کردن تاکێش زیاد نەکات، چونکە دروستبوونی ئەم کیسانە دەبێتە هۆی دواکەوتنی منداڵ بوون. جا لێرەدا باسی چارەسەرێکی سروشتی دەکەین کە تاقیکراوەتەوە و ئەنجامی زۆرباشی بووە بۆ ئەم نەخۆشییە کە زۆر ئاسانە و هەرکەسێک کە ئەم نەخۆشیەی هەبێت دەتوانێ ئەنجامی بدات ئەویش لە ڕێگەی دۆشاوی تووە.

چۆنیەتی دروستکردن و ئامادەکردنی تووەکە و خواردنی؟ تووی وشک دێنین لە پێشدا تووەکە پاک دەکەیت و جوان دەیشۆیتەوە بۆ ئەوەی دڵنیا بیت لە پاک و خاوێنی، پاشان تووەکە دەکەیتە ناو ئاوەوە لە ئێوارەوە تا بەیانی، دواتر تووەکە دەپاڵێوی بە هێلەکێک یاخود بە سووزگەیەک یاخود بە پارچە قوماشێکی خاوێن کە بۆ پاڵاوتن شیاو بێ بۆئەوەی ئاوی تووەکە هیچ خاڵتە و وردە تووەکی پێوە نەبێت. پاشان ئاوی تووەکە دەخەیتە سەر ئاگر تا دەکوڵێت و خەست دەبێتەوە وەک چۆن ڕووبە هەنار خەست دەبێتەوە ئاواهی لێدێت، بەاڵم ئاگادار بن دەبێت زیاد لە پێویستی خۆی خەست نەبێتەوە چونکە دوای دۆشاوی تووەکە تاڵ دەبێ. دوای کوڵاندن لەسەر ئاگر دایدەگریت تاوەکو سارد دەبێتەوە دەیکەیتە ناو شوشەوە و سەری قەپات دەکەیت و لەسەاڵجەدا هەڵدەگیرێت.

چۆنیەتی خواردن: مانگێک تا 40 ڕۆژ هەموو بەیانییەک 20 دەقە پێش نان خواردن دوو کەوچکی چێشتی لێ دەخۆیت.

وردەخاڵەکانی ماڵداری



لەیلا سلێمان: چەند ڕاسپاردەیەکی کورت بەاڵم کاریگەر بۆ کابانەکانی ماڵەوە

– کاتێک هەستتان کرد چێشتەکەتان سوێر بووە و خوێی زۆرە کوچکێکی زۆر بچوک شەکری تێکەن تامی سوێڕی دەبڕێت بێ ئەوەی شیرن بێت.

– لە کاتی کوڵاندن و زەردکردنی سەوزەوات وەک باینجان و گێزەر و فاسۆلیای تەڕ و ... چەند کلۆ قەندێکی پێزیاد بکەن بەتامتری دەکات.

– بۆ وەستاندنی نزگەرە دەتوانن لە شەکر کەلکوەرگرن. پێویستە کوچکێکی بچوک شەکر بکەنە دەمتان و قووتی بدەن. ئەو چارەیە ئەوەندە ئاسانە کە خۆشتان بڕوا ناکەن. تاقی بکەنەوە و بڕوا بێنن.

– ئەگەر زەاڵتەکەتان زۆر ترش کردووە پێویستە کەوچکێک زەیتی زەیتون، کوچکێکی بچوک شەکر و کەوچکێک شیر تێکەڵ بکەن و لێی زیاد بکەن و تێکی بدەن، ئینجا دەبینن تامی ترشەکەی نامێنێت.

– بۆ لەناوبردنی ژەهری زەردەوالە کلۆ قەندێک تەڕ بکەن و بیخەنە شۆڕبەی پێوەدانەکە و پەنجەی پێوەنێن. قەندە تەڕەکە ژەهرەکە دەنێتە دەرەوە و خروو و ئێشی ناهێڵێت.

گرنگترین هەنگاوەکان بۆ میکیاژێکی هاوینە



ئا/ لاپەڕەی ئافرەت: هەندێ لە شێوازەکانی میکیاژ جێگیرن و لای خەڵک لە هەر کات و شوێنێک پەسەندە، بەاڵم بە پێچەوانەوە هەندێ لە شێوازەکانی میکیاژ هەن کە تایبەت بە زەمەنێکی دیاریکراون وەک شێوەی میکیاژی هاوینە کە لەو بابەتەدا ئاماژەی پێدەدەین:

هەنگاوە یەکەم: میکیاژی چاو (جوانترین مۆدیلەکانی ئارایشتی چاو لە هاویندا)

1- سێبەری چاو بە شێوازی پەری دەریاییەکان: لەو بەشەدا دوو جۆری سێبەری چاو هەرە کە لە هەردووکیان پێویستە برژانگی پڕ و ڕێڵی چاوی ڕەش بەکار بێت.

مۆدیلی یەکەم: سەرەتا سێبەرێکی سەوزی دەریا لە هەموو پیلۆی چاوتان بدەن. دواتر لە سەرووی سێبەرە سەوزەکە ڕەنگی شین بەکاربهێنن و بە کەلکوەرگرتن لێی تا ئێسکی برۆکانی پێدابۆشن.

دووهەم مۆدیل:سووچی ناوەندی چاو بە سەوزی دەریایی داپۆشن و بەشی سووچی پێچەوانەی ڕەنگی شین لێدەن و بۆ پڕکردنەوەی ئەو مەودایە لە هەر دوو ڕەنگ سوود وەربگرن.

2- بەکارهێنانی ڕێڵی سپی: ئەگەر لەو کەسانەن کە حەز بە ڕێڵی سپی دەکەن وەرزی هاوین باشترین کاتی ئەو بژاردەیە. گەر چاوتان بە ڕێڵە سپی بکێشن لەگەڵ سێبەری چاوی ڕووناک سەرنجڕاکێشە، بەاڵم گەر پێچەوانە بێت واتە سێبەری تۆخ و ڕێڵی سپی شێوازێکی هەاڵە و نەگونجاوە. چۆنیەتی بەکارهێنان: باشترێت شێوە سێبەرێکی ڕووناک کە نە زۆر مات بێت نە بە بریسکەیەکی زۆرە. پاشان هێلێکی چاوی لە شێوەی پشیلە بە ڕەنگی سپی بکێشن. دواتر بە بەکارهێنانی برژانگی دەسکرد و ماسکارا، برژانگێکی پڕ و سەرنجڕاکێش دروست بکەن.

وون بوون

نووسراوی گومرگی ابراهیم خلیل بەناوی کۆمپانیای جلنك کارس جۆری ئۆتۆمبێل: مارسیدس فلات تك ویل دەبل قەمەرە رەنگی سپی مۆدێل: ٢٠١١ ژمارەی ئۆتۆمبێل: ٥٣١٣٢ کاتی ١١٨٧١ دھوك ژمارەی لاشە (شاصی) WDB٩٣٠٢٠٣١L وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

* * *

محكمة الاحوال الشخصية في العمادية

العدد/٥١/ش/٢٠١٩

التاريخ/٢٠١٩/٦/٣٠

اعلام

الى المدعى عليها (دميرا بلبل ناميدي) مجهول محل الاقامة

اقام المدعي (ايفان حسين رشيد) الدعوى الشرعية المرقمة (٥١/ش/٢٠١٩) عليك امام هذه المحكمة والذي يطلب فيها (بتصديق الطلاق الخارجي الواقع بينكما بتاريخ ٢٠١٩/٦/١٣ وتحميلك كافة المصاريف واتعاب المحاماة) ولمجهولية محل اقامتك حسب اشعار مختار قضاء العمادية المرفق بكتاب مركز شرطة العمادية بالعدد ١١٨٦ في ٢٠١٩/٦/٢٣ قررت هذه المحكمة تبليغك عن طريق النشر في صحيفتين محليتين يوميتين للحضور في يوم المرافعة المصادف يوم ٢٠١٩/٧/٢١ وعند عدم حضورك او ارسال من ينوب عنك سوف تجري المرافعة بحقك غيابيا حسب الاصول

القاضي / نزار خليل ابراهيم

* * *

مديرية تنفيذ زاخو

العدد: ٧٥ /تنفيذ/ ٢٠١٧

التاريخ: ٢٠١٩/٦/٢٧

اعلان

قررت هذه المديرية الاعلان عن بيع كامل العقار المرقم (٥ / ١٣٦٥) مقاطعة ١٤ عباسية الواقع في زاخو محلة كاوه والمسجل باسم المدين (عبدالله عمر يوسف) والمحجوز لقاء دين الدائن (محمد طه محمد) والبالغ (٣٢,٠٠٠,٠٠٠) اثنان وثلاثون مليون دينار عراقي، فعلى الراغب بالشراء مراجعة هذه المديرية خلال مدة (٣٠)ثلاثون يوما تبدأ من اليوم التالي للنشر مسطحبا معه التامينات القانونية البالغة (١٠٪) من القيمة المقدرة والبالغة (١٣١,٨٦٠,٠٠٠) مائة واحدى وثلاثون مليون وثمانمائة وستون الف دينار عراقي وكذلك جلب شهادة الجنسية العراقية ,علما ان رسم التسجيل والدلالية تقع على عاتق المشتري .

المواصفات :

١. الموقع / زاخو .

٢. الرقم / ٥ / ١٣٦٥ مقاطعة ١٤ عباسية .

٣. الجنس والنوع / دار سكن .

٤. الحدود والاوصاف / دار سكني يشمل ثلاثة طابق : الطابق الارضي (غرفة نوم واستقبال و مطبخ وصحيات و درج الداغلي)

الطابق الاول (اربع غرفة وهول وصحيات)

و طابق الثاني (غرفة نوم واحدة وهول و صحيات)

٥. المساحة / ١٩٠ م٢ .

٦. القيمة المقدرة / (١٣١,٨٦٠,٠٠٠) مائة واحدى وثلاثون مليون وثمانمائة وستون الف دينار عراقي .

منفذ عدل زاخو/ خضر محمد حسن

* * *

دادگای بەرایی عەنکاوە

ژمارە: ١٥٣ / ب / ٢٠١٩

ڕێکەوت: ٢٠١٩/٧/٢

جارِدان

بۆ داواڵێکراو/ ایثار اسماعیل حسن شوێنی نیشتەجێبوون نادیار.

داواکار (عبدالامیر هاویل ساکا) داوای ژمارە (١٥٣ / ب / ٢٠١٩) لەسەرت تۆمارکردووە تێیدا داوای (کرێ خانوو دەکات) لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بەپێی اشعاری موختاری (گەرەکی کارێز) لە عەنکاوە لەبەر ئەوە دادگا بریاریدا پێراگەیاندنت لەرێگەی دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆیی هەرێمی کوردستان بۆ ئامادەبوونت لەڕۆژی دادبینی ٢٠١٩/٧/٢٢ کاتژمێر ٩:٠٠ی بەیانی ئەگەر نا دادبینی دەرهەقت بەپاشمەلە ئەنجام دەدرێت بەپێی یاسا.

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی پشکنین و بەدواداچوون
ژمارە: ٤٧١١
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٦/٣
بڕیاری سرینەوەی کۆمپانیا سنووردار
دوای تەواو کردنی سەرجەم ڕێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (هۆگر) بۆ (بازرگانی گشتی و بەڵێندەرایەتی بیناسازی/ سنووردار) وە پاڵپشت بە ئەحکامی ماددەی ١٧٧ لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ هەموارکراو.
من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بەمەرجێ ئەم بریارە بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئاراس ڕۆوف عارف
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر
بەشی یاسا
ژمارە: ١٢٠٧٩
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٧/١
ئاماژە بەناوەڕۆکی بریکاری دەستەی گشتی لقی کۆمپانیای (GAS PLUS KHALAKAN LIMITED)ی بریتانی بۆ (دۆزینەوە و بەرهەم هێنانی نەوت/ سنوردار) ڕاستێندراوە لە نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ولاتی (بەریتانیا) لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/٥/١٠) تایبەت بەداخستنی لقی کۆمپانیا وە دانانی بەڕێز (سارا صلاح الدین الصالحی) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای ناوبراو.
من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بریاری ناوبراوم پەسندکرد، پاڵپشت بە ماددەی (١٥) لە سیستەمی ژمارە (٥) ساڵی ١٩٨٩.
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر/ بەوەکالەت

وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار
سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر
ئەنجوومەنی شارەوانی هەولێر
ژمارە:٩٤٨٣/١٠
ڕێکەوت:٢٠١٩/٧/٢
ئاگاداری
ئاگاداری گشت فەرمانگە میری و شێوە میری و هاوڵاتیان دەکەینەوە کەوا سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر هەڵدەستی بە جاردانی نەخشەی کەرتی ژمارە K ٤٧ پێشنیار کراو بۆ پارچە زەوی ژمارە ١٦٢/١٥٣٢ ك ٤٥ وارش.. جا هەر کەسێك سکاڵاو تێبینی هەیە سەربدات لە سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر/ ئەنجوومەنی شارەوانی لە ماوەی ٣٠ ڕۆژ لە دوای بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە لە ڕۆژنامە دوای ئەوە شارەوانی گۆڕینەکە پەسند دەکات بەپێی یاسای بەڕێوەبردنی شارەوانییەکان ژمارە ٦ ی ساڵی ١٩٩٣.
ئەندازیار/ سامان محمد احمد
سەرۆکی شارەوانی هەولێر

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی پشکنین و بەدواداچوون
ژمارە: ٢٠٧
ڕێکەوت: ٢٠١٨/١/١٦
بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیا سنووردار
پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (سامان نجاة شیخو) بۆ وەبەرهێنانی خانووبەرە/ تاك) لە ڕێکەوتی (٢٠١٨/١/١٠) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (محمد سعید علی) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئەم بریارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠١٨/١/١٦
مافپەروەر / دلزار اسماعیل احمد
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان

ئاگاداری
ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کە کۆمپانیای (سامان نجاة شیخو) بۆ وەبەرهێنانی خانووبەرە/ تاك) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان بکاتەوە لە (پارێزگای هەولێر – شەقامی ٦٠م) یا ئاگاداری پاکتاوکار بکرێتەوە لە بارەگای کۆمپانیا گەرەکی هەولێری نوێ.
پاکتاوکار
محمد سعید علی
٠٧٥٠٤٥٤٤٢٥٧

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر
بەشی یاسا
ژمارە: ١٢٠٣٧
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٧/١
بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیا (S.S.K) بۆ بارزگانی گشتی/ سنوردار)
پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (S.S.K) بۆ بارزگانی گشتی/ سنوردار) لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/٦/١٨) کە تۆمارە لەژێر (١٣١٩٢) لە ڕێکەوتی ٢٠١١/٧/٥ بەڕێوەبەری ڕێپێدراوی کۆمپانیا (سیروان صالح خلیل) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (گوڤار نورالدین عبدالله) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بریاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئەم بریارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠١٩/٧/١
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر/ بەوەکالەت

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر
بەشی یاسا
ژمارە: ١٢٠١٤
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٧/١
بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیا (CROSS CULTURAL MANAGEMENT) بۆ بارزگانی گشتی و خزمەتگوزاری کارگێری/ سنوردار)
پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (CROSS CULTURAL MANAGEMENT) بۆ بارزگانی گشتی و خزمەتگوزاری کارگێری/ سنوردار) لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/٦/١٦) کە تۆمارە لەژێر (١٩٥٩٠) لە ڕێکەوتی ٢٠١٤/٢/١٦ بەڕێوەبەری ڕێپێدراوی کۆمپانیا (JOHN CHRSTOPHER CROSS) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (گەوهر جوهر صابر) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بریاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئەم بریارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠١٩/٧/١
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر/ بەوەکالەت

دادوەر/ تەرزە سالار عثمان

* * *

وەزارەتی ناوخۆ
بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان
بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەکان
ژمارە: ١١٧٧٦
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٧/٢
ئاگاداری ژمارە (٩)ی ٢٠١٩
کەمکردنەوەی نهێنی
وەزارەتی ناوخۆ/ بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەکان/ کەم کردنەوەی نهێنی پڕۆژەی (دابین کردنی فەراوان بۆ بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی هەولێر، دهۆك) دەکات هەر بەڵێندەر و کۆمپانیایەك ئاڕەزووی بەشداربوونی هەیە با سەردانی بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەکان لە دیوانی وەزارەتی ناوخۆ بکات بەمەبەستی وەرگرتنی وێنەیەك لە تەندەر و مەرجەکانی بەڵێندەرایەتی پڕۆژەی سەرەوە و لەکاتی گەراندنەوەی تەندەر دەبێ لەناو زەرفێکی مۆرکراو بێت وە ناونیشانی بەڵێندەر یا کۆمپانیا لەسەر نووسرابێت و لە ناو صندوقی تەندەرەکان دابنرێت لەبەرێوەبەرایەتی گرێبەستەکان لەدیوانی وەزارەت وە دواکاتیش بۆ وەرگرتنەوەی تەندەرەکان کاتژمێر (١٢)ی نیوەڕۆ ڕۆژی (چوار شەممە) ڕێکەوتی ٢٠١٩/٧/١٥ دەبێت.
وە مەرج نییە وەزارەتمان بەکەمترین نرخی تەندەر ڕازی بێت وە کرێی بڵاوکردنەوەی ئاگاداری دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی کە کەم کردنەوەی لەسەر دەگیرسێتەوە.
مەرجەکانی وەرگرتنی تەندەر:
١- فرۆشتنی تەندەر بەبری (١٠٠,٠٠٠) سەد هەزار دیناری کە گەرانەوەی بۆ نییە.
٢- کۆمپانیای دەبێت تایبەت مەند بێت لەم بوارە.
٣- فرۆشتنی تەندەر ڕۆژانە لەکاتژمێر (٩)ی بەیانی تاکو (١)ی دوای نیوەڕۆ دەبێت.
کریم سنجاری
وەزیری ناوخۆ

* * *

وەزارەتی ناوخۆ
بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان
بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەکان
ژمارە: ١١٧٧٧
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٧/٢
ئاگاداری ژمارە (٦)ی ٢٠١٩ (بۆ جاری دووەم)
کەمکردنەوەی نهێنی
وەزارەتی ناوخۆ/ بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەکان/ کەم کردنەوەی نهێنی پڕۆژەی (دروستکردنی بنکەی بەرگری شارستانی سێمێل لە جۆری B بچووك) دەکات هەر بەڵێندەر و کۆمپانیایەك ئاڕەزووی بەشداربوونی هەیە با سەردانی بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەکان لە دیوانی وەزارەتی ناوخۆ بکات بەمەبەستی وەرگرتنی وێنەیەك لە تەندەر و مەرجەکانی بەڵێندەرایەتی پڕۆژەی سەرەوە و لەکاتی گەراندنەوەی تەندەر دەبێ لەناو زەرفێکی مۆرکراو بێت وە ناونیشانی بەڵێندەر یا کۆمپانیا لەسەر نووسرابێت و لە ناو صندوقی تەندەرەکان دابنرێت لەبەرێوەبەرایەتی گرێبەستەکان لەدیوانی وەزارەت وە دواکاتیش بۆ وەرگرتنەوەی تەندەرەکان کاتژمێر (١٢)ی نیوەڕۆ ڕۆژی (دوو شەممە) ڕێکەوتی ٢٠١٩/٧/١٥ دەبێت.
وە مەرج نییە وەزارەتمان بەکەمترین نرخی تەندەر ڕازی بێت وە کرێی بڵاوکردنەوەی ئاگاداری دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی کە کەم کردنەوەی لەسەر دەگیرسێتەوە.
مەرجەکانی وەرگرتنی تەندەر:
١- فرۆشتنی تەندەر بەبری (١٠٠,٠٠٠) سەد هەزار دیناری کە گەرانەوەی بۆ نییە.
٢- کۆمپانیای دەبێت تایبەت مەند بێت لەم بوارە.
٣- فرۆشتنی تەندەر ڕۆژانە لەکاتژمێر (٩)ی بەیانی تاکو (١)ی دوای نیوەڕۆ دەبێت.
کریم سنجاری
وەزیری ناوخۆ

* * *

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی/هەولێر
ژمارەی دۆسیە/٢٠١٩/٢١١٣
ڕێکەوت/٢٠١٩/٧/٢
جارِدان
بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی هەولێر مۆڵکی ژمارە ١/١٠٣ کە کەوتوەتە ١١٧ جدیدە لك دەفرۆشێت, خاوەنەکەی قەرزار دلشاد مصطفی سعید کە گلدانەوەی خراوەتەوە سەر لەجیاتی قەرزی خالص احمد حمد بەبڕی/ ٣٦,٠٠٠,٠٠٠ ملیۆن دینار هەرکەسێ ئارەزوومەند ٣٠ سی ڕۆژ لە ڕۆژی دوای ئەم بڵاوکردنەوەیە لەگەل بارمتەی یاسایی کە ١٠٪ نرخە قرساوەکەیەتی عێراقی ئامادە بێت و پارەی تۆمارکردن و دەلالیش لەسەر کڕیارە.
جێبەجێکاری داد / ئاری فیصل دەباغ
١ – شوێن و ژمارەی/ هەولێر ١/١٠٣ ك ١١٧ جدیدە لك
٢ – ڕەگەزو جۆری/ مولکی تەواو
٣ – سنوورو ئاگاداری/ هەر وەك لەنەخشەکەدا هاتووە
٤ – پێکهاتەکەی/ زەوی کشتوکالی لە ڕێگای باران بارین و هیچ دامەزراوەیەکی لەسەر نییە.
٥ – ڕووبەرەکەی/٢٤ اولك ٤٨ دۆنم
٦ - پلەی ناوەدانکاری/
٧- نیشتەجێکەی/
٨ – نرخی قرساو/ ٤٥,٠٠٠,٠٠٠ چل و پێنج ملیۆن دینار.

* * *

فەرمانگەی دادنووسی عەنکاوە
ژمارە: ٢٦٨
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٧/١
ئاگاداری
بۆ (جمیلە سریوکە سبی) پاش ئەوەی دەرکەوت کە شوێنتان نادیارە بەپێی نووسراوی (بنکەی پۆلیسی حدیاب) بە ژمارە ١٤٦٥ لە ٢٠١٩/٦/٣٠ وە بە گوێرەی ئیشعاری موختاری (گەرەکی ئاشتی و مارت شمونی) بۆیە بریاردرا بە ئاگادارکردنەوەتان لە ڕۆژنامەی ڕۆژانە بۆ ئاگاداربوون بەو هۆشداییەی کە خاتوو (بیان حنا فلو) ئاراستەی کردوویت بە ژمارەی هۆشداری ٢٤٤/٨٣ لە ٢٠١٩/٦/٢٤ لە فەرمانگەکەمان دەرچووە، سەبارەت بەلابردنی بریکارنامەی (تایبەت) بەژمارەی گشتی (٤٣٨٦) و ژمارەی تۆمار (٢٢) لە ڕێکەوتی (٢٠١٦/٤/٤) لە فەرمانگەکەمان دەرچووە، بۆیە لەڕێگای دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانە ئاگادارتان دەکەینەوە کەوا بۆ ماوەی (١) یەك مانگ ئامادەبیت، بەپێچەوانەوە بریکارنامەکە لادەبرێت و مافی ڕاپەڕاندنی هیچ مامەڵەیەکت نامێنێت.
دادنووسی یەکەمی عەنکاوە/ ڤیان صائب محمد

* * *

فەرمانگەی دادنووسی (یەکەمی هەولێر)
ئاگاداری
بەروار: ٢٠١٩/٥/٨
بەپێ ئەو داواکارییەی کە پێشکەش کراوە بۆ ئەم فەرمانگەیە لەلایەن (فؤاد ابراهیم حسین) لە بەرواری ٢٠١٩/٥/٧ کە داوای تۆمارکردنی ئامێرەکانی کردووە دەگرێتەوە بۆ خۆی وئێستا دانداراوە لە (پ.باشوور) و وسفەکانی لە خوارەوەدا دیاریکراوە, بۆیە ئەوکەسەی پەیوەندی بەمە و کەلوپەلە وەسفکراوەکان هەیە پێویستە ڕێوشوێنی یاسایی بگرێتەبەر بۆ سەلماندنی و گەواهیەك پیشانی ئەم فەرمانگەیە بدات بەمەبەستی ڕاگرتنی تۆمارکردن لەماوەی پازدە ڕۆژدا, واتە ڕۆژێك دوای بڵاوکردنەوەکە, وە تۆمارکردنەکە بەدواکەوتوو دادەنرێت تاکاتی یەکلاکردنەوەی داواکەو ناڕازییوون بۆماوەی حەوت ڕۆژ لەلایەن دادگای پەیوەندیدار, بە پێچەوانەوە کەلوپەلەکانی تۆمار دەکرێت بەناوی داواکاری تۆمارکردنەکە بەگوێرەی یاسا دادنووسی ژمارە (٣٣)ی ساڵی ١٩٩٨ و بروانامەی تۆمارکردنیشی پێ دەدرێت.
دادنووس / شوان فوزی زکی
ئامێزەکان:
١- مشاری شقەی برینی دار ژمارە/٧٦ دروستکراوی ایرانی مۆدێل ٢٠٠٧ جۆری سوتەمەنی کاربا توانای K.W٤.
٢- مشاری سنی سلایت برینی دار ژمارە/٣١ دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠٠٧ جۆری سوتەمەنی کاربا توانای K.W٣.
٣- تیژکردنەوەی دەمی مشار شقە ژمارە/٢٩١ دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠٠٧ جۆری سوتەمەنی کاربا توانای K.W١.
٤- دوودانە کۆمپرێسەری هەواء ژمارە/٠٢٧٩٠١ و ٥٠١٤ دروستکراوی تورکین مۆدێل ٢٠٠٧ جۆری سوتەمەنی کاربا توانای ١*K.W٢.
٥- مۆلیدەی کاربا ژمارە/٩١٠٣٠٧ دروستکراوی ئینگلیزی مۆدێل ٢٠٠٧ جۆری سوتەمەنی گازوائیل توانای K.V.A٣٧,٥.
٦- چواردانە مکینەی درووەمان ژمارە/ ٧٩ و ٨٠ و ٨١ و ٨٢ دروستکراوی سینین مۆدێل ٢٠٠٧ جۆری سوتەمەنی کاربا توانای ٠,٥*K.W٤.

* * *

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی خەبات
ژمارە: ١١٩/ج/٢٠١٩
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٧/١
ئاگاداری
بۆ قەرزار: خسرو فیض الله الماس/ شوێنی دانیشتنت نادیارە
لەبەر نەزانین و نادیاری شوێنی نیشتەجێ بوونت، بۆیە بەپێی مادەی (٢٧) لەیاسای جێبەجێکردن بڕیاردرا لەڕێگای ڕۆژنامەیەکی ناوخۆوە پێنت ڕابگەیەنین تا لەماوەی ١٥ ڕۆژ لەڕۆژی دوای بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە لەبەردەم ئەم بەڕێوەبەرایەتییە ئامادە بێت بۆ ئەنجامدانی ڕێکارەکانی جێبەجێکردنی دانەوەی قەرزی (اثاث بیتی) کە بڕی ٢,٤٤٠,٠٠ دوو ملیۆن و چوار سەدو چل هەزار دینار ئەگەرنا بەپێی یاسا ناچار دەکرێیت قەرزەکە بدەیتەوە.
جێبەجێ کاری داد: ئاسۆ محمد حسێن

* * *

فەرمانگەی دادنووسی (عەنکاوە)
ئاگاداری
بەروار: ٢٠١٩/٥/٢٩
بەپێ ئەو داواکارییەی کە پێشکەش کراوە بۆ ئەم فەرمانگەیە لەلایەن پارێزەر (هاوکار دلیر عبدالمجید) بریکاری تایبەت (عبدالمجید عارف چاویش) لە بەرواری ٢٠١٩/٥/٢٧ کە داوای تۆمارکردنی ئامێرەکانی کردووە دەگرێتەوە بۆ خۆی وئێستا دانراوە لە (عەنکاوە ڕێگای گەزنە) و وسفەکانی لە خوارەوەدا دیاریکراوە, بۆیە ئەوکەسەی پەیوەندی بەمە و کەلوپەلە وەسفکراوەکان هەیە پێویستە ڕێوشوێنی یاسایی بگرێتەبەر بۆ سەلماندنی و گەواهیەک پێشانی ئەم فەرمانگەیە بدات بەمەبەستی ڕاگرتنی تۆمارکردن لەماوەی پازدە ڕۆژدا, واتە ڕۆژێک دوای بڵاوکردنەوەکە, وە تۆمارکردنەکە بەدواکەوتوو دادەنرێت تاکاتی یەکلاکردنەوەی داواکەو ناڕازیبوون بۆماوەی حەوت ڕۆژ لەلایەن دادگای پەیوەندیدار, بە پێچەوانەوە کەلوپەلەکانی تۆمار دەکرێت بەناوی داواکاری تۆمارکردنەکە بەگوێرەی یاسا دادنووسی ژمارە (٣٣)ی ساڵی ١٩٩٨ و بڕوانامەی تۆمارکردنیشی پێ دەدرێت.
دادنووس/ ڤیان صائب محمد
١- مکینە مشار قطع خشب سلایت (Sawin mak) بێ ژمارە دروستکری ترکی مۆدێل ٢٠١٧ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای 50HZ.
٢- مکینە رابویە لتنظیف الخشب بێ ژمارە جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای 50HZ.
٣- مینکە دبل تخانە للتصیک الخشب بێ ژمارە جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای 50HZ.
٤- مکینە نقش علی الخشب (CNC) مع کلین سحب التوز بێ ژمارە جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای 50HZ.
٥- مکینە لصق شرائط PVC علی الخشب ژمارە/ ١١٢٤.B دروستکراو ترکی مۆدێل ٢٠١٨ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای 50HZ.
٦- کومپرێسەر هواء بێ ژمارە دروستکراو صینی مۆدێل ٢٠١٨ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای 97KG.
٧- مولد کهرباء شامفورد ژمارە/ ١٨٠٥٠١٩٦ دروستکراوی انگلیزی مۆدێل ٢٠١٨ جۆری سوتەمەنی گاز توانای 50KV.
* * *
دادگای باری کەسی هەولێر/٣
ژمارە: ٢١٧٦/ش/٢٠١٩
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٧/١
جاڕدان
بۆ داوالێکراو: بختیار جبار عبدالله/شوێنی دانیشتنت نادیارە
داواکار (سوزان نجم الدین کاکەشین) لەم دادگایە داوایەکی لەسەرت تۆمارکردووە بە ژمارە (٢١٧٦/ ش٢٠١٩/٣) تیایدا داوای (استرداد حضانه) دەکات وەلەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی نووسراوی ئیشعاری موختاری (هەولێر-گەڕەکی کارێزان) بۆیە دادگا بڕیاردا بە پێڕاگەیاندنت بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆی ڕۆژانە بە ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە بۆ ڕۆژی دادبینی (٢٠١٩/٨/٤) کاتژمێر ٩ی بەیانی.
دادوەر: صباح قادر کاملا
* * *
دادگای باری کەسی هەولێر/٣
ژمارە: ٢١٧٧/ش/٢٠١٩
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٧/١
جاڕدان
بۆ داوالێکراو: بختیار جبار عبدالله/شوێنی دانیشتنت نادیارە
داواکار (سوزان نجم الدین کاکەشین) لەم دادگایە داوایەکی لەسەرت تۆمارکردووە بە ژمارە (٢١٧٧/ ش٢٠١٩/٣) تیایدا داوای (بژێوی) دەکات وەلەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی نووسراوی ئیشعاری موختاری (هەولێر-گەڕەکی کارێزان) بۆیە دادگا بڕیاردا بە پێڕاگەیاندنت بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆی ڕۆژانە بە ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە بۆ ڕۆژی دادبینی (٢٠١٩/٨/٤) کاتژمێر ٩ی بەیانی.
دادوەر: صباح قادر کاملا
* * *
دادگەها باری کەسایەتی ل سێمێلێ
ژمارە/ ٣٤٧/ش/٢٠١٩
ڕێکەفت/ ٢٠١٩/٧/٢
ئاگەهداری
بۆ داوالیکەراو (اسعد احمد محمد صالح) جهی ئاکنجی بوونێ نەدیارە داواکار (فریدة محمد احمد) رابویە ب داوا شەرعی ئەوا ژمارە وی ل سەری دیارکری ل بەرامبەر ڤێ دادگەهێ داخازێ تێدا دکەت سەلماندنا پلاقا دەرەکی (تصدیق طلاق خارجی) دناڤبەرا تە وێدا ل وژبەر کو جهێ ئاکنجی بوونا تە نەدیارە لدویف ئاگاداریا هەلبژیر ودەستەکا هەلبژارتنا ل قەزا سێمێلێ کومەلگەها دومیز تاخێ میتان لەورا بریار هاتە دان ئاگەهدارکرنا تە بێتە کرن ل دوو ڕۆژنامەیین ڕۆژا نەییێ نافخویێ کو ئامادەبێ ل بەرامبەر ڤی دادگەهی ل دەمژمیر (١٠) دهی ل سپیدەهیا ڕۆژا ٢٠١٩/٧/٢٢ ول بەروڤاژی ڤی جەندی دادبینی ل دەرهەقێ تەدا ب نەئامادەیی ونا شکرایێ هێتە کرن
دادوەر / زیرك محمد صدیق عبدالکریم
* * *
بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی دهوك
ژمارە / ٢٠١٩/١٥٠٩
ڕێکەوت/ ٢٠١٩/٧/٢
ڕاگەهاندن
بریار هاتە دان ب فروتنا (مولەتا کومپانیا مسعود صالح سعید/گورینی دراو - تاك) کو دکەڤیتە (دهوك/کاوە سەنتەر) وتومار کریە بناڤێ (مسعود صالح سعید) وهاتیە دەستەسەرکرن لدیڤ داخازا قەردەر (ندیار سعید صالح) بکوژمێ (٣٦٠٠٠٠٠٠٠) سێ سەد وشێست ملیون دینار هەر کەسێ بڤێت بکریت سەرەدانا ڕێڤەبەریا مە بکەت دماوێ (٣) سێ ڕوژا کو دەست پێ دکەت ژ ڕوژا پشتی ڕاگەهاندنێ وتەئمیناتێن یاسایی دگەل خودا بینیت بڕێژا (١٠٪) ژ کوژمێ خەملاندی کو دبیتە (٧٨٠٠٠٠٠٠)حەفتێ وهەشت ملیون دینار دگەل ڕەگەزناما عیراقی بو زانین ڕە سمێ تومارکرنێ ودەلایەت لسەر بکری یە
ژڤان عزیز محمد / ڕێڤەبەر (جێ بەجێ کاری داد)
* * *
دادگای بەرایی سلێمانی / ٥
ژمارە : ٩٧٠ / ب / ٢٠١٩
ئاگاداری
داواکاران : ١ - محمد احمد محمود / وە هاوبەشەکانی
داوالەسەرکراوان : امنە حاجی علی اغا وە هاوبەشەکانی
لەبەرواری ٢٠١٩/٦/٢٦ بریارێك دەرچووە لە دادگای بەرایی سلێمانی / ٥ بە ژمارە ٩٧٠ / ب / ٢٠١٩ بە لابردنی فرەبەشی لە مافی بەکارهێنانی مۆڵکی ژمارە (٥٦٧/ ١٠٦ کانیسکان) بە بەتاڵ کردنەوە و دابەشکردنی نرخەکەی بەسەرهەردوولا هەریەك بە پێی بەشی دیاریکراوی خۆی کە وێنەی تۆماری مۆڵکەکە و سەرجەم تێچوی داواکە و ئەکەوێتە ئەستۆی هەردوولا بە ئەرکانەی پارێزەرێتی بریکاری داواکاران بە ڕێژەی ١٠٪ لەبەشی بڕێگرتەکانی بەمەرجێك زیاتر نەبێت لە (٢٠٠٠٠٠٠) دوو ملیۆن دینار.
وە لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە ئاگادارت دەکەینەوە لە ڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆییەوە کە لە ماوەی یاساییدا نارەزایی بگیرێت بە پێچەوانەوە بریارەکە پلەی کۆتایی وەردەگرێت .
داواکاران :
١ - محمد احمد محمود
٢ - خالد احمد محمود
٣ - یاسین حمه رشید عبدالرحمن
٤ - طه حمه رشید عبدالرحمن
بریکارەکەیان پارێزەر ئاوات عبدالله سعید
داوا لەسەرکراوان:
١ - أمنه حاجی علی اغا معروف ٢ - مجید بك قادر پاشا ٣ - فهیمه خان قادر پاشا ٤ - شمسه خان قادر پاشا ٥ - اختر محمد بك قادر پاشا ٦ - کزیده محمد بك قادر پاشا ٧ - عطیه محمد بك قادر پاشا ٨ - عثمان بك محمد بك قادر پاشا ٩ - افتاب محمد بك قادر پاشا ١٠ - محمد علی بك محمد بك قادر پاشا ١١ - فوزیه محمد بك قادر پاشا ١٢ - قادر بك محمد بك قادر پاشا ١٣ - بهیه محمد بك قادر پاشا ١٤ - خانم محمد بك قادر پاشا ١٥ - زکیه محمد بك قادر پاشا ١٦ - انجم محمد بك قادر پاشا ١٧ - حمدیه حاجی محمد ملا قادر ١٨ - احمد توفیق افندی عزیز اغا ١٩ - فایەق توفیق افندی عزیز اغا ٢٠ -ناهده توفیق افندی عزیز اغا ٢١ - محمود توفیق افندی عزیز اغا ٢٢ - نزیره توفیق افندی عزیز اغا ٢٣ - عزیز حامد بك محمد بك ٢٤ - حسن حامد بك محمد بك ٢٥ - عبدالقادر حامد بك محمد بك ٢٦ - مدینه صالح بك ٢٧ - نامق بك احمد بك قادر پاشا ٢٨ - حسن بك احمد بك قادر پاشا ٢٩ - کریم بك محمد بك قادر پاشا ٣٠ - فاطمه سعید سلێمان ٣١ - نجاة صبری علی ٣٢ - فریال مصطفی سعید
* * *
دادگای کەتن لە رانیە
ژمارە: ٤٤٣/ج/٢٠١٨
ڕۆژ: ٢٠١٩/٥/٦
بۆ/ تۆمەتباری ڕاکردوو: دیاری انور حمد
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نیردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی بڕیاری ژمارە (٩/٥٤٨)ی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی هەڵوشاوە) لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (رانیە) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە دوو ڕۆژنامە ناوخۆیی ڕۆژانە ئاگادارت بکەینەوە کە لەڕۆژی ٢٠١٩/٧/٣١ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر/ عبدالقادر اسعد مامه
* * *
دادگای کەتنی سلێمانی/١
ژمارە: ٥١٤/ك/٢٠١٩
ڕۆژ: ٢٠١٩/٦/١١
بۆ/ تۆمەتباری ڕاکردوو: چۆمان جزاء عمر
ناوی دایکی: ناهیه محمد
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نیردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٤٥٦) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (ڕاپەرین) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە دوو ڕۆژنامە ناوخۆیی ڕۆژانە ئاگادارت بکەینەوە کە لەڕۆژی ٢٠١٩/٩/٩ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر/ کامل توفیق سعید
* * *
دادگای کەتنی سلێمانی دوو
ژمارە: ٤٤٨٩/ج/٢٠١٥
ڕۆژ: ٢٠١٩/٦/١١
بۆ/ تۆمەتباری ڕاکردوو: ١- چۆمان انوەر اسماعیل ٢- کفیل/ ئامانج حسن محمد
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نیردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٤٥٦) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (ئەزمەر) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەڕۆژی ٢٠١٩/٩/٨ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر/ شیرین علی حمەسور
* * *
دادگای کەتنی سلێمانی دوو
ژمارە: ٢٥٨٣/ك/٢٠١٨
ڕۆژ: ٢٠١٩/٦/١١
بۆ/ تۆمەتباری ڕاکردوو: احمد عاصی جراد
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نیردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٤٥٦) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (سەرا) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەڕۆژی ٢٠١٩/٩/٩ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر/ شیرین علی حمەسور
* * *
دادگای کەتنی سلێمانی دوو
ژمارە: ١٧٢٥/ك/٢٠١٨
ڕۆژ: ٢٠١٩/٦/١٢
بۆ/ تۆمەتباری ڕاکردوو: سیروان عثمان عبدالله
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نیردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٤٥٦) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (ڕاپەرین) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە دوو ڕۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەڕۆژی ٢٠١٩/٩/٩ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر/ شیرین علی حمەسور
* * *
دادگای کەتنی پیرە مەگروون
ژمارە: ٨٥/ك/٢٠١٨
ڕۆژ: ٢٠١٩/٥/٢١
بۆ/ تۆمەتبارانی ڕاکردوو: ڕۆبیتەن هۆشیار عمر و نزار عمر حمه صالح
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نیردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٤٣١) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (پیرەمەگروون) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەڕۆژی ٢٠١٩/٩/٩ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر/ شنۆ محمود علی
* * *

ئاگاداری
ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کە کۆمپانیای (Gold Ring) بۆ (بازرگانی گشتی/ سنوردار) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر/بەوەکالەت

ئاگاداری
ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کە کۆمپانیای (GAS PLUS KHALAKAN LIMITED) بۆ (دۆزینەوە و بەرهەم هێنانی نەوت/ سنوردار) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر/بەوەکالەت

DNO
EST - 1971
کۆمپانیای (DNO) کە لە بواری گەران و بەرهەمهێنانی نەوت کار دەکات، پێویستی بە کارمەندی (ناوخۆ) هەیە بەپێی ئەم بوارو مەرجانەی کە لە خوارەوە هاتوون :

Job Title	Project Manager
Work Location	Field
Application Closing date	7 Days from the date of this announcement

Additional Details and requirements
- Management and delivery of the Project works in accordance with the company's HSE policy
- Project planning and scheduling, cost control, change control, quality assurance, quality control, document control, health, safety, and environment (HSE) design and management and approvals management.
- At all times, the Project Manager shall recognize the scale and dimensions of the Project and ensure the project has sufficient staff and expertise to maintain the overview and decision-making processes
- Direct Engineering and/or EPC contractor's activities with respect to all aspects of project execution.
- Ensure all contracts are commercially compliant.
- Produce professional project status reports.
- Monitor project progress and ensure necessary information flow between stakeholders to meet project milestones
- Support effective handover and closure of project contracts.
- Required Qualifications

Required Qualifications & Experience:

- Convincing academic background within one or more engineering discipline(s) of which process/mechanical/Instrumentation should be core.
- >15 years of experience in capital expenditure (capex) projects, preferably within the oil and gas industry.
- Have a wide range of technical skills and experience and a practical knowledge of the major engineering disciplines.
- Hands on experience with construction and commissioning.
- Familiar with commonly used project management concepts and tools, used to contribute project control information.

Notes for interested Candidates
- Please submit your application by e mailing your CV to (dno-kurdistan@dno.no).
- Please specify the Job Title in the e mail subject.

DNO Iraq AS
Empire Business Complex, Building C2, Floor 3, Erbil, Kurdistan Region of Iraq
Org. no 988 714 526 **Office** +964 66 252 9950/ +47 22 01 56 64/6 65
dno.no

دادگای کەتن لە شارەزوور
ژمارە: ٧١/ج/٢٠١٨
رۆژ: ٢٠١٩/٥/٢٣
ئاگاداری
ناوی تۆمەتباری راکردوو: سەرکەوت اکرم عثمان لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٤١٥) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (شارەزوور) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆیی جیاواز ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠١٩/٨/٢٠ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر/ طالب مجید شریف
* * *
دادگای کەتنی هەولێر/١
ژمارە/١٣١/ك/٢٠١٩/١
رێکەوت/ ٢٠١٩/٥/١٢
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ احمد عبدالله جاسم
ئاگادارکردنەوەی سزا
ئەم دادگایە بریاری حوکمی دەرکردووە بەژمارە ١٣١/ك/٢٠١٩/١ لە ٢٠١٩/٥/٥ لەسەرت بەزیندانی کردن (الحبس) بۆماوەی (٩/نۆ مانگ) بەپێی ماددەی (٤٥٦) لەیاسای (سزاکان) بەشێوەیەکی پاشملە (غیابی) لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نادیارە بەپێی (اشعاری موختاری گەرەکی/ سیداوە) بریاردرا بەهۆی دوو رۆژنامەی ناوخۆیی رۆژانە پێت رابگەیەندرێت.. مافی تانووت لێدانت هەیە لە بڕیارەکە بەرێگای نارازیبوون و پێداچوونەوە لە ماوەی یاسایيدا (٣/ مانگ لە رۆژی بڵاوبوونەوەی ئەم ئاگاداریە) بەپێچەوانەوە بریارەکە پلەی بنبری وەردەگرێت.
دادوەری یەکەم/ گیلانی احمد محمدامین
* * *
دادگای کەتنی هەولێر/١
ژمارە/٢٧٩/ك/٢٠١٩/١
رێکەوت/ ٢٠١٩/٥/١٦
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ احمد ازاد احمد
ئاگادارکردنەوەی سزا
ئەم دادگایە بریاری حوکمی دەرکردووە بەژمارە ٢٧٩/ك/٢٠١٩/١ لە ٢٠١٩/٥/١٢ لەسەرت بەزیندانی کردن (الحبس) بۆماوەی (٢/دوو مانگ) بەپێی ماددەی (٤٣٢) لەیاسای (سزاکان) بەشێوەیەکی پاشملە (غیابی) لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نادیارە بەپێی (اشعاری موختاری گەرەکی/ سیداوە) بریاردرا بەهۆی دوو رۆژنامەی ناوخۆیی رۆژانە پێت رابگەیەندرێت.. مافی تانووت لێدانت هەیە لە بڕیارەکە بەرێگای نارازیبوون و پێداچوونەوە لە ماوەی یاسایيدا (٣/ مانگ لە رۆژی بڵاوبوونەوەی ئەم ئاگاداریە) بەپێچەوانەوە بریارەکە پلەی بنبری وەردەگرێت.
دادوەری یەکەم/ گیلانی احمد محمدامین
* * *
دادگای کەتنی هەولێر/١
ژمارە/١٩٤/ك/٢٠١٩/١
رێکەوت/ ٢٠١٩/٥/٢٦
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ امیل الیاس المرج
ئاگادارکردنەوەی سزا
ئەم دادگایە بریاری حوکمی دەرکردووە بەژمارە ١٩٤/ك/٢٠١٩/١ لە ٢٠١٩/٥/١٣ لەسەرت بەزیندانی کردن (الحبس) بۆماوەی (٦/شەش مانگ) بەپێی ماددەی (٤٥٣) لەیاسای (سزاکان) بەشێوەیەکی پاشملە (غیابی) لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نادیارە بەپێی (اشعاری موختاری گەرەکی/ وەزیران و دریم و رۆیال ستی و شاری ئیتالی و گوندی ئینگلیزی و MRF و ڤیتاڵ) بریاردرا بەهۆی دوو رۆژنامەی ناوخۆیی رۆژانە پێت رابگەیەندرێت.. مافی تانووت لێدانت هەیە لە بڕیارەکە بەرێگای نارازیبوون و پێداچوونەوە لە ماوەی یاسایيدا (٣/ مانگ لە رۆژی بڵاوبوونەوەی ئەم ئاگاداریە) بەپێچەوانەوە بریارەکە پلەی بنبری وەردەگرێت.
دادوەری یەکەم/ گیلانی احمد محمدامین
* * *
دادگای کەتنی هەولێر/١
ژمارە/٣٣/ت/٢٠١٩
رێکەوت/ ٢٠١٩/٥/١٦
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ امیر یحیی مصطفی
ئاگادارکردنەوەی سزا
ئەم دادگایە بریاری حوکمی دەرکردووە بەژمارە ٣٣/ت/٢٠١٩ لە ٢٠١٩/٥/١٢ لەسەرت بەزیندانی کردن (الحبس) بۆماوەی (٦/شەش مانگ) بەپێی ماددەی (٧ ژمارە ٨ی ساڵی ٢٠١١) بەشێوەیەکی پاشملە (غیابی) لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نادیارە بەپێی (اشعاری موختاری گەرەکی/ نەورۆز) بریاردرا بەهۆی دوو رۆژنامەی ناوخۆیی رۆژانە پێت رابگەیەندرێت.. مافی تانووت لێدانت هەیە لە بڕیارەکە بەرێگای نارازیبوون و پێداچوونەوە لە ماوەی یاسایيدا (٣/ مانگ لە رۆژی بڵاوبوونەوەی ئەم ئاگاداریە) بەپێچەوانەوە بریارەکە پلەی بنبری وەردەگرێت.
دادوەری یەکەم/ گیلانی احمد محمد ا مین
* * *
دادگای کەتنی هەولێر/١
ژمارە/٣/ك/٢٠١٩/١
رێکەوت/ ٢٠١٩/٥/١٦
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ بسام عبدالهادی محمد
ئاگادارکردنەوەی سزا
ئەم دادگایە بریاری حوکمی دەرکردووە بەژمارە ٣/ك/٢٠١٩/١ لە ٢٠١٩/٥/١٢ لەسەرت بەزیندانی کردن (الحبس) بۆماوەی (٦/شەش مانگ) بەپێی ماددەی (٣٧٧) لەیاسای (سزاکان) بەشێوەیەکی پاشملە (غیابی) لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نادیارە بەهۆی دوو رۆژنامەی ناوخۆیی رۆژانە پێت رابگەیەندرێت.. مافی تانووت لێدانت هەیە لە بڕیارەکە بەرێگای نارازیبوون و پێداچوونەوە لە ماوەی یاسایيدا (٣/ مانگ لە رۆژی بڵاوبوونەوەی ئەم ئاگاداریە) بەپێچەوانەوە بریارەکە پلەی بنبری وەردەگرێت.
دادوەری یەکەم/ گیلانی احمد محمد ا مین
* * *
دادگای کەتنی هەولێر/١
ژمارە/٨٥/ت/٢٠١٩
رێکەوت/ ٢٠١٩/٦/٢٣
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ امیر یحیی مصطفی
ئاگادارکردنەوە
لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نا دیارە بۆیە بە پشت بەستن بە ماددە /١٤٣ لە یاسای بنەماکانی دادگاکردنی سزایی. دادگاکەمان بریاری دا لە رێگای رۆژنامەی ناوخۆیی رۆژانە ئاگادارت بکاتەوە بە مەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە لە کاتژمێر (٩) ی بەیانی لە رێکەوتی ٢٠١٩/٨/٢٥ بە مەبەستی دادگایی کردنت بە پێی ماددەی یاسایی (٧ ژمارە ٨ی ساڵی ٢٠١١) بە پێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری بەپێی یاسا.
* * *
دادگای باری کەسی دەشتی هەولێر
ژمارەی داوا: ١٩٧/ش/٢٠١٩
جاردان
بۆ داوالێکراو (محمد عبدالوهاب عبدالستار) شوێنی دانیشت نادیارە ئەم دادگایە بریاری دا لەرۆژی (٢٠١٩/٦/٢٧) لە داوای ژمارە ١٩٧/ش/٢٠١٩ بە (پەسندکردنی تەلاق) وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتن نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری سنوری (گەرەکی شورش/ هەولێر) بۆیە دادگا بڕیاری دا کە پێت رابگەیەنرێت لە رێگای دوو رۆژنامەی ناوخۆیی وە تۆش مافی پێداچوونەوە و نارەزایيت هەیە لەماوەی یاسایيدا وە بەپێچەوانەوە بریارەکە پلەی بنبر وەردەگرێت بەپێی یاسا.
دادوەر/ عبدالله عثمان خضر
* * *
دادگای کەتنی سلێمانی/ دوو
ژمارە: ٣٩٤/ك/٢٠١٧
رۆژ: ٢٠١٩/٦/١٣
بۆ/ تاوانبار / توانا تۆفیق رشید فتاح
ئاگادری
لەبەر ئەوەی ئامادەنەبوویت لەرۆژی دادگایی کردنت لە رێکەوتی ٢٠١٩/٥/٢٨ سەرەرای ئاگادارکردنەوەت لە رۆژنامەکانی ناوخۆدا لەبەر ئەوەی دادگایی کرایت بە ئامادەنەبوون بەشێوەی ئاشکرا لەداوای تاوانی ژمارە وە بریاردرا تاوانبار بکرێت بە گوێرەی ماددەی (٤١٣) لەیاسای سزادان حوکم درا بەسەرتا بە حەبسی سوك بۆ ماوەی (٣) سێ مانگ وە فەرمانی گرتنت درا وە بۆت هەیە خۆت تەسلیم بکەیت بەم دادگایە یان بەنزیکترین بنکەی پۆلیسی وە مافی اعتراض ت هەیە لەم بریارە بەگوێرەی یاسا.
دادوەر/ شیرین علی حمەسور
* * *
دادگای باری کەسی هەولێر/٤
ژمارە:٣٠١٤/ش/٢٠١٩/٤
رێکەوت: ٢٠١٩/٧/٢
جاردان
بۆ داوالێکراو (دلیر صالح محمد)
ئامازە بە داوای ژمارە (٣٠١٤/ش/٢٠١٩/٤) کە تایبەتە بە داواکار (میدیا عباس مصطفی) وە داوالێکراو (دلیر صالح محمد) کە جۆری داوای بریتییە لە (تصدیق طلاق) لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە, بەپێی اشعاری موختاری (شاویس) دادگا بڕیاری دا لەرێگای دوو رۆژنامەی ناوخۆیی ئاگادارت بکاتەوە بۆ ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە لەرۆژی ٢٠١٩/٧/١٥ کە خۆت ئامادەبیت یان جێگرێکی یاسایی لەجاتی خۆت ئامادەبێت بەپێچەوانەوە دادبینی دەرهەقت بەپاشملە ئەنجام دەدرێت.
دادوەر/ صباح قادر کاملا
* * *
دادگای باری کەسی دەشتی هەولێر
ژمارەی داوا: ١٩٧/ش/٢٠١٩
جاردان
بۆ داوالێکراو (محمد عبدالوهاب عبدالستار) شوێنی دانیشت نادیارە ئەم دادگایە بریاری دا لەرۆژی (٢٠١٩/٦/٢٧) لە داوای ژمارە ١٩٧/ش/٢٠١٩ بە (پەسندکردنی تەلاق) وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتن نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری سنوری (گەرەکی شورش/ هەولێر) بۆیە دادگا

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر
بەشی یاسا
ژمارە: ١٢٠٢٤
رێکەوت: ٢٠١٩/٧/١
بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیا (HAVAKAR) بۆ بارزگانی گشتی/ سنوردار)
پاڵپشت بەناوەڕۆکی بریاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (HAVAKAR) بۆ بارزگانی گشتی/ سنوردار) لە رێکەوتی (٢٠١٩/٦/١٦) کە تۆمارە لەژێر ژمارە (٢٠٥١٣) لە رێکەوتی ٢٠١٤/٦/١٥ بەڕێوەبەری رێپێدراوی کۆمپانیا (میر احمد میر حمد) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (ایمان عزالدین بکر و عبدالخالق اسماعیل عبدالقادر) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بریاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئەم بریارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠١٩/٧/١
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر/ بەوەکالەت

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کە کۆمپانیای (S.S.K) بۆ (بازرگانی گشتی/ سنوردار) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.

پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر/بەوەکالەت

JOB VACANCY ANNOUNCEMENT
TAQA TAQA - WE MEAN ENERGY!
TAQA is an international energy company with assets in the Middle East, North America, Europe, Africa and India. TAQA's principal activities are divided into three segments:
- Upstream Oil and Gas Exploration & Production
- Midstream Processing, Storage and Pipelines
- Power Generation & Water Desalination

As part of its expansion plans, TAQA Atrush B.V. (Oil and Gas Sector) is now seeking talented individuals for the roles below:

JOB TITLE: Construction Supervisor
LOCATION: Atrush

JOB SUMMARY: The Construction and commissioning Supervisor is expected to achieve the below
- Supervise construction and Handover of mechanical complete systems for commissioning
- Precommissioning/ Commissioning and Handover procedure execution
- Precommissioning (Site pre-start-up activities, Conformity checks and Static tests execution)
- Commissioning (Dynamic tests execution)

KEY RESPONSIBILITIES
- Supervising the Contractors during the execution of construction activities at construction site.
- Participate in reviewing detailed design drawings, method statements, material requisitions, Co-ordinate mobilization of contractors on site.
- Supervise and approve construction activities and co-ordinate various aspects of project construction including inspections and material submissions.
- Maintain a daily record of progress (daily diary) noting special comments.
- Sign work permits on behalf of COMPANY and to ensure that contractors compliance with conditions fixed on consolidated work permits
- Liaise with the HSE Supervisor on safety related matters.

QUALIFICATIONS/EXPERIENCE/SKILLS REQUIRED
- Minimum 10 years O&G Industry experience
- Fully conversant in the following fields of expertise
- Must have a good interpersonal and organizational skills, as well as, an advance level of computer literacy and be proficient in Microsoft Office.
- Will need excellent communication and presentation skills in both written and verbal English Industry standard construction installation specification

NOTE:
- These positions will remain open until one-week post-advertisement date.
- Please submit your CV to this email address: TIR.HR@TAQAGLOBAL.COM
- Please indicate the vacancy title that you are applying for at the email Subject line. CVs without mentioning the vacancy title will not be considered.
- Only shortlisted candidates will be contacted.

JOB VACANCY ANNOUNCEMENT
TAQA TAQA - WE MEAN ENERGY!
TAQA is an international energy company with assets in the Middle East, North America, Europe, Africa and India. TAQA's principal activities are divided into three segments:
- Upstream Oil and Gas Exploration & Production
- Midstream Processing, Storage and Pipelines
- Power Generation & Water Desalination

As part of its expansion plans, TAQA Atrush B.V. (Oil and Gas Sector) is now seeking talented individuals for the roles below:

JOB TITLE: Filed Training Administrator
LOCATION: Field - Atrush

JOB SUMMARY: Reporting directly to the HR Manager the Training Officer shall be accountable for ensuring the timely and effective delivery of all training activities conducted in the Atrush Field. The Training Officer provides training administration and co-ordination support to facilitate training for the field based TAQA staff and contractors with flexibility to give support to the HR team if required.

KEY RESPONSIBILITIES
- To co-ordinate and monitor, all field-based training activates.
- Establish and maintain a training database/records system for all field based staff
- Issue course joining instructions, create and record attendance sheets, and gain course feedback (post attendance)
- Co-ordinate travel and accommodation(via travel specialist) for TAQA field employees attending courses
- Track training costs (course fees, travel and accommodation) and provide relevant reports to the HR Manager
- Liaise with Erbil and Atrush Field HR to ensure starters/leavers are recorded in the system
- Support visiting vendors of specialist equipment to deliver courses

QUALIFICATIONS/EXPERIENCE/SKILLS REQUIRED
- Technical Diploma
- 2 years' experience
- Qualification in Office/Training Administration
- Knowledge of training management systems
- IT literate: Microsoft Office (Word, Excel, PowerPoint)

NOTE:
- These positions will remain open until one-week post-advertisement date.
- Please submit your CV to this email address: TIR.HR@TAQAGLOBAL.COM
- Please indicate the vacancy title that you are applying for at the email Subject line. CVs without mentioning the vacancy title will not be considered.
- Only shortlisted candidates will be contacted.

دادگای کەتنی سیدصادق
ژمارە: ١٠٢/ك/٢٠١٨
رۆژ: ٢٠١٩/٦/١٠
بۆ/ تۆمەتباری هەڵهاتوو: کاروان احمد حبیب
ئاگادری
لەبەر ئەوەی ئامادەنەبوویت لەرۆژی دادگایی کردنت لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/٥/٢٨ سەرەڕای ئاگادارکردنەوەت لەبەر ئەوەی دادگایی کرایت بە ئامادەنەبوون بەشێوەی ئاشکرا لەداوای کەتنی ژمارە (١٠٢/ك/٢٠١٨) ەو بریاردرا تاوانبار بکرێت بە گوێرەی مادەی (٤٣٢) لەیاسای سزادان حوکم درا بەسەرتا بە بەندکردنت بۆ ماوەی (٢) دوو مانگ
وە فەرمانی گرتنت درا وە بۆت هەیە خۆت تەسلیم بکەیت بەم دادگایە یان بەنزیکترین بنکەی پۆلیسی وە مافی اعتراض ت هەیە لەم بریارە بەگوێرەی یاسا.
دادوەر/ جمیل جمال محمد
* * *
دادگای کەتن لە هەڵەبجە
ژمارە: ١٦٠/ج/٢٠١٨
رۆژ: ٢٠١٩/٦/١٠
بۆ/ سزادراو: (کەژان محمد محمدصالح)
ئاگادری
لەبەر ئەوەی ئامادەنەبووی لەرۆژی دادگایی کردنت لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/٤/٢٢ سەرەڕای ئاگادارکردنەوەت لە رۆژنامەکانی ناوخۆدا لەبەر ئەوەی دادگایی کرایت بە پاشملەیی و بەشێوەیەکی ئاشکرا لە داوای کەتنی ژمارە (١٦٠/ج/٢٠١٨) و بریاردرا بە تاوانبارکردنت بەپێی مادەی (٢) لە یاسای خراپ بەکارهێنانی ئامێری پەیوەندی حوکم درا بەسەرتا بە بەندکردنی سوك بۆ ماوەی (٦) شەش مانگ و فەرمانی گرتنت دراوە بۆت هەیە خۆت تەسلیم بکەیت بەم دادگایە یان بەنزیکترین بنکەی پۆلیس بکەیت وە مافی اعتراض ت هەیە لەم بریارە بەگوێرەی یاسا لەماوەی (٣) مانگدا
دادوەر/ محمد شفیق حمه
* * *
دادگای کەتن لە هەڵەبجە
ژمارە: ١٣٠/ج/٢٠١٨
بەروار: ٢٠١٩/٦/١٠
بۆ/ تۆمەتباریی هەڵهاتوو (بروا حبیب حسن)
لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بوونت نادیارە بەپێی ئیشعاری ئەنجوومەنی هەڵبژێراوی هەلەبجە بۆیە ئاگادارت دەکەینەوە کە پێویستە لەبەردەم ئەم دادگایە ئامادەبیت لەرۆژی ٢٠١٩/٨/١٣ بەمەبەستی دادگایی کردنت بە گوێرەی مادەی ٤٤٦ لەیاسای (سزاکان عیراقی) وە بەپێچەوانەوە ئەگەر ئامادەنەبیت دادگایی دەکرێیت بەپاشملەیی و خۆت بەرپرسیار دەبێت، پاڵپشت بەئەحکامی مادەی ١٤٣/ج لەیاسایی بنچینە دادگاییە سزاییەکان.
دادوەر/ محمد شفیق حمه
* * *
فەرمانگەی دادنووسی یەکەمی هەولێر
هە و لێر
هۆبەی هۆشداری و گلدانەوە
ژمارە: ٢١٦٣/٧
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٦/١٧
بڵاوکردنەوەی هۆشداری
هۆشدار: (پارێزەر سمیر دلشاد تحسین بریکاری بەڕێوەبەری ڕێپێدراوی کۆمپانیای Down Town Erbil سەرەڕای کارەکەی)
هۆشدار لێکراو: (بیان حسین علی)
بەڕێزتان لە فەرمانگەکەمان هۆشداریتان ئاراستەکراوە لەلایەن (پارێزەر سمیر دلشاد تحسین بریکاری بەڕێوەبەری ڕێپێدراوی کۆمپانیای Down Town Erbil سەرەڕای کارەکەی) بە ژمارەکانی (٤٧/٩٧٩) لە ٢٠١٩/٦/١٠ بەمەبەستی هۆشداری کردنت بۆ دانی کرێی کەلەکەبووەکانی سەرت لە دووکانەکانی بازاری داون تاون بە ژمارە (١٨٧٢ – ١٨٧٣ – ١٨٧٤ – ١٨٧٥ – ١٨٧٦ – ١٨٧٧ – ١٨٧٨ – ١٨٧٩ – ١٨٨٠ – ١٨٨١ – ١٨٨٢ - ١٨٨٣)وە لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبونتان نادیارە بەپێی اشعاری موختاری گەرەکی موفتی لە شاری هەولێر ٢٠١٩/٦/١٦ بۆیە لەرێگای دوو رۆژنامەی رۆژانە بەفەرمی ئاگادارتان دەکەینەوە.
شوان فوزی زکی
ل. دادنووسی یەکەمی هەولێر
لە ف. دادنووسی یەکەمی هەولێر
* * *
فەرمانگەی دادنووسی یەکەمی هە و لێر
هۆبەی هۆشداری و گلدانەوە
ژمارە: ٢١٦٣/٧
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٦/١٧
بڵاوکردنەوەی هۆشداری
هۆشدار: (پارێزەر سمیر دلشاد تحسین بریکاری بەڕێوەبەری ڕێپێدراوی کۆمپانیای Down Town Erbil سەرەڕای کارەکەی)
هۆشدار لێکراو: (بیان حسین علی)
بەڕێزتان لە فەرمانگەکەمان هۆشداریتان ئاراستەکراوە لەلایەن (پارێزەر سمیر دلشاد تحسین بریکاری بەڕێوەبەری ڕێپێدراوی کۆمپانیای Down Town Erbil سەرەڕای کارەکەی) بە ژمارەکانی (٤٧/٩٧٩) لە ٢٠١٩/٦/١٠ بەمەبەستی هۆشداری کردنت بۆ دانی کرێی کەلەکەبووەکانی سەرت لە دووکانەکانی بازاری داون تاون بە ژمارە (١٨٧٢ – ١٨٧٣ – ١٨٧٤ – ١٨٧٥ – ١٨٧٦ – ١٨٧٧ – ١٨٧٨ – ١٨٧٩ – ١٨٨٠ – ١٨٨١ – ١٨٨٢ - ١٨٨٣)وە لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبونتان نادیارە بەپێی اشعاری موختاری گەرەکی موفتی لە شاری هەولێر ٢٠١٩/٦/١٦ بۆیە لەرێگای دوو رۆژنامەی رۆژانە بەفەرمی ئاگادارتان دەکەینەوە.
شوان فوزی زکی
ل. دادنووسی یەکەمی هەولێر
لە ف. دادنووسی یەکەمی هەولێر
* * *
فەرمانگەی دادنووسی یەکەمی هە و لێر
هۆبەی هۆشداری و گلدانەوە
ژمارە: ٢١٦٣/٧
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٦/١٧
بڵاوکردنەوەی هۆشداری
هۆشدار: (پارێزەر سمیر دلشاد تحسین بریکاری بەڕێوەبەری ڕێپێدراوی کۆمپانیای Down Town Erbil سەرەڕای کارەکەی)
هۆشدار لێکراو: (بیان حسین علی)
بەڕێزتان لە فەرمانگەکەمان هۆشداریتان ئاراستەکراوە لەلایەن (پارێزەر سمیر دلشاد تحسین بریکاری بەڕێوەبەری ڕێپێدراوی کۆمپانیای Down Town Erbil سەرەڕای کارەکەی) بە ژمارەکانی (٤٧/٩٧٨) لە ٢٠١٩/٦/١٠ بەمەبەستی هۆشداری کردنت بۆ دانی کرێی کەلەکەبووەکانی سەرت لە دووکانەکانی بازاری داون تاون بە ژمارە (١٨٩١ – ١٨٩٢ - ١٨٩٣)وە لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبونتان نادیارە بەپێی اشعاری موختاری گەرەکی موفتی لە شاری هەولێر ٢٠١٩/٦/١٦ بۆیە لەرێگای دوو رۆژنامەی رۆژانە بەفەرمی ئاگادارتان دەکەینەوە.
شوان فوزی زکی
ل. دادنووسی یەکەمی هەولێر
لە ف. دادنووسی یەکەمی هەولێر
* * *

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کە کۆمپانیای (CROSS CULTURAL MANAGEMENT) بۆ بارزگانی گشتی و خزمەتگوزاری کارگێری/ سنوردار)) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.

پشتیوان مصطفی قادر

بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر/بەوەکالەت

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کە کۆمپانیای (Gidez) بۆ خزمەتگوزاری نەخۆشخانە) بریاری گۆرینی (ناوی)ی کۆمپانیای داوە لە کۆمپانیای (Gidez) بۆ کۆمپانیای (CLINOCARE)، بۆیە هەر کەسێك نارەزایی یان مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی سەردانی بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.

پشتیوان مصطفی قادر

بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر/بەوەکالەت

JOB VACANCY ANNOUNCEMENT

TAQA TAQA - WE MEAN ENERGY!

TAQA is an international energy company with assets in the Middle East, North America, Europe, Africa and India. TAQA's principal activities are divided into three segments:

- Upstream Oil and Gas Exploration & Production
- Midstream Processing, Storage and Pipelines
- Power Generation & Water Desalination

As part of its expansion plans, TAQA Atrush B.V. (Oil and Gas Sector) is now seeking talented individuals for the roles below:

JOB TITLE: Journey Manager

LOCATION: Erbil Office

JOB SUMMARY: To manage the Erbil vehicle fleet in accordance with OGP 365 Land Transportation Safety Recommended Practice. To advise TAQA Management on all related policy, training, assessment and audit standards related to driving and vehicle fleet management

KEY RESPONSIBILITIES

- Ensuring TAQA's Travel Risk Management (TRM) procedure is current and adhered to.
- To check, record and audit driver and vehicle documentation
- To establish and ensure the effective running of the Erbil based motor pool
- To establish vehicle crew training to include initial driver 'check tests', regular driving assessments, cross country driver training and monitoring of driving standards
- To ensure vehicle communications are effective and all vehicle users clearly understand communications procedures
- To be responsible for the delivery of effective vehicle and driving safety briefings to all TAQA related transports and transits

QUALIFICATIONS/EXPERIENCE/SKILLS REQUIRED

- A Professional driving qualification and/or experience in a driving management role
- Minimum of 10 years of experience in a security related sector
- 5 years' experience in a management role, ideally driving related
- Weapons and explosives aware
- Fluent (written and verbal) in English
- Stress resistant and a strong team-player
- Ability to live/work in a remote and challenging environment
- IT literate: Microsoft Office (Word, Excel, PowerPoint)

NOTE:

- These positions will remain open until one-week post-advertisement date.
- Please submit your CV to this email address: TIR.HR@TAQAGLOBAL.COM
- Please indicate the vacancy title that you are applying for at the email Subject line. CVs without mentioning the vacancy title will not be considered.
- Only shortlisted candidates will be contacted.

JOB VACANCY ANNOUNCEMENT

TAQA TAQA - WE MEAN ENERGY!

TAQA is an international energy company with assets in the Middle East, North America, Europe, Africa and India. TAQA's principal activities are divided into three segments:

- Upstream Oil and Gas Exploration & Production
- Midstream Processing, Storage and Pipelines
- Power Generation & Water Desalination

As part of its expansion plans, TAQA Atrush B.V. (Oil and Gas Sector) is now seeking talented individuals for the roles below:

JOB TITLE: Production Accountant

LOCATION: Erbil Office

JOB SUMMARY: Production Accountant duties will include reporting oil and gas production, entering production data and analyzing production variances. Other tasks include monthly well allocations and tracking changes to locations as applicable. This role will have extensive interaction with field personnel regarding discrepancies. This person will also interact closely with other company disciplines, including those outside of Finance so excellent communication skills are a must. Other projects as assigned

KEY RESPONSIBILITIES

- Validate production data
- Enter production data and complete system reconciliations within Oracle
- Analyze sales volume determinations, meter volume data
- Support Regulatory reporting requirements and inquiries as needed
- Assist in internal / external audits and take part in special projects as necessary
- Provide production accounting guidance to Technical / Operations teams
- Mentoring of junior staff within the department

QUALIFICATIONS/EXPERIENCE/SKILLS REQUIRED

- Bachelor's degree in Accounting or Finance
- 5+ years' experience with Oil and Gas industry
- ERP working knowledge
- ACCA / CPA or equivalent
- Experience with Oracle ERP
- Experience with PSC / JOA contracts

NOTE:


- These positions will remain open until one-week post-advertisement date.
- Please submit your CV to this email address: TIR.HR@TAQAGLOBAL.COM
- Please indicate the vacancy title that you are applying for at the email Subject line. CVs without mentioning the vacancy title will not be considered.
- Only shortlisted candidates will be contacted.

www.xebat.net
چوارشەممە 2019/7/3 ژمارە (5781)

پرۆفایل

ئەمازیغەکان ..

ئەو کاتانەی سیاسەت و مێژوو و جوگرافیا غەدر لە میللەتان دەکەن



ئا: هەندرێن شێرزاد

بەگوێرەی میساقی نەتەوە یەکگرتووەکانی تایبەت بە مافی گەل و میللەتانی جیهان و سەرجەم بڕیار و ڕێککەوتنە نێودەوڵەتیە پەیوەندیدارەکانی تریش ، سەرجەم گەل و میللەتانی جیهان ئەگەر خاوەنی بنەماکانی دەوڵەت بن ، بۆیان هەیە بڕن بە خاوەنی وڵات و سەروەریی خۆیان. لێرەوە دەکرێ بپرسین : ئایا ئەمە تاچەند لەرووی پراکتیکیەوە جێبەجێ کراوە ؟ ئایا ئەمە هەموو گەل و میللەتانی جیهانی گرتۆتەوە و هەموویان بەو مافە سروشتیە گەیشتوون ؟ بێگومان نەخێر ، هێشتا گەل و میللەتی زۆر ماون خاوەنی بەشێک یان زۆربە یان سەرجەم ئەو بنەمایانەن بەڵام سیاسەت و بەرژەوەندی گەلانی سەردەست و خاوەن هێز بۆتە ڕێگر . گەلی کورد و ئەمازیغەکان دوو لەو میللەتە مافخوراوانەن .

زمان

زمانەکەیان دەچێتەوە سەر خانەوادەی ئەفرۆئاسیایی . بە ئەبجەدیەتی تیفیناغیش دەناسرێ .

یەکێکە لە کۆنترین ئەبجەدیەتەکانی جیهان . لەگەڵ زمانی عەرەبی و لاتینی جیاوازە .

دوو هەزار ساڵ لەمەوبەر بەکار هێنراوە .

ژمارەیەک وشە و چەمکی عەرەبی تێدا بەدی دەکرێ .

ساڵنامەی ئەمازیغەکان

وشەی ئەمازیغ لە بنەڕەتدا بە مانای باربادۆس دێت ، واتە بیانییەکان.

ساڵنامەی ئەمازیغەکان لەگەڵ ساڵنامەی زاینی جیایە .

31ی مانگی یەک سەری ساڵی ئەمازیغەکانە .

ساڵی 2019ی زایینی بەرامبەر بە ساڵی 2969ی ئەمازیغەکانە.

ئالا

ئەوان خاوەنی ئالایەکی تایبەت بە خۆیانن و ئامازەیە بۆ خاکی ئەمازیغەکان کە کۆیان دەکاتەوە و بە تامازغا ناوی دەبەن.

ئالاکە لە ساڵی 1998 لەلایەن کۆنگرێسی ئەمازیغی جیهانیەوە پەسەند کراوە .

ئالای ئەمازیغەکان لە ڕەنگی شین و سەوز و زەرد پێکدێت ، لە ناوەڕاستیشیدا پیتی (ز) بە ڕەنگی سوور و بە زمانی ئەمازیغی نوسراوە وەک ناسنامەیەک بۆ ئەوان .

ئاین

ئامازەیان بەوە کردووە کە 3000 ساڵ لەمەوبەر ئەوان لە ئەمەریکای باکور بوونیان هەبووە .

لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا ئەمازیغەکان کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی ئەوروپییەکان و ئیمپراتۆریەتە سودانیەکان .

جوگرافیا

ناوچەی نیشتەجێبوون یان وڵاتی ئەمازیغەکان لە ناوچەی سیوەی میسرەوە دەست پێدەکات تا دەگاتە دوورگەکانی کەناری ، لە کەناراوەکانی دەریای سپی ناوەڕاستیش بەرەو باکور تا دەگاتە ناوچەرگەی بیابانی گەورە لە نەیجەر و مالی بەرەو باشوور . ڕێژەی زۆری ئەمازیغەکان لە مەغریب و جەزائیر و لیبیا دەژین ، هەروەها لە تونس و میسر و مۆریتانیا و مالی و نەیجەریش دەژین بەڵام ژمارەیان کەمترە .

ئیبن خەلدون چی دەڵێ؟

بەشێک لە عەرەبەکان ئەمازیغەکان ڕۆژ و مانگیان پەرستووە ، هەروەها کەوتوونەتە ژێر کاریگەری ئایینی میسریەکان ، دواتر بەر لەوەی ببن بە موسوڵمان ، بوونەتە کریستیان و ڕۆڵێکی گرنگیان بینیوە لە دەوڵەمەندکردنی ئەم ئاینە.ئێستاش زۆرینەیان موسوڵمانی سوننە مەزهەبن .


مێژوو

ئەوان بە ڕەچەڵەک بەربەرن و نەوەی دانیشتوانی ناوچەکانی باکوری ئەفریقیا ، ئەوانەی بەر لە عەرەبیش لەو ناوچانە گیرساونەتەوە.

چەند سەدەیەک لەمەوبەر بیانیەکان ئەمازیغەکانیان بە بەربەر وەسف کردووە .

زۆر لە بەڵگە مێژوویەکان هەمیشە ئەوە دووبارە دەکەنەوە کە ئەمازیغەکان لە بنەڕەتدا عەرەبن ، لەو بارەوە ئیبن خەلدوونی گەورە مێژوونووسی عەرەب لە کتێبی العبر و دیوان المبتدا و الخبر دەڵێ:

ئەمازیغەکان میللەتێکی جێگیرن و هەرگیز لە شوێنێکەوە ڕوویان نەکردۆتە شوێنی دیکە و ئەوان نە لە ڕۆژهەڵات و نە لە ڕۆژئاواوە نەهاتوون. چەندین بەڵگەنامە ئەوە دەسەلمێنن کە هەزاران ساڵە ئەوان نیشتەجێی باکوری ئەفریقیان و خاوەنی شارستانیەت و کلتوور و ناسنامەی تایبەت بە خۆیانن . هەروەها ئیبن خەلدون دەپرسێ : چ پێویستیەکمان بەم جۆرە بۆچوونە بێ مانایانە هەیە کە لەبەر خۆشی دڵیان ئێمە بە ئەوانی تر دەبەستنەوە





مانشێت



سکای نیوز:
لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا لە کۆشکی سپی، دۆنالد ترامپی سەرۆکی ئەمەریکا ڕایگەیاند کە ئێران یاری بە ئاگر دەکات دوای زیادکردنی بڕی یۆرانیۆمی پیتێنراو .



ڕۆژنامەی ئەلئەحیات:
ژمارەیەک لە خۆپیشاندەران لە هۆنگ کۆنگ وەک دەربڕینی ناڕەزایی بەرامبەر بە چین ، هەڵیانکوتایە سەر بالەخانەی پەرلەمانی وڵاتەکەیان .



ڕۆژنامەی ئەلشەرقولئەوسەت:
لە کابولی پایتەختی ئەفغانستان تەقینەوەیەکی بەهێز لە نزیک وەزارەتی بەرگری ئەو وڵاتە ڕوویدا و لانی کەم 15 کەس کوژران ، تالیبانیش بەرپرسیاریەتی خۆی ڕاگەیاند .



ئەی ئێف پی:
پۆلیسی ئەندەنوسیا ڕایگەیاند کە سەرکردەی گرووپێکی توندڕەوی سەر بە ڕێککخراوی قاعیدەی دەستگیر کردووە .




بی بی سی:
لە ئەنجامی یارینی بارانێکی زۆر لە شاری مۆمبای هیندی، 18 کەس گیانیان لەدەست دا .



کەنالی ئار تی:
چەند میدیایەک لەسەر زاری بەرپرسێکی حکومەتی تورکیا ڕایانگەیاند کە ئەنقەرە بەنیازە موشەکی ئێس 400 کە بەم نزیکانە بەدەستی دەگات لەسەر سنوورەکانی سووریا جێگیری بکات .

هەواری کاولان پێویستی بە خزمەتگوزاری گەشتیاری هەیە









سروشتی دۆڵی کاولان کە زیاتر لە ٢٠٠ کەپری گەشتیاری لەخۆگرتووە

نادر روستی

لە ناوچەی باڵەکایەتی ژمارەیەک ناوچەی گەشتیاری سەرنجراکێش و دەگمەن هەیە، بۆیە بەردەوام گەشتیاران ڕوو لە دەڤەرەکە دەکەن و ئارەزوو دەکەن شەو لە ناو باغ و شوێنەکان بمێنەوە، دانیشتوانی ناوچەکە هەستیان بە گرنگی کەرتی گەشتیاری کردوە بۆیە لە زۆر شوێن سەرقاڵی کار و دروستکردنی پرۆژەی باش و مام ناوەند و هەندێکیش سەرەتای دان، کاولان یەکێکە لە شوێنەکان کە لە سەرتایی بەگەشتیاری بوونی دایە.

کاولان بە دووری 2کم دەکەوێتە بەشی باکوری ناوەندی قەزای چۆمان، کاولان هەواری هاوینەی دانیشتوانی گوندی دێڵزەیە و دەکەوێتە بناری چیای هەڵگۆرد و بەردەبووک، ناوچەکە بە دارودرختی زۆر داپۆشراوە زۆر کەم تیشکی خۆر بەر شوێنەکە دەکەوێت، ئێستا کراوەتە شوێنێکی گەشتیاری و زیاتر لە 200 کەپری گەشتیاری لە لایەن چەند کەسێکی خاوەن باغچە لێدروست کراوە، هەروەها ژمارەیەک مۆتێلی گەشتیاری و خانووی گەشتیاری لێ دروست کراوە و گەشتیاران ئەتوانن بە خزمەتگوزاریەکی سادە و سەرەتایی بە شەو و بە ڕۆژ لە ژێر سێبەری دارگوێزەکان و لە دیار ئاوی سازگاری کانی و چەمی ناو دارەکان بمێنەوە، بەبێ ئەوەی هەست بە بوونی هیچ گەرمایەک بکەن، لە ئێستادا شەوانی پێنج شەم و هەینی گەشتیاران ڕووی تێ دەکەن, کاولان بەشێکی ڕێگەکەی کە نزیکەی یەک کیلۆمەتر دەبێت خۆڵ و ناخۆشە و تەنیا ڕێگەی هاتووچۆی یەک ئۆتومبێل دەبێت و ڕێگەکە خۆڵ و بەرتەسکە لەگەڵ ئەمەش کاولان لە قۆناغێکی سەرتای بە گەشتیاری بوون دایە، خاوەنی باغچە و ڕەزەکان ئامادەیان هەیە کە پرۆژەی گەشتیاری سەردەمیانە دروست بکەن کە لە ژێر چاودێری و ڕێنمای گەشتوگوزار بێت، بۆیە داواکاریان ئەوەیە حکومەت بتوانێ یارمەتیان بدات و ڕێگەی هاتووچۆکردنیان بۆ خۆش بکات، بۆ ئەوەی ئەوانیش بتوانن کەرستەی پرۆژە دروستکردن بگوازنەوە و گەشتیارانیش بە سەلامەتی و بێ کێشە هاتووچۆ بکەن.

فۆتۆ: شالاو نادر

ڕێکخراوی فۆتۆگرافەرانی گەڵا هەڵمەتی پاککردنەوەی سەیرانگەی چەمی ڕەزانی جێبەجێکرد



لە ئەنجامی گەشتیاران بۆ شوێنەکانی گەشتیاری لە هەندێک شوێن پاشماوەی هاوڵاتیان و گەشتیاران پەرت و بڵاو بۆتەوە و لە هەندێک شوێن خاشاک لەسەر یەکتری کەلەکە بوو و ناوەچەکانی گەشتیاری بە تەواوی تەنیوە و دیمەنە جوانەکانی تەواو ناشیرین کردووە ,ئەگەر هەندێک کەسی ناشیرین و پیس لەم وڵاتە هەبن، ئەوە لەبەرامبەریشدا سەدان کەسی هەست جوان و نیشتمان پەروەر و ڕەوشت بەرزیش هەیە و پارێزگای لە جوانیەکاتی ئەم وڵاتە دەکەن. دەست خۆش بۆ ڕێکخراوێکی فۆتۆگرافەرانی گەڵا کە لە هەڵمەتێکی نموونەی هاوینەهەواری چەمی ڕەزانیان پاک کردەوە.

پرۆژەی دۆزینەوەی هەلی کار بۆ دەرچوانی گەشتوگوزار دەکرێتە ستراتیژیەتی دەستەی گشتی گەشتوگوزار

دوای گەڵاڵەبوونی بیرۆکەی دۆزینەوەی هەلی کار بۆ دەرچوانی گەشتوگوزار لە ئامادەیی و پەیامنگە و بەشی گەشتیاری لە کۆلیژەکان، بە ڕەچاو کردنی چەند مەرجێک کە لە سودی بنکەکانی گەشتیاری و دەرچووان و مەنهەجی خوێندنی گەشتیاری بێت. بابەتەکە وەک پرۆژەیەک پێشکەش بە سەرۆکی دەستەی گشتی گەشتوگوزار کرا، دواتر لەگەل ژمارەیەک بەڕێوەبەر گفتوگۆ کراو ڕاو بۆچوونیان وەرگیراو خرایە ناو پرۆژەکە، پاشان لە ڕێگەی ئەنتەرنێت بۆ چەند مامۆستایەکی زانکۆ نێردراو بۆچونیان وەرگیرا، دواجار لە ڕێگەی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیس بووک خرایە ڕوو و ژمارەیەک قوتابی بۆچوونی خۆیان نووسی، بۆ جاری دووەم بە ئامادەبوونی سەرۆکی دەستەی گەشتوگوزار و ژمارەیەک بەڕێوەبەر و کۆمەڵەی گەشتوگوزارناسان و کۆمەڵەی میوانخانە و ریستۆرانت وۆرکشۆپی لەسەر کرا و کۆمەلێک بیروڕا گۆڕدرایەوە ، دواتر لەلایەن سەرۆکی دەستە پێشنیار کرا پرۆژەکە بکرێتە ستراتیژیەتی دەستەی گشتی گەشتوگوزار و لێژنەیەکی بۆ بۆ دروست بکرێ و کار لەسەر پرۆژەکە بکات و لە کابینەی نوێ بۆ حکومەتی هەرێم بەرز بکرێتەوە.

من وەک ڕێکخەری بیرۆکە و سەرپەرشتیاری پرۆژەکە و کۆکردنەوەی بۆ چوونەکان چەند خاڵێک بۆ ئێوە ئەخەمەروو تاکو بیخوێنەوە و بۆچوونی خۆتان بۆمان بنێرن بۆ ئەوەی لە وۆرکشۆپی کۆتای کاریان لەسەر بکرێ

ناوەرۆکی پرۆژەکە لەم خاڵانە پێکهاتووە:

1- دەستەی گشتی گەشتوگوزار زەمینەسازی بکات بۆ دۆزینەوەی هەلی کار بۆ دەرچوانی خوێندنی گەشتیاری لەکەرتی گشتی و کەرتی تایبەت، بۆ ئەم مەبەستە بەشی توانامرۆیەکان ڕاسپێردرێت بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر دەرچوانی (ئامادەی گەشتیاری، پەیامنگەی گەشتیاری، بەشەکانی گەشتیاری لە زانکۆ).

2- هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی هەلی کار و دامەزراندن لەڕێگەی سیڤی دەرچووان.

بەرەچاوکردنی خال لەسیڤی هەر دەرچوویەک بۆ ئەمەش فۆرمێک ئامادەبکرێ کە کۆمەلێک پرسیار لە خۆ بگرێ. کە تواناو لێهاتووی دەرچوو لەڕووی (زمان، ئەزموونی کاری مەیدانی، کاری خۆبەخش، شارەزای لە ئایتی، هەبوونی زانیاری گشتی لەسەر گەشتوگوزار، زانیاری لەسەر بابەتەکانی خوێندن ، لەسەر بنەما و جۆرەکانی گەشتیاری کوردستان ، زانیاری لەبواری کارگێری و ڕێبەر، زانیاری لە بواری خزمەتگوزاری لەبنکەکانی گەشتیاری،) لە خۆبگرێ، ئەمە و چەندان زانیاری دیکە بێ بە سیڤی دەرچوو. هەندێک لە کارەکان 5نمرە و هەندێک 3نمرە و هەندێک 2و هەندێک یەک نمرەی هەبێت. بۆئەوونە زمان و ئەزموونی کارکردن و کاری خۆبەخشی هەریەکە و 5 خاڵی لەسەر بێت، شارەزای لە ئایتی و بینینی خول هەریەک 3 نمرەی هەبێت....

3- دامەزراندن پشت بە خاڵەکانی سیڤی دەرچوو ببەستێت، کاتێک 100 هەلی کار هەبێت، پێویستە دەرفەتی دامەزاندن بۆ ئەوانە بێت کە زۆرترین خاڵیان کۆکردۆتەوە لە یەکەم تا 100 کەس تەواو دەبێت، ئەگەر 50 دەرفەتی تر هەبوو ئەوا لە دوای 100 کەسەکە بە شێوەی ڕیزبەندی خاڵەکان ئەوانیش دامەزرێن. کەواتە یەکەم جار دەرفەت بۆ ئەو کەسانەیە کە سیڤیان بە هێزە.

4- ڕێژەیەک دیاری بکرێ بۆ بنکەکانی گەشتیاری(هەوتێل، موتێل، ریستۆرانت) کە ساڵانەش زیاد بکرێ و بەرزبکرێتەوە، بۆ بەکارخستنی دەرچووانی خوێندنی گەشتیاری کە سیڤیان گونجاوە بۆ بەکارخستنیان لە بنکەکانی گەشتیاری، بۆئەوونە لە ٢٠%ی کارمەندی هەربنکەیەک بریتی بن لە دەرچووانی خوێندنی گەشتیاری لەهەرێم(ئامادەی، پەیامنگە، بەشی گەشتیاری لە کۆلیژەکان). ڕێژەکە بۆ ساڵی دواتر بەرزبکرێتەوە بۆ ٢٥% واتە ساڵانە ٥ %بەرزبکرێتەوە. تاکو دەگات بە ڕێژەی 50%کارمەندی دەرچووی گەشتیاری لە هەر بنکە و پرۆژەیەکی گەشتیاری.

5- هەر کۆمپانیایەکی گەشتیاری یەک کەس وەک ڕابەری گەشتیاری دامەزرێنێت و بوار بۆ دەرچووی زیاتریش بڕەخسێنێ لەکاتی نوێکردنەوەی مۆڵەت، ئەمەش بکرێتە مەرجی نوێکردنەوەی مۆڵەت.

6- لەدەستەی گەشتوگوزار نووسراو بەرز بکرێتەوە بۆ بەکارخستنەوەی بریاری دامەزراندنی پۆلیسی گەشتوگوزار. کەهەلی کار بۆدەرچوانی گەشتیاری دەرخسێنێ.

7- لە پرۆژەکانی وەبەرهێنانی گەشتیاری بڕگەیەک زیاد بکرێ کە پابەند بکرێن بەدامەزراندنی دەرچووانی گەشتیاری بەڕێژەی لە ٥٠ %ئەنجا مۆڵەت بە پرۆژەکە بدرێت.

8- پرۆژەی نوێی گەشتیاری و مساتەحەی گەشتیاری لە ٥٠%ی دەرچووانی گەشتیاری بەکار بخات، ئەمەش بکرێ بەمەرج لەکاتی مۆڵەت پێدانی پرۆژەکان لە لایەن دەستەی گشتی گەشتوگوزار.

9- لەگەڵ وەزارەتی خوێندنی باڵا گفتوگۆ بکرێ کە وەرگرتنی قوتابیان لە گەشتوگوزار ئارەزوومەندانە بێت.

10- دەرگای کاری خۆبەخشی بۆ دەرچووانی گەشوگوزار لەبەڕێوەبەرایەتیەکانی گەشتوگوزار بکرێتەوە، کە دواجار دەبێتە هۆی دەوڵەمەند کردنی سیڤی دەرچووانی گەشتیاری و شانسی دۆزینەوەی هەلی کاریان زیاتر دەبێت.

11- لەڕێگەی نوێکردنەوەی مۆڵەتی ساڵانەی بنکەکانی گەشتیاری و لەڕێگەی لێژنەی بەڕێوەبەرایەتیەکانی گەشتیاری، بنکەکانی گەشتیاری پابەند بکرێن بەجێبەجێ کردنی خاڵەکانی ناو ئەم پرۆژەیە.

12 هەر پرۆژەیەکی گەشتیاری کە مۆڵەت وەردەگرێ، لەسەری بکرێ بەمەرج کە ٥٠% کارمەندانی دەرچووی خوێندنی گەشتیاری بن.

13- بڕیار هەبێت بۆ پابەند کردنی یەکە کارگێریەکانی گەشتوگوزار لەشارو شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان بەجێبەجێ کردنی ئەم خاڵانەی سەرەوە.

14- پێش دەست بەکاربوونی وەرگیراوان لەکەرتی گشتی یان تایبەت ماوەی ٢ مانگ خولیان بۆ بکرێتەوە، ئەنجا دەست بەکار بن لە شوێنی دیاریکراو.

15- لەڕێگەی نووسراو پێداویستی یەکە کارگێریەکانی گەشتیاری، بەشێک لە دەرچووان بەفەرمی لەکەرتی گشتی دامەزرێن. بۆ ئەمەش لەڕێگەی دەستەی گشتی گەشت و گوزار ئامادەکاری بکرێ کە دەرفەتی دامەزراندن لەحکومەت کرایەوە ڕێژەیەک بۆ دەرچووانی خوێندنی گەشتیاری بێت. ئەمەشیان لەڕێگەی هەمان فۆرم کەسیڤی دەرچووی خوێندنە.

16- جێگەی دەست خۆشیە بۆ سەرۆکی دەستەی گەشتوگوزار کە بڕیاریدا پرۆژەکە بکرێتە ستراتیژیەتیکی تایبەت و لێژنەیەکی بۆ تەرخان بکرێ کە کاری لەسەربکات و بۆ ئەوەی پێشکەش بە حکومەتی نوێ بکرێ.

نادر روستی
ڕێکخەر و سەرپەرشتیاری پرۆژەکە

پرۆژەی نا بۆ پشتگوێ خستنی ئەشکەوتەکانی کوردستان



لێرەوە ئەم پرۆژەیەم ڕادەگەیەنم داوادەکەم لە بەرپرسانی ئەم نیشتیمانە چیتر ئەشکەوتەکان پشت گوێ مەخەن ئەم ئەشکەوتانە گەورەترین سەرمایەن بۆنیشتیمان چون ڕۆژانێک بو پەناگاو لانکەی پێشمەرگەبوون، پەناگایەک بووون بۆحەشاردان و پاراستنی میللەتەکەمان، چەندەها خانەوادەی لە هێرشەکانی جینۆسایدو ئەنفال و کیماباران پارستوە. داواکارم لەبەرپرسان ئاوڕێکی جدی بدەنەوە لە لەهەموو ئەشکەوتەکانی ئەم نیشتیمانە با تێکنەدرێن و نەبنە وێرانە. پرۆژەکە بریتیە لە کۆکردنەوەی زانیاری و دیکۆمێنتاری و بە مەبەستی ڕێکخستن و جوانکردن و ناساندنی و بە گەشتیاری کردنی ئەشکەوتەکان.

ناصح عدلی خدیات

ئەم شوێنە بناسە

هاڤینگەها شکەفتا بهێرێ



ئەف هاڤینگەهە ئێک ژ بەرنیاسترین هاڤینگەهە ل سەر ئاستێ قەزا زاخو دکەڤیتە باکورێ ڕوژهەلاتێ باژێرێ زاخو سەر ب ناحیا دەرکار عەجەمە ، نزیکا ٢ کم ژ هاڤینگەها سیلافا شەرانشێ دیرە ، ئەف هاڤینگەهە شکەفتەکا مەزن دناڤ دایە کانیەکا ئاڤەکا سازگار گولەکا مەزن یا ئاڤێ تێدایە ، کیراتیا ڤێ گولا ئاڤێ ٨ تا ٩ میترا کیرە بلندهایا شکەفتی نزیکی ١٠ مەترانە ، ژ دەرێ شکەفتێ تا دناڤا شکەفتێ نزیکا ١٥ مەترانە ، د کەڤیتە بنارێ جیایێ خامتیری دەوروبەرێن ڤێ شکەفتێ کەڤرێن بلند و شکەفتێ مام ناوەند و دارستانێن سروشتی لێ هەنە ، بەردەرگەهێ ڤێ شکەفتێ چەندین کەپرێن گەشتیاری لێ هەنە، ڕوژانە خەلک بو گەشتێ و دەمێن خوش سەردانا ڤێ هاڤینگەهێ دکەن سالانە هەزاران گەشتیار ژ باشور و ناوەراستا عێراقێ سەردانا ڤی جهی دکەن ، ژ لایێ ئەمن و ئاسایشێ جهەکێ ئارامە ، ئەف شکەفتە بالکێشە ئاڤەکا ئێکجار سازگار و زور ژێ دەردکەڤت جهەکێ فێنکە .

پێوار سندی

www.xebat.net
چوار شەممە 2019/7/3 ژمارە (5781)
بۆ بەیەندیکردن بە لاپەڕەی وەرزش: 07504475407 – Email: hawarmurtkaee@yahoo.com

هەولێر.. راکردنێکی بەکۆمەڵ بۆ تازەپێگەیشتووانان ئەنجامدرا

ئا: سەرهەنگ نەجمەدین

لەژێردروشمی بەرەو ئایندەیەکی گەش ڕادەکەین، ڕۆژی 2019/6/29 لەناوپارکی سامی عەبدولڕەحمان لەشاری هەولێری پایتەختی کوردستان بۆ جاری سێیەم ڕاکردنێکی بەکۆمەڵ بۆ هەردوو ڕەگەزی کوڕ وکچانی تازەپێگەیشتووانان و لاوان لەلایەن ڕێکخراوی ئەربیل ماراسۆن بۆ وەرزش و ئاشتی سازدرا، کەتیایدا نزیکەی زیاتر لە 750 کەس بەشداریان تێدا کردبوو کەماوەی یەک ڕۆژی خایاند.

ڕاکردنەکە بۆ تەمەنەکانی 6تاوەکو 13 ساڵ بوو، کەڕێژەیەکی زۆری ئارەزوومەندانی شاری هەولێر و چەندین منالی بیانی بەشداریان تێدا کردبوو ڕاکردنەکە سەرکەوتووانە کۆتایی هات.

لەمبارەیەوە سەرۆکی ڕێکخراوی ئەربیل ماراسۆن بۆ وەرزش وئاشتی عەبدولستار عیسمەت بۆ خەبات ڕایگەیاند: بێگومان هەموو ساڵێک بەمەبەستی بایەخ و گرینگیدان بەبواری وەرزش لەڕووی ڕاکردن و ماراسۆنەوە، هەر جارەو بۆ ئاستێکی دیاریکراو ماراسۆنێک یاخود ڕاکردنێک ئەنجام دەدەین، بێگومان سازدانی ئەمجۆرە چالاکییە وەرزشییانە خۆی لەخۆیدا خۆشی و زەردەخەنە دەخاتە سەر ڕووخساری وەرزشوانان و بەشداربووان.

سەرۆکی ڕێکخراوی ئەربیل ماراسۆن زیاتر گوتی: ئەوەی جێی دڵخۆشی هەموو لایەک بوو ڕێژەیەکی زۆری منداڵان و ئارەزوومەندانی وەرزش بەشداریان لەڕاکردنەکە کردبوو کە زیاتر بووە مایەی هاندانمان هەموو ساڵێک بەگەڕتنەوە ئەم چالاکییانە ئەنجام بدەین، و بەنیازین لە 10/25 ماراسۆنێکی نێو دەوڵەتی وەک ساڵانی ڕابردوو لەشاری هەولێر سازبدەین و واپێشبینی دەکرێت بۆ ماراسۆنی داهاتوو ڕێژەیەکی یەکجار زۆر لەوڵاتانی عەرەبی و بیانی بەشداری تێدا بکەن و ئێمەیش هەر لەئێستاوە ئامادەکاری بۆ دەکەین.



لەدەستپێکی خولی لاوانی کوردستاندا
جیهان بە ئاڵا دۆڕا، ئاسۆ و برایەتیش بەبێ گۆڵ یەکسان بوون

ئا:سەرهەنگ نەجمەدین

بەسەرپەرشتی یەکێتی ناوەندی تۆپی پێی کوردستان، دووشەمەی ڕابردوو کاروانی خولی لاوانی تۆپی پێی یانە پلەیەکەکانی کوردستان لەسەرجەم شار و شارۆچکەکانی کوردستان بەڕێوچوو، خولەکە بەسەر 3 کۆمەڵە دابەشکراوە، لەهەر کۆمەڵەیەک 3 یاری ئەنجام دراوە، لەیەکەمین یاریشدا لەشاری هەولێر، هەردوو تیپی لاوانی ئاسۆ و برایەتی لەیاریگای یانەی ئاسۆ ڕووبەڕووی یەکتربوونەوە، لەئەنجامدا هەردوولا بەبێ گۆڵ یەکسان بوون، لەلایەکی دیکەوە هەر لەشاری هەولێر تیپی لاوانی جیهان میواندارای لەتیپی لاوانی ئاڵا کرد، لەئەنجامدا تیپی خاوەن یاریگا بەئەنجامی 3-1گۆڵ بە تیپی لاوانی ئاڵا دۆڕا، ئەم سەرکەوتنە بۆ لاوانی ئاڵا دەبێتە فاکتەرێکی گرنگ و پێویست بۆ یاریەکانی داهاتوو کەبتوانن بەمەعنەویاتێکی باشتر یاریەکان ئەنجام بدات، هەروەها لەشارۆچکەی شەقلاوە ، تیپی لاوانی شەقلاوە پێشوازی لەتیپی لاوانی سۆران کرد، لاوانی سۆران بەئەنجامی تاکە گۆڵێکی بێ وەڵام توانی لەتیپی خاوەن یاریگا بباتەوە و 3خاڵی گرنگی دەستەبەرکرد.

ئەنجامی یارییەکانی دیکەی هەردوو کۆمەڵەی دووەم وسێیەم بەمشێوەیە بوو:

سۆلاف *0چەمچەماڵ 4
کۆیە *1ئاشتی 0
ڕانیە *2خاک 1
سەید سادق *3ڕزگاری 0
دەربەندیخان *2کفری 0
بەختیاری *1سیروانی شارەزوور 1

دیمبلی بە 100 ملیۆن یورۆ

یانەی بەرشلۆنەی ئیسپانی پیدەچی ڕێگری نەبی لە فرۆشتنی عوسمان دیمبلی، بەتایبەتیش لە سێبەری نزیک بوونەوەی نایمار و گریزمان بۆ ڕیزی کەتالۆنی.

یانەی بەرشلۆنە لە ڕاگەیەندراویکدا نرخی ئەو یاریزانەی دیاریکردووە کە 100 ملیۆن یورۆیە و هەرکەسێک چاوی لێبێت، پێویستە ئەو برە پارەیە بدات، ئەم ڕاگەیەندراوەی کەتالۆنی دوای ئەوەوە هات کە یانەی بایرن میونشن نێردراویکی بۆ مەبەستی کڕینی ئەو یاریزانە ڕەوانەی بەرشلۆنە کردووە و یانەی باڤاری بەنیازە جارێکی تر ئەو یاریزانە بباتەوە بۆندسلیگ.

هیگواین
پەیوەندییەکانی لەگەڵ بلوز دەپچڕێنێت


گۆنزالۆ هیگواینی هێرشبەری یانەی یۆڤینتۆس هەموو پەیوەندییەکی لەگەڵ یانەی چێلسی پچڕاند، کە نیوەی دووەمی وەرزی ڕابردوو بەشێوەی خواستن یاری بۆ بلوز کرد.

ئەو هێرشبەرە ئەرژەنتینیە کاتی خۆی لە ستامفۆرد بریدج لەگەڵ ماوریسیۆ ساری ڕاهێنەری پێشووی ناپۆلی یاری کردووە و ئێستاش سەرلەنوێ ئەم دوانە لە یانەی یۆڤی بەیەک دەگەنەوە، کە ساری ڕازی بوو ئەو ئەرکە تازەیەی وەرگرێت. نیکۆلای هیگواینی بڕای هیگواین ئاماژە بۆ ئەوە دەدات کە گۆنزالۆ سوورە لەسەر ئەوەی لەگەڵ پالەوانی ئیتاڵیا هێنیتەوە و ئەو بڕیاری داوە تەنها یاری بۆ یۆڤینتۆس بکات، کە هێشتا بۆندەکەی دوو ساڵی ماوە و لەوێش ڕیزی زۆری لێدەگیرێت.

هێشتا فلۆریانا نەگەڕاوەتەوە

هێشتا چارەنووسی فلۆریانا ئیسماعیلی یاریزانی نێودەوڵەتی سویسری و کاپتنی یانەی یۆنگ بویز دیار نییە لەوکاتەوەی کە بۆ مەڵەوانی چوبووە دەریاچەی کۆمۆ.

فلۆریانای تەمەن 24ساڵ لەگەڵ هاوڕێکانی بە یەخت گەشتێکیان بۆ دەریاچەی کۆمۆ ئەنجامدا، لەناو یەختەکە فلۆریا بەمەبەستی مەڵەوانی خۆی هەڵدەداتە ناو دەریاچەکە و لەدوای ئەوەوە چیتر دەرناکەوێتەوە، پۆلیسی سویسرا ئەمەی پشت ڕاست کردەوە کە گەشتیاریک ون بووە و ئەو گەشتیارەش فلۆریای یاریزانە، ئەگەرچی ڕوپێویکی ئەوو ناوەیان کردووە بەڵام هیچ شوینەوارێکیان نەدۆزیوەتەوە و دواتریش لێگای ڕۆبۆتەوە دووبارە ڕوپیویان دەست پێکردەوە و هەربەدوایدا دەگەڕێن.



بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT info@xebat.net
www.xebat.net
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla

خەبات XEBAT
Wed, 3. Jul. 2019 No: (5781)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر

سلێمانی.. لاوێکی داهێنەر لە دروستکردنی ڕۆبۆتدا



بەختیار جەزا محێدین گەنجێکی تەمەن 27 ساڵانی دانیشتووی شاری سلێمانی-یە، ئەو دەرچووی زانکۆ بەشی ژمێریارییە، بەڵام لەئێستادا بە هۆی دانەمەزراندنییەوە کاری ڕۆنگۆڕی ئۆتۆمۆبێل دەکات.

بەختیار جەزا لە بواری ئامێرە ئەلیکترۆنییەکان و دروستکردنی ڕۆبۆتدا شارەزایی باشی هەیە و تا ئێستا چەندین ڕۆبۆت و داهێنانی کردووە. ئەو لە بارەی سەرەتای دەستکردن بە کاری دروستکردنی ڕۆبۆت گوتی:"لە ساڵی 2007 وەک حەز و خولیایەکی خۆم دەستم دایە کاری داهێنان، سەرەتاش بوکەڵەیەکم دروستکرد کە وەک بوکە شووشەیەک دەیتوانی سەما بکات، دواتر دوای بینینی منداڵێکی ژاپۆنی کە باسی هیوا و خولیای خۆی کرد بەوەی لە داهاتوودا بتوانێت گەورەترین ڕۆبۆت دروست بکات، قسەی ئەو منداڵە بووە هاندەر و بنەمایەک بۆ من کە بۆچی ئێمەش بەو شێوەیە کارنەکەین و پێش نەکەوین، ئەوەش وای کرد لە ساڵی 2011 توانیم گەورەترین ڕۆبۆت دروست بکەم کە بەرزی دوو مەتر و 40 سانتیمەتر بوو، ئەو ڕۆبۆتەم لە پێشانگایەکدا لە سلێمانی نمایش کرد کە توانای ڕۆشتن و قسەکردنیشی هەبوو".

بەختیار بەردەوام بووە لە پەرەپێدانی کارەکانی و لە شەڕی داعشدا بیری لە دروستکردنی ڕۆبۆتێکی جەنگی کردووەتەوە، سەرەتاش ڕۆبۆتێکی دروستکردووە کە لە ڕێگەی وایەرەوە کۆنترۆڵکراوە و توانای تەقەکردنی هەبووە، دواتر پەرەی بە ڕۆبۆتەکە داوە و ڕۆبۆتێکی نوێی دروستکردووە کە بە کۆنترۆڵ توانراوە کاری پێ بکرێت و هەموو جۆرە چەکێکی لەسەر ببەسترێت و توانای تەقەکردن و سوڕانەوەی بە چوارەوری خۆیدا هەیە، هەروەها لە ڕێگەی کامێرایەکەوە ئاگادار دەبێتەوە لە جوڵەی هەرشتێک لە نزیک ڕۆبۆتەکەوە کە خۆیڕ لە جەستەی بێت.لەئێستاشدا بەختیار دوو کاری نوێی ئەنجامداوە لە دروستکردنی ئامێرێکی تایبەت بە کۆنترۆڵکردنی ئاگرکەوتنەوە لە بەنزینخانە و شوێنەکانی تردا و لە ماوەیەکی کەمدا ئاگرەکە کۆنترۆڵ دەکات، هەروەها چاککردن و لێخوڕینی ئۆتۆمبێل بەبێ شۆفێر و لە ڕێگەی کۆنترۆڵەوە. بەختیار لە دروستکردنی هەر ڕۆبۆتێکدا پێویستی بە 500 تا هەزار و 500 دۆلار هەیە و ئەو ئامێرانەی بۆ ئەو مەبەستە بەکاریان دەهێنێت لە ئامێری تری کارکردووەوە وەریان دەگرێت و جارێکی تر بەکاریان دەهێنێتەوە. ئەو نیگەرانە لەوەی لە هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی گونجاو ڕێز لە داهێنانکاران ناگیرێت و بە هۆی نەبوونی پشتیوانی لە لایەن حکوومەت و لایەنە پەیوەندیدارەکانەوە ناتوانن زیاتر پەرە بە کارەکانیان بدەن و داهێنانی گەورە بکەن لەو بوارەدا.



هەولێر.. ڕێز لە هونەرمەند عارەب عوسمان گیرا

لەهەولێر، وەزارەتی ڕۆشنبری و لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ڕێز لە هونەرمەند و حەیرانبێژی ناسراو عارەب عوسمان گیرا.

هونەرمەند عارەب عوسمان بۆ نیو سەدە دەبێت کاری هونەری دەکات، تاوەکو ئێستا بە دەیان بەرهەمی وەکو لاوک و حەیران و بەستەی کوردی پێشکەشی هونەری کوردی کردووە، بە یەکێک لە حەیرانبێژە دیارەکانی دەشتی هەولێر لە قەڵەم دەدرێت. عارەب عوسمان، حەیرانبێژێکی بەناوبانگی کورد، کە زیاتر بە تەنیا عارەب ناسراوە، لە ساڵی 1952 لە گەڕەکی تەیراوە لە هەولێر لەدایکبووە، خاوەنی پێنج کوڕە، لە قۆناخی ناوەندی بەهۆی سەختی ژیان و کۆچی دوایی باوکییەوە وازی لە خوێندن هێناوە، سەرەتای ساڵانی 1970 دەستی بە گۆرانی کردووە.تەنیا عارەب، ساڵی 1976یەکەمین بەرهەمی خۆی بەناوی بلوێری شوان تۆمارو بڵاوکردووەتەوەو دەنگدانەوەیەکی زۆری هەبووە، دەیان بەرهەمی جوانی پێشکەشی هونەری کوردی کردووە، لەگەڵ ئەوەشدا بەشداری لە چەندین فێستیڤاڵ و چالاکی هونەری لەناوخۆ و دەرەوەی هەرێمی کوردستاندا کردووە، خەڵاتی ڕێزلێنانی لە بەرامبەر ئەو هەموو خزمەتەی لە بواری گۆرانی و حەیران کردوویەتی، ئەم خەڵاتەی پێشکەشکرا.

باکووری کوردستان... دیمەنی قەشەنگی دەریاچەی چڵدر لە وەرزی هاویندا



دەریاچەی چڵدر کە دەکەوێتە سنووری ئەردەخان- قەرس لە باکووری کوردستان و لە وەرزی زستاندا بە شێوازی ئەسکیمۆ ڕاوەماسی تیادا دەکرێت، بەو هەورەی دەوری دەریاچەکەی گرتووە دیمەنێکی سەرنجڕاکێشی بە ناوچەکە بەخشیوە.دەریاچەکە کە ٤٥ کیلۆمەتر لە ناوەندی ئەردەخان-ەوە دوورە و لە هەموو وەرزێکدا جوانی جیاواز پێشکەش بە گەشتیارانی دەکات.دەریاچەکە دوای ئەوەی لە وەرزی زستاندا بەشی سەرەوەی بەتەواوی دەیبەستێت، ئەوانەی ڕاوی ماسی دەکەن بە شێوازی ئەسکیمۆ ڕاوی تیادا دەکەن و بە ئەسپ وعەرەبانە بەسەریدا دەڕۆن. لە وەرزەکانی بەهار، هاوین و پاییزدا جوانییەکی سەرنجڕاکێشی هەیە و بووەتە جێی سەرنجی گەشتیارانی ناوخۆیی و دەرەکی.

لە فڕۆکەدا خەوی لێدەکەوێت و لەبیری دەکەن



لە کەنەدا گەشتیارێکی ئافرەت لە میانی گەشتەکەیدا لەناو فڕۆکەکەدا خەوی لێ دەکەوێت و بەو هۆیەوە لەبیری دەکەن. بەپێی هەواڵێکی بی بی سی لە نۆی حوزەیراندا ئافرەتێک بەناوی تایفانی ئادامس لە میانی گەشتی فڕۆکەکەدا لە شاری تۆرەنتۆ، خەوی لێ دەکەوێت و کاتێک چاوی دەکاتەوە دەبینێت فڕۆکەکەی پارککراوە.تایفانی ئادامس لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک پۆستێک بڵاودەکاتەوە و دەڵێت دوای چەند کاتژمێرێک لە نیشتنەوەی فڕۆکەکە لەنیوەی شەودا خەبەری دەبێتەوە و هەستی بەسەرمایەکی زۆر کردووە لەکاتێکدا ناوچەکە زۆر تاریک بووە.

تایفانی ئادامس ئاماژە بەوە دەکات کە پەیوەندیکردووە بە دیانا دالە-ی هاوڕێیەوە تاوەکو یارمەتی بدات، بەڵام بە هۆی نەبوونی چارجی پێویست لە پاتری مۆبایلەکەیدا، تەنها دەقەیەکی خایاندووە، دواتر بۆ ئەوەی کەسانی دەوروبەری ئاگادار بکاتەوە تیشکی گلۆپی گرتۆتە شۆینی کاپتنی فڕۆکەکان.دوای ماوەیەک دالەی هاوڕێی پەیوەندی دەکات بە ئیدارەی فڕۆکەخانەی پیرسۆن-ەوەو ئادامس لە ڕێی کارمەندێکی تایبەت بە جانتاوە دەدۆزرێتەوە.ک ۆمپانیای هێلی ئاسمانی ئایەر کەنەدا ڕاستەوخۆ داوایان لە ئادامس کردووە بە ئۆتۆمبیلێکی لیمۆزین بچێتە هۆتێلێکیان وەک خزمەتگوزاری و قەرەبووکردنەوەیەک، بەڵام ناوبراو ڕەتیکردۆتەوە و تەنها ویستوویەتی بچێتەوە مالی خۆیان.

خەیاڵی نەڤید زەردی بوو بەڕاست



توانا زرار

گۆرانیبێژی لاو نەڤید زەردی گۆرانییەک بەناوی خەیاڵ بڵاودەکاتەوە.

لەبارەی ئەوگۆرانییەوە نەڤید خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک ئاماژەی بەوەداوە کە گۆرانی خەیاڵ نوێترین بەرهەمیەتی و لە تێکستی شاعیر ڕەنج سەنگاوی و ئاوازی نەڤید خۆیەتی، ئەڕەینجمێنتی مەجید کازمی و فیروز ڤیسانلودەوە بۆ ئەنجامدراوە.

هونەرمەند نەڤید زەردی خەڵکی شاری مەهابادی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، لە ساڵی ٢٠٠٤ەوە دەستی بە کاری هونەری کردووە و توانیویەتی لە ڕێگەی گۆرانییەکانییەوە هەوادارێکی زۆری هەبێت، کۆمەڵێک ڤیدیۆ کلیپ و گۆرانیی تۆمارکراوی هەیە، جگە لەوەش چەندین کۆنسێرتی لە شارە جیاوازەکان سازکردووە.